ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان
# کوردستان
www.kurdistanukurd.com
ژمارە ٧٧٦ ■ شەممە ٣١ی جۆزەردانی ١٣٩٩ _ ٢٠ی ژوئەن ٢٠٢٠
دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

## بڕیارنامەی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتومی لەدژی ئێران



شـوڕای بـڕیـاردەرانـی ئـاژانـسـی نێونەتەوەیی وزەی ئەتومی لە بڕیارنامەیەکی نوێدا کۆماری ئیسلامیی ئێرانی سەبارەت بە چالاکییە ئەتومییە ڕێگەپێنەدراوەکانی سەرکۆنە کرد.

ئەم بڕیارنامەیە کە ڕۆژی هەینی، ٣٠ی جۆزەردان پەسند کرا، یەکەمین بڕیارنامەی ڕەخنەگرانە لـەدژی ئـێـران لـە مـاوەی ٨ سـاڵی ڕابـردوویـە و، لەلایەن سێ وڵاتی ئەڵمان، فەڕانسە و بریتانیاوە گەڵاڵە کرابوو. لەم بڕیارنامەیەدا داوا لە ئێران کراوە ڕێ بە پشکێنەرانی ئاژانس بدا سەردانی بنکە ئەتومییەکانی ئەم وڵاتە کە چالاکیی جێ شکوگومانیان تێدا دەکرێ بکەن و، لە هەموو بوارێکدا هاوکاریی ئاژانس بکا.

ئامریکا پێشتر بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەک پشتیوانیی ڕەهـای خـۆی لـەو بـڕیـارنـامـەیـە دەربڕیبوو، بەڵام چین و ڕووسیە ڕایانگەیاندبوو کە دژی پەسندکرانی وەها بڕیارنامەیەکن. ئەو بڕیارنامەیە لە کاتێکدا پەسند کرا کە جەواد زەریف، وەزیری دەرەوەی ئێران ڕایگەیاندبووی پەسندکرانی بڕیارنامەکە ڕێ لە هەموو سازان و پێکهاتنی دواتریان دەگرێ.

### کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردستان:

# کۆرۆنا هاڕیوینی بەڵام بەرپرسان هەروا لە خەودان



**یەکێک لە سەرەتاییترین ئەرکەکانی دەوڵەت پاراستنی ماڵ و ژیانی خەڵکە لە کاتی قەیراندا، بەڵام حکوومەتی ئێران هیچ کام لەو ئەرکانەی جێبەجێ نەکردوون**

لە نێو کەمتەرخەمی و خەمساردییەکانی دەزگا دەوڵەتی و حکوومەتییەکاندا شەپۆلی دووهەمی کۆرۆنا ئێرانی گرتۆتەوە. کوردستان کە بەهۆی تایبەتمەندییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی و، هەروا پشتگوێخرانی لە سۆنگەی ڕوانگەی ئەمنیەتیی ڕێژیمەوە لە شەپۆلی یەکەمدا زیانی قورسی بەرکەوتبوو، لە شەپۆلی نوێی کۆرۆنادا لەبەردەم مەترسییەکی زۆر گەورەدایە. ئەوەش بەڕوونی لە ڕاگەیەندراوەکەی «کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردستان»دا ڕەنگی داوەتەوە.

لەو ڕاگەیەندراوەدا هاتوە کە کۆرۆنا لە ئێستادا خەریکە بە تێکڕا لەنێومان دەبا و بەربووەتە گیان و ماڵی هەموومان، بەڵام بەرپرسان هەروا لە خەودان و ناشیانەوێ لە خەو هەستن.

لە بەشێکی دیکەی ڕاگەیەندراوەکەدا هاتوە کە یەکێک لە سەرەتاییترین ئەرکەکانی دەوڵەت پاراستنی ماڵ و ژیانی خەڵکە لە کاتی قەیران و کارەساتەکاندا، هەروەها ڕاگەیاندنی دابڕگە و دابینکردنی مووچە و کەلوپەلی پێویست بۆ ئەم دۆخە لە سەرەکیترین ئەرکەکانی دەسەڵاتە کە بە داخەوە نەک جێبەجێ نەبوە بەڵکوو سەرجەم بڕیارەکانی دەسەڵات یارمەتیدەری بڵاوبوونەوەی زیاتری ڤایرۆسەکە بوون. ڕێکخراوە مەدەنییەکانی کوردستان هاوکات داوایان لە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی کردوە کە بە شێوەی فەرمی دابڕگە ڕابگەیەنن، مووچەی یەک مانگی کرێکاران و کەسانی هەژار و کەمداهات دابین بکەن بۆوەی خەڵک بتوانن بۆ مانگێک لە ماڵەوە بمێننەوە و خۆیان بپارێزن.

هەر بەپێی ئامارە ناڕاست و چەواشەکراوەکانی ڕێژیم هەتا ئێستا لە پارێزگای سنە نزیک بە ٣٠٠ کەس، لە پارێزگای کرماشان ٢٠٩ کەس و لە پارێزگای ورمێ ٣٢٧ کەس بە کۆرۆنا گیانیان لەدەست داوە. لە پارێزگای ئیلامیش ڕێژیم هیچ زانیارییەکی لەوبارەیەوە بڵاو نەکردۆتەوە. هەروەها سەدان زیندانی لە بەندیخانەکانی کوردستان پەتای کۆرۆنایان گرتوە و نیزیک بە ١٠ بەندکراوی کورد بەهۆی توشبوون بە کۆرۆناوە مردوون.

هاوکات بەهۆی کەمتەرخەمیی و نەبوونی کەرەستەی پێشگری لەبەرامبەر کۆرۆنادا دۆخی کادری دەرمانی نەخۆشخانەکانی شارەکانی کوردستان لە مەترسییدایە و کادری دەرمانی، پزیشک و پەرستارەکان مەترسیی جیدییان لەسەرە.

سەروتار

## ئاکامی سەبر و زەبری ئەمجارەیان؟

**عەلی بداغی**

بڕیارنامەی نوێی شوڕای بڕیاردەرانی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتومی لـەدژی ئـێـران وەرزێـکـی نـوێ لە پێوەندییەکانی ئێران و ئاژانس، هەروەها ئێران و شوڕای ئەمنییەتدا دەکاتەوە، هاوکات دەتوانێ وردە وردە چارەنووسی بەرجامی بێئەنجامیش بە لایەکیتردا بخا. ئەم بڕیارنامەیە لەم ڕووەوە گرینگە کە یەکەم بڕیارنامەی ئاژانس لەدژی ئێرانە کە دوای ٨ ساڵ پێوندیی ئارام و بێقرەی ئێران و ئاژانس، بەنیگەرانییەوە لە چالاکییە ئەتومییە شاراوەکانی ئێران دەڕوانێ و تانەی ئەوە لە ئێران دەدا کە بێتوو هاوکاریی هەمەلایەنەی ئاژانس نەکا؛ پەروەندەی ئێران دەچێتە سەر مێزی شوڕای ئەمنییەت. سەفەری جەواد زەریف، وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامی بۆ ڕووسیە و تورکیە و هەوڵە دیپلۆماسییەکانی دیکەشی نەیتوانی پێش بە ئەم ڕووداوە بگرێ.

ئەم ڕاپۆرتەی بەڕێوەبەری گشتیی ئاژانس کە خراوەتە بەردەستی ئەندامانی ئاژانس، تێیدا هاتوە ئێران زیاتر لە ٤ مانگە ڕێگەی بە پشکنینی دوو بنکەی گومانلێکراوی ئەتومیی نەداوە و ماوەی ساڵێکێشە خۆی لە هەر چەشنە وتووێژێک لەبارەی بەرنامە ئەتومیی لانیکەم ٢٠ ساڵ شاراوەکەی دەدزێتەوە. هەروەها پاشکەوتی ئۆرانیۆمی پیتێندراوی ئێران گەیوەتە ٥ هێندەی بڕی ڕێگەپێدراو لە بەرجامدا. بەمجۆرە ئەو بڕیارنامەیەی شوڕای بڕیاردەران پێوەندییەکانی ئێران و ئاژانسی چەند هەنگاوێک بۆ پێش کاتی بەرجام نیزیک کردەوە. لە ئێستادا ئێران کەمتر لە سێ مانگی کات هەیە هەموو داواکانی بەڕێوەبەری گشتی و شوڕای بڕیاردەرانی ئاژانس جێبەجێ بکا. لە ئەگەری ملبادانی ئێران، ئەم بابەتە دێتە نێو ڕاپۆرتی مانگی خەرمانانی "ڕافائێل گروسی" و یان شوڕای بڕیاردەران ناچار بە بڕیارنامەیەکی دی لە دژی ئێران دەکا؛ یان لە ئەگەری پەرەسەندنی گرژییەکاندا پەروەندەی ئێران دەدرێتە شوڕای ئەمنییەت. بێتوو ئەو پەروەندەیەش بچێتە شوڕای ئەمنییەت، بێ سێودوو هەموو سزاکانی پێشووی شوڕای ئەمنییەت لەدژی ئێران دێنەوە جێی خۆیان.

گەڕی نوێی گوشارەکان دژی ئێران هەر ئەوەندە نین. لە حاڵێکدا کەمتر لە چوار مانگ کات بۆ کۆتاییهاتنی سزاکانی شوڕای ئەمنیەت لە پێوەندی لەگەڵ مامەڵەی چەکوچۆڵ لەدژی...

درێژە لە لاپەڕەی ٢

### مافی مرۆڤ، دێموکراسی و کۆماری ئیسلامیی ئێران

عومەر باڵەکی

ل (٣)

### کاریگەریی شوناس و زمان لەسەر نەتەوە

شاهۆ مەتین

ل (٥)

### بایەخی مەعنەویی میراتی کولتووری لەسەر شوناس و نەتەخوازی

دیمانە: شەونم هەمزەیی

ل (٩)

### لە دیکتاتۆرییەوە تا دێموکراسی (مەترسییەکانی وتوێژ)

و: مەنسوور مروەتی

ل (١٠)

# ئەم مەشخەڵەی دژ بە تاریکی و دیکتاتۆری و بندەستی، بە گەشاوەیی دێڵینەوە

## (پەیامی ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی ٤٠ ساڵەی دامەزرانی «ڕادیۆ دەنگی کوردستان»ەوە)



### گوێگران و هۆگرانی دەنگە خۆشەویستەکەی خەباتی حەقخوازانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان!

٢٧ی جۆزەردانی ئەمساڵ، ٤٠ ساڵ بەسەر دامەزرانی ڕادیۆی دەنگی کوردستاندا، تێدەپەڕێ. "ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران" لە هەلومەرجێکدا لەدایک بوو کە حیزبی دێموکرات و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ئاکامی پێداگرییان لەسەر مافە نەتەوەییەکانی خۆیان، شەڕێکی هەمە لایەنە و نابەرامبەریان لەلایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە بەسەردا سەپابوو. هاوکات لە گەڵ لەشکرکێشی بۆ سەر کوردستان، خومەینی فتوای شکاندنی قەڵەمەکان و هێرش بۆ سەر ڕۆژنامە سەربەخۆ و ئازادەکانی ئێرانی دەرکردبوو. بەم جۆرە لە لایەکەوە شەڕێکی هەمە لایەنە بەسەر خەڵکی کوردستاندا سەپابوو، لە لایەکی دیکەشەوە، ڕێگاکانی گەیشتنی هەواڵ و ڕاپۆرتی تاوانەکانی ڕێژیم لە کوردستان و هاواری زۆرلێکراویی ئەو خەڵکەیان بە بەشەکانی دیکەی ئێران بەستبوو.

ڕێبەریی حیزبی دێموکرات بە ئاگاداریی لە گرینگیی ڕۆڵی ڕاگەیاندن و بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو بێدەنگی و خەفەقانەی ڕێژیمی تازە بەرامبەر بە خەڵکی مافخواز و شەڕ بەسەرداسەپاوی کوردستان پێکی هێنابوو، بیری لە وەڕێخستنی ڕادیۆ کردەوە. بەم جۆرە لە ٢٧ی جۆزەردانی ١٣٥٩ (١٧ی ژوئەنی ١٩٨٠)، ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران بە پەیامی ڕێبەری شەهید د. قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات، بەرەسمی بڵاوکردنەوەی بەرنامەکانی خۆی دەست پێکرد. ئەم ڕادیۆیە لەو کاتەوە هەتا ئێستا لە تیکۆشان و بڵاوکردنەوەی بەرنامەکانیدا بەردەوام بووە و، بووە بە خاوەنی مێژوویەکی پڕشنگداری جیانەکراوە لە مێژووی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە و خەباتی ڕزگاریخوازانەی حیزبی دێموکرات و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

دەنگی کوردستانی ئێران لە لایەک بەوهۆیەوە کە دەنگی خەباتی ڕەوا و پڕ لە قارەمانەتی و قوربانیدانی حیزبی دێموکرات بوو، لە لایەکی دیکە لە نەبوونی ڕاگەیەنێکی ئەوتۆ کە هەواڵ و ڕووداوەکانی کوردستان بە خەڵک بگەیەنێ، بەزوویی لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا جێی خۆی کردەوە. سەرەڕای لاوازی و کەموکورتیی ئیمکاناتی فەننی و یەک لەوان خودی دەزگا (فرستندە)ی ڕادیۆیی، لەگەڵ ئەوەشدا لە لایەن ڕێژیمی ئێرانەوە، بە چڕی و لە ناوچەی جۆراوجۆر پارازێتی دەخرایە سەر، بەڵام بەزوویی ئەم ڕادیۆیە ڕێگای خۆی بۆ نێو سەدان هەزار ماڵ _ئەگەر نەڵێین بە میلیۆن خەڵک_ کردەوە و گوێگرتن لە بەرنامەکانی، بوو بە بەشێک لە بەرنامەی ژیانی ڕۆژانەی خەڵک. هەواڵ و ڕاپۆرتی هێرش و تاوانەکانی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم و، بەرەنگاربوونەوەی هێزی پێشمەرگە لەگەڵیان، ڕەفتاری کاربەدەستان و ئۆرگانە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ خەڵک لە شار و گوندەکان، بەشێکی هەمیشەیی بوون لە نێوەرۆکی بەرنامەی ڕۆژانەی ئەو ڕادیۆیە. ئەوەش کە بەرنامەکانی ڕادیۆ بە زمانی فارسی و بۆ ماوەیەک بە زمانی ئازەرییش بڵاو دەبوونەوە، ژمارەی بەردەنگی ئەو ڕادیۆیە و پانتایی کاریگەرییە میدیایی و سیاسییەکەی زیاتر کردبوو.

شیکردنەوەی سیاسیی ئاڵوگۆڕەکانی ئێران و پرس و بابەتەکانی پێوەندیدار بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دووهەم ئەرکی ڕۆژانەی ڕادیۆی دەنگی کوردستان بوو. ئەم جۆرە باس و لێکدانەوانەش زیاتر کەسانێک دەیاننووسی کە لە ڕێبەران و سیما سیاسییەکانی حیزبی دێموکرات بوون. یەک لەو کەسایەتییانە ڕێبەری شەهید د. سادق شەرەفکەندی بوو کە توانایییەکی زۆری لە شیکردنەوە و باسکردنی مەسەلە گرینگەکان بە زمانێکی سادە، هەروەها لە دۆزینەوەی سووژە و بابەتی شیاوی شیکردنەوە و ڕوونکرنەوە بۆ کۆمەڵانی خەڵکدا هەبوو. ڕاستییەکەی ئەوەیە نەک هەر جەماوەری بەرینی گوێگری ڕادیۆ، بەڵکوو ئەندامان، پێشمەرگەکان و کادرەکان و تەنانەت بەرپرسانی حیزبییش، لە ڕێگای لێکدانەوە و وتارە سیاسییەکانی ئەم ڕادیۆیەوە، لە ڕووی سیاسییەوە، ڕێنوێنی دەکران و پەروەردە دەبوون.

کاریگەریی بەرنامەکانی ڕادیۆی دەنگی کوردستان، لە ڕووی نەتەوەیی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیشەوە، لە کاریگەرییە خەبەری و سیاسییەکەی کەمتر نەبوون. بایەخدانی ئەم ڕادیۆیە بە مێژووی نەتەوەی کورد و بۆنە نەتەوەییەکان، دڵسۆزی و هەستیاربوونەکەی لە ئاست زمانی کوردی و هاندانی خەڵک بۆ بەرگری لە زمان و شوناسی خۆیان، گرینگیدانی بە ئەدەبیات و گۆرانی و مۆسیقای کوردی، لە تەنیشت ئەمانەش لەقاودان و دژایەتیکردنی چەوساندنەوە و نەریت و ڕێوشوێنی دواکەوتووانە و دزێوی نێو کۆمەڵ بە تایبەت لە دژی ژنان، لەسەرهەستبوونی لە ئاست پەروەردەی منداڵ و لاوان و ئاوڕدانەوە لە پێویستییەکانیان، هەروەها بە شێوەی جۆراوجۆر وەستان لەسەر کێشە کۆمەڵایەتییەکان و وریاکردنەوەی چین و توێژ و بەشە جیاوازەکانی خەڵکی کوردستان لە ئاکامەکانی ناکۆکی و دووبەرەکیی خێڵەکی و ناوچەگەرییانە، یا لەسەر ئەساسی ئایین و زاراوە و هەر جیاوازییەکی‌تر، جێیەکی دیاریان لە نێو ئامانج و ئەرکەکانی ئەم ڕادیۆیەدا هەبووە.

**کاریگەریی بەرنامەکانی ڕادیۆی دەنگی کوردستان، لە ڕووی نەتەوەیی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیشەوە، لە کاریگەرییە خەبەری و سیاسییەکەی کەمتر نەبوون. بایەخدانی ئەم ڕادیۆیە بە مێژووی نەتەوەی کورد و بۆنە نەتەوەییەکان، دڵسۆزی و هەستیاربوونەکەی لە ئاست زمانی کوردی و هاندانی خەڵک بۆ بەرگری لە زمان و شوناسی خۆیان، گرینگیدانی بە ئەدەبیات و گۆرانی و مۆسیقای کوردی، لە تەنیشت ئەمانەش لەقاودان و دژایەتیکردنی چەوساندنەوە و نەریت و ڕێوشوێنی دواکەوتووانە و دزێوی نێو کۆمەڵ بە تایبەت لە دژی ژنان، لەسەرهەستبوونی لە ئاست پەروەردەی منداڵ و لاوان و ئاوڕدانەوە لە پێویستییەکانیان، هەروەها بە شێوەی جۆراوجۆر وەستان لەسەر کێشە کۆمەڵایەتییەکان و وریاکردنەوەی چین و توێژ و بەشە جیاوازەکانی خەڵکی کوردستان لە ئاکامەکانی ناکۆکی و دووبەرەکیی خێڵەکی و ناوچەگەرییانە، یا لەسەر ئەساسی ئایین و زاراوە و هەر جیاوازییەکی‌تر، جێیەکی دیاریان لە نێو ئامانج و ئەرکەکانی ئەم ڕادیۆیەدا هەبووە.**

دەتوانین بڵێین هەتا ئەو کاتەی تەلەڤیزیۆن نەهاتبووە نێو ڕیزی ڕاگەیەنەکانی حیزبی دیموکرات و بزووتنەوەی کورد، ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران، پشکێکی حاشالێنەکراوی لە بەرهەمهێنان و پەرەپێدانی ئەدەبیاتی بەرگری و هاندانی تەبایی نەتەوەیی و یەکگرتوویی لە نیو ڕیزەکانی خەڵکدا هەبوو.

ئەگەر حیزبی دیموکرات و خەڵکی کوردستان، ئەم قۆناخەی ئێستا تێپەڕێنن و، نەتەوەکەمان لەو بەشەی نیشتمانەکەی خاوەنی ماف و بڕیاری دیاریکردنی چارەنووسی خۆی بێ، حەق وایە لە یەکەم هەنگاوەکانیاندا، مووزەخانەیەکی تایبەت بۆ ئەرشیفی ڕادیۆی دەنگی کوردستان بکەنەوە. لە ماوی ٤٠ ساڵ تێکۆشان و بەردەوامیی ئەو ڕادیۆیەدا، دیارترین و کاریگەرترین ڕێبەران و تیکۆشەرانی حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستان، بە نووسین، بە پەیام و لێدوانی تایبەت یان وتوویژ، لە ڕێگای ئەم ڕادیۆیەوە قسەیان لەگەڵ خەڵکی کوردستان کردوە. ئەرشیڤی بۆڵتەنی خەبەریی ڕۆژانەی ئەم ڕادیۆیە و وتار و لێکدانەوە سیاسییەکانی، پانۆرامای مێژوویەکی بە خوێن نووسراون کە شایەدی بۆ خۆڕاگریی جێی شانازیی بزووتنەوەیەکی گشتگیر بەرامبەر ڕێژیمێکی دڕندە و خوێنڕێژ دەدەن. دەنگی دەیان و سەدان تێکۆشەر و قارەمانی نەتەوەکەمان، دەستنووسی دەیان و سەدان سیمای سیاسی و ڕووناکبیر، لە ئەرشیڤی ئەم رادیۆیەدا هەن و لەوانەیە یادگار و شوێنەواری هێندێک لەوان لە هیچ کوێی دیکە دەست نەکەوێ. ژیاننامەی سەدان فەرماندەری نیزامی و کادری سیاسی و هەزاران لاوی پێشمەرگە، ئەرشیڤی ئەم ڕادیۆیەیان دەوڵەمەند کردوە. زۆر لە گوێگرانی ئەم ڕادیۆیە شێعر و پەخشان و بیرەوەری و پرسیار و پێشنیار و جوانترین هەستەکانی خۆیان بە دەسخەتی خۆیان بۆ ئەم ڕادیۆیە ناردوە. ئەو ساتانەی جێگای تایبەتیان لە مێژووی حیزبی دیموکرات و نەتەوەی کورددا هەیە، لای ئەم ڕادیۆیە، شەقڵ و یادگاری تایبەت بە خۆیان جێ‌هێشتوە. تەنیا چاوخشاندنێک بەسەر لیستی دوور و درێژی ناوی ئەو کەسانەی وەک بەرپرس، بەڕێوەبەر، نووسەر، وەرگێڕ، بێژەر، ئەندازیار و کادری فەننی لەم ڕادیۆیەدا خزمەتیان کردوە، بەسە بۆ ئەوەی تێبگەین کە ڕادیۆی دەنگی کوردستان کۆکەرەوە و مەکۆی چ هێزێکی گەورە و بەتوانای ئینسانی بووە و، چ ڕۆڵێکی دیار و بەنرخی لە تێکۆشانی حیزبی دیموکرات و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان بە تایبەتی لە دەیەکانی ٦٠ و ٧٠ ی هەتاویدا هەبووە.

لە ٤٠ ساڵەی دامەزران و بەردەوامیی ڕادیۆی دەنگی کوردستاندا، وێڕای پیرۆزبایی ئەم یادە لە هەموو هۆگران، دڵسۆزان و پشتیوانانی سەردەمە جۆراوجۆرەکانی ئەم ڕادیۆیە، بە ڕێزەوە یادی زەحمەت و ماندووبوونی بەشدارانی نێو ئەو کاروانەی تێکۆشان لە هەموو ئاستێکدا دەکەینەوە. ئەوانەی شەهید بوون، یان بە مەرگی ئاسایی بەجێیان هێشتووین، سڵاو بۆ گیانی پاک و یادی نەمریان دەنێرین. هەوڵی ئێمە لە ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دیموکرات و لە بەڕێوەبەریی ڕادیۆی دەنگی کوردستان ئەوەیە ئەم دەنگە حەقخواز و هیواخولقێنە، هەر وا بەردەوام و بە گوڕ ڕابگرین و، لە ئێستا و قۆناغەکانی لەمەودوای خەباتی ڕزگاریخوازیی نەتەوەکەشماندا، ئەم مەشخەڵەی دژ بە تاریکی و دیکتاتۆری و بندەستی، بە گەشاوەیی بێڵینەوە.

**ناوەندی ڕاگەیاندنی**
**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**٢٧ی جۆزەردانی ١٣٩٩**

---

◆ درێژەی سەروتار

## ئاکامی سەبر و زەبری ئەمجارەیان؟

... مامەڵەی چەکوچۆڵ لەدژی ئێران بەردەستە، سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕاپۆرتێکدا ئاشکرای دەکا ئێران بڕیارنامەی ٢٢٣١ی شورای ئەمنیەتی پێشێل کردوە. هەروەها ئەو مووشەک و کەرەستە سەربازییانەی لە پەلامارەکانی ئەمساڵ و ساڵانی پێشوودا فڕۆکەخانە و بنکە نەوتی و نیزامییەکانی عەرەبستانی کردوەتە ئامانج، ئاخێزگەیان ئێران بووە. ئەوانەش لە جێی خۆیدا ڕێگا بۆ هەوڵەکانی ئەمریکا بۆ درێژکردنەوەی ئەو سزاگەلەی لە سێزدەساڵی ڕابردوودا لەسەر ئێران بووە، خۆش دەکا. هەروەها لێکەوتەی دیکەشی بۆ ئێران دەبێ.

یەکەم ئەوەی ئەمە یەکەمجارە سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بەرەسمی ڕادەگەیەنێ چەکوچۆڵی بەکارهاتوو لە دژی عەرەبستان پێوەندییان بە ئێرانەوە هەیە و بێتوو عەرەبستان لەو بارەوە داوخوازی هەبێ _کە دیارە دەیبێ_ ئێران دەبێ وەڵامدەر بێ و تێچووی سیاسی و ماددیی ئەم کردەوەیەی بدا. هەروەها سبوتبوونی ناردنی چەکوچۆڵ بۆ حوسییەکانی یەمەنیش لەسەر ئێران بە مانای پێشێلکردنی بڕیارنامەی ٢١٤٠ی شورای ئەمنییەت دێ کە ئەویش ئێران بەرەوڕووی سزا دەکاتەوە.

گرینگییەکی دیکەی ئەم ڕاپۆرتە لاوازکردنی هەڵوێستی ڕووسیە و چینە کە هەتا بە ئێستاش دژی درێژکردنەوەی سزاکانی سەر ئێرانن. ڕۆڵی ئورووپاش لەم نێوەدا ئاڵقەی جۆشی هەڵوێستە لێکدوورەکانی ئەمریکا لەلایەک و ڕووسیە و چینە لەلایەکی دی. بەو مانایە لەلایەک ئەمریکا قایل بەوە بکا کە سزاکان هەمیشەیی نەبن و چین و ڕووسیەش کە خوازیاری فرۆشتنی چەکوچۆڵ بە ئێرانن، بڕیارنامەکە لە شورای ئەمنییەتدا ڤیتۆ نەکەن. ئەمەش بەو لەنگەرگرتنەی لە گەڵاڵە نوێیەکەدا هاتوە و دەتوانێ بەرژەوەندی و ئامانجەکانی هەموو لایەنەکان _ئێرانی لێ بترازێ_ دابین بکا. لەو نێوەدا تاکەهیوای کاربەدەستانی ئێران دۆڕاندنی دۆناڵد ترامپ لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماریی ئەمریکا لە پاییزی ئەمساڵدایە. جۆ بایدەن، جێگری باراک ئۆباما، سەرۆککۆماری پێشووی ئەمریکا کە ڕکەبەری ترامپ لە هەڵبژاردنەکانە، وادەی ئەوەی داوە لەئەگەری سەرکەوتنی بەسەر ترامپدا؛ بێتوو ئێران بەرعۆدەی دەروەستییەکانی پێشووی بێ، بە هێندێک تێبینییەوە دێتەوە نێو بەرجام.

بەڵام بارودۆخ لە وڵاتانی عێراق، لوبنان و سووریەش وەک حەسارخەڵوتەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران چ بەدڵی ئەم وڵاتە ناچێتە پێشێ. سەرهەڵدانەوەی نارەزایەتییەکان لە لوبنان، پاشەکشەی بەناچاری کۆماری ئیسلامی لە ستاتووی پێشووی لە عێراق و، خرانە بواری جێبەجێکردنی سزاکانی ئەمریکا لەدژی سووریە؛ پێگەی ئێرانی تا ڕادیەکی زۆر لە ناوچەدا لاواز کردوە. کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆی وڵاتیشدا بەهۆی کەڵەکەبوونی قەیرانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان و ناکارامەیی ڕێژیم لە چارەسەرکردنیان لەگەڵ پەلهاویشتنی بزووتنەوە ئێعترازییەکان بەرەوڕوویە کە لە ئێستادا بە کەڵکی خراپ وەرگرتن لە پەتای کرۆنا توانیویەتی تارادەیەک پێشیان پێ بگرێ. بەڵام لێی سوور و عەیانە بزووتنەوە سیاسی، مەدەنی، شوناس‌خوازی و ئێعترازییەکانی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران کە لە چوار دەیەی ڕابردوودا و، سەرەڕای سیاسەتی زەبروزەنگ و کوشتار و تێچووی گیانی و ماڵیی زۆری بۆ خەڵک نەوەستاوە؛ بەوەندە ناوەستێ و خەباتی گەلانی ئێران تا گەیشتن بە گۆڕانکارییە بنەڕەتییەکان درێژەی دەبێ.

ئەم بزووتنەوانە ئەگەرچی بەهۆی توندوتیژیی ڕەهای دەسەڵات و نەبوونی ستراتیژی و هاوهەنگاویی و پێکەوەیی بەکردەوەی بزاوتە جۆراوجۆرەکان هەتا ئێستا ئاکامی یەکلاکەرەوەی لێ وەرنەگیراوە؛ بەڵام بەپێوەن و کۆڵیان نەداوە. بۆیە بارودۆخی لەرزۆکی کۆماری ئیسلامی لە هاوکێشە ناوچەیی و جیهانییەکان و ناکارامەیی لە قەیرانە گەورە و بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگەدا زەرووڕەتێکی مێژوویی بۆ ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی دروست دەکا، کە ئەویش ڕێککەوتن و ساغبوونەوە لەسەر هەندێ بنەڕەتی هاوکاری و هاوپەیمانییە. پێش هەموو شتێکیش دەکرێ تێپەڕین لە تەواوەتیی کۆماری ئیسلامی، سازان لەسەر فۆرمی ئیدارەی وڵات لە قۆناغی تێپەڕین و دارشتنەوەی پێکهاتە و جۆری نیزامی سیاسیی داهاتووی وڵات بنەڕەتی ئەو ئەرکانە بێ.

# مافی مرۆڤ، دێموکراسی و کۆماری ئیسلامی


عومەر باڵەکی




مافی مرۆڤ هەروەکی لە ناوەکەی دەردەکەوێ تایبەت بە مرۆڤە، واتا مرۆڤەکان لە سەرانسەری دنیا ناتوانێ ئەم مافە خەوشدار، یا بە هۆکاری جۆراوجۆر جیاوازی بخاتە نێوان مرۆڤەکان و مافەکانیان پێشێل بکا. بە پێناسەیەکی دیکە مافی مرۆڤ، مافێکە نە دەستێندرێتەوە و نە دەبخشرێ بە کەسانی دیکە، ئەم مافە لەگەڵ مرۆڤ لەدایک دەبێ و لێی جیا نابێتەوە. هەر بۆیە دەتوانین بڵێین دەوڵەتەکان، پەیماننامەکان و قانوونە نێونەتەوەیی و نێوخۆیی وڵاتەکان، ناتوانن هۆکار بن بۆ دەسنیشان کردنی، بەڵکوو تەنیا دەتوانن هۆکارێکی گرینگ بن بۆ پاراستن و ڕێگری لە پێشێلکردنی ئەو مافانە. لە هەر وڵات و سیستمێکدا ڕەچاوی پاراستنیان نەکرێ، هاووڵاتیی پلە یەکی و دووی لێ دەکەوێتەوە و، قانوونەکانی ئەو وڵاتە لەگەڵ فەلسەفەی مافی مرۆڤ هاوسەنگ نابێ و ئەو کۆمەڵگەیە قەت ڕووی ئارامی و ئاشتی بە خۆیەوە نابینێ.

دێموکراسی تەواوکەری مافی مرۆڤە و لە بەستێنی ژیاندا یەکتر بەهێز دەکەن. بە واتایەکی دیکە دێموکراسی بناغەیەکە کە لەسەر بنەمای ئەو، مافی مرۆڤ بە باشترین شێوە بەڕێوە دەچێ و دەپارێزرێ. لە سەردەمی ئێستادا ئەو دەوڵەت و نیزامە سیاسییانەی بە شێوەی دێموکراتیک بەڕێوە دەچن توانای پاراستن و بەڕێوەبردنی مافی مرۆڤیان هەیە و، دەتوانن ئاشتیی ڕاستەقینە دەستەبەر بکەن.

لە نیزامە دێموکراتیکەکاندا، خەڵک لە چوارچێوەی سیاسی و قانوونییدا یەکسانن. لەو نیزامانەی کە لە ڕێگای دێموکراسییەوە دەسەڵات دەستاودەست دەکا، دەسەڵاتداران هەست بە بەرپرسایەتی لە بەرامبەر خەڵکدا بە ئەرگی خۆیان دەزانن و حکوومەت لەو جۆرە نیزامانەدا بەردەوام سەرچاوەکانی دێموکراتیک بوونی خۆی نوێ دەکاتەوە. بەڵام لە نیزامی کۆماری ئیسلامییدا کە سەرچاوەی دەسەڵاتی خۆی دەبەستێتەوە بە ئاسمان و خۆی بە نوێنەری خوا دەزانێ، هیچ بایەخێک بە مرۆڤ و مافەکانی دانانێ و بە هەموو شێوەیەک پێشێلی ئەو مافانە دەکا.

لە کۆماری ئیسلامییدا باوەڕی دامەزرێنەرانی ڕێژیم، ئەسڵ و مادە و بڕگەکانی قانوونی بنەڕەتیی ئەو نیزامەیە. ئەگەر چاو بە بڕگەکانی قانوونی بنەڕەتی و مەدەنیی سزادانی ئیسلامیی ئێراندا بگێڕین بە زەقی و ئاشکرا ئەو دژایەتییە لەگەڵ پێوانەکانی دێموکراسی و مافی مرۆڤ دەبیندرێ. بە پێی قانوونی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی مافەکان و ئیمتازاتی نێو دامودەزگای ئیداریی ئێران بە پێی دین و مەزهەب دیاری کراوە، واتا ئەگەر کەسێک موسوڵمان بێ بە چەند هەنگاو لە پێشترە لە کەسێکی ناموسوڵمان و، ئەگەر شێعەی دوازدە ئیمامی و باوەڕمەند بە ویلایەتی ڕەهای فەقیهـ بێ ئەوە لە برا موسوڵمانە ناشێعەکەی خۆی لە پێشترە.

ئەوەش دژایەتییەکی ئاشکرایە لەگەڵ جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ کە نزیک بە تەواوی وڵاتان کە کۆماری ئیسلامییش یەک لەوانە قەبووڵیان کردوە و، پێبەندیی خۆیان بە بەڕێوەبردن و پاراستنی ئەم مافانە دەربڕیوە.

بۆ نموونە لە مادەکانی (١، ٢، ٣ و ٧)-ی ئەم جاڕنامەیەدا هاتوە: "هەموو مرۆڤەکان بە ئازادی لەدایک دەبن و لە کەرامەت و مافەکانیان لەگەڵ یەکتر بەرابەرن." "هەرکەس دەتوانێ بەبێ هیچ جیاوازی دانانێک بە تایبەتی لە باری نژاد، ڕەنگ، ڕەگەز، زمان، دین و بیروڕای سیاسی و هەر باوەڕێکی دیکە، هەموو ئەو ماف و ئازادییانەی هەبێ کە لەو بەیاننامەیەدا هاتوون." "هەر مرۆڤێک مافی ژیان، ئازدی و ئەمنیەتی تایبەتی خۆی هەیە." "ئینسانەکان لە بەرامبەر قانوونەکاندا یەکسانن و مافی ئەوەیان هەیە وەک یەک لە لایەن قانوونەوە پشگیرییان لێ بکرێ." بەڵام لە نیزامی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا مرۆڤ لەو مافانە بەهرەمەند نییە، بەڵکوو ئەوەی لە پێش پاراستنی مافی مرۆڤە، دین و مەزهەب و باوەڕ بەو نیزامەیە؛ دەتوانین بڵێین لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی نیزامی کۆماری ئیسلامییدا مافەکان بە پێوانەی دین و مەزهەب و توانەوە لە ویلایەتی ڕێبەردا دەسنیشان دەکرێن.

لە ڕوانگەی ڕەگەزیشەوە قانوونەکانی ئێران بە تەواوی دژایەتییان لەگەڵ پێوەرە جیهانییەکانی مافی مرۆڤدا هەیە، بۆ نموونە بە پێی ئەسڵەکانی قانوونی بنەڕەتیی ئێران، ژن ناتوانێ ئەو پۆستە گرینگانەی حکوومەت بەدەستەوە بگرێ. پۆستی ڕێبەری، سەرکۆماری، لەشکری و دادوەری، لەو پۆستانەن. لە حاڵێکدا لە سەردەمی ئێستادا دەبینین بەشێکی بەرچاو لە وڵاتانی دنیا کە هەندێکیان کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر ئاڵوگۆڕە سیاسی و ئابوورییەکانی جیهان هەیە، لە لایەن ژنانەوە بەڕێوە دەچن. ئەو هەڵاواردنانە بە نیسبەتی ژنان تەنیا لەو چەند بابەتەدا کورت نابێتەوە، بەڵکوو لە بەرچاو نەگرتنی مافەکانی ژنان وەک ڕەگەزی بەرامبەری پیاوان هەموو تانوپۆی قانوونەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی گرتۆتەوە؛ لە گرێبەستی هاوسەرییەوە بگرە هەتا خوێن‌بایی و شایەدی و میرات و ...

لە بەشی یەکەمی پێشەکیی ئەم قانوونەدا هاتوە "اصول و ضوابط اسلامی" وەک بنەمای قانوونی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە و، لە ئەسڵی چواریشدا دووپاتی ئەو بابەتە دەکاتەوە و دەڵێ: "هەموو قانوون و ڕێوشوێنەکان لە کۆماری ئیسلامییدا دەبێ لەسەر ئەساسی ڕێوشوێنی ئیسلامی بن" و لە بەشی سێهەمی ئەو قانوونەدا کە تایبەت کراوە بە مافی میللەت دیسان پێداگری دەکاتەوە لەسەر ئەو پێبەندییە و، لە کۆتایی زۆربەی ئەسڵەکاندا مەرجی دژایەتی نەکردن لەگەڵ ئەو بنەمایە دێنێتەوە.

هەر ئەو بەستنەوەیە بە بنەمای ئایین و مەزهەبێکی تایبەت، پێچەوانەی ڕۆحی جاڕنامەی مافی مرۆڤە، لە هەمان کاتیشدا ئەو بنەما و ڕێوشوێنانە ئیسلامییانە کە باسی لێ دەکرێ ڕوون نەکراونەتەوە. بۆیە دەبینین لە دادگاکانی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا دادوەرەکان بە تێگەیشتنی خۆیان بڕیار دەردەکەن و، بەم شێوەیە لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا بە هەزاران کەسی جیابیر بە تاوانی "محاربە" و "مفسد فی الارض" ئێعدام کراون؛ بەبێ ئەوەی ڕوون بێتەوە ئەو تاوانانە چۆن خراوەتە پاڵیان و مەبەستی دادوەر و قانوون‌دانەری کۆماری ئیسلامی لە موحارەبە چییە؟

نموونەیەکی دیکە لە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ تەفسیری قانوونی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامییە کە بەرپرسایەتیی کەوتۆتە سەر شانی شۆڕای نیگەهبان، لە دوازدە ئەندامی ئەو شۆڕایە شەش کەسیان ڕاستەوخۆ ڕێبەر دایان‌دەنێ و، هەر کاتێک چوار لەو شەش کەسەش لەسەر تەفسیری بابەتێکی قانوونی ساغ ببنەوە، حوکمی قانوون وەردەگرێ و لەسەر هەموو دامودەزگاکانی دیکەی کۆماری ئیسلامییە کە بەبێ ئەملا و ئەولا ئەو قانوونە بەڕێوە بەرن. ئەوە لە حاڵێکدایە لە وڵاتانی دێموکراتیک، ناوەندی قانوون دانان پارلمانی ئەو وڵاتانەیە کە ئەندامەکانی ڕاستەوخۆ لە ڕێگای خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن و پەسەندی قانوونەکانیش لەو پارلمانانە لە بەرژەوەندیی خەڵکدایە. لە ئەسڵی ٩٣-ی قانوونی بنەڕەتییدا هاتوە: "مەجلیسی شۆرای ئیسلامی بەبێ بوونی شۆرای نیگەهبان ئیعتباری قانوونی نییە".

لەم سەردەمەدا کە سەردەمی وشیاریی خەڵکە، نیزامی سیاسیی وڵاتێک سەر دەکەوێ کە بتوانێ خۆی لەگەڵ وەزعی سەردەم بگونجێنێ و، قانوونەکانی هاوتەراز بکا لەگەڵ قانوونە نێونەتەوەییەکان بۆ ئەوە پێشگیری بکا لە سەرهەڵدانی قەیرانی سیاسیی، ئابووری و ئینسانی. یەکێک لە پێناسەکانی حکوومەتی نادێموکراتیک، بوونی قەیرانی جۆراوجۆر لە نێوخۆی وڵاتەکەیە. کۆماری ئیسلامی یەکێک لەو نیزامە سیاسییانەیە کە قەیرانی جۆراوجۆری بەسەر گەلانی ئێراندا سەپاندوە. کۆمەڵێک لەو قەیرانانە بە هۆی سیاسەتی هەڵەی هەناردەکردنی شۆڕش و دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی ناوچەکە و، پشتیوانی لە گرووپە توندئاژۆ ئیسلامییەکان لە سەرانسەری دنیا، داننەنان بە بوونی نەتەوەکان وەک نەتەوە و چارەسەرنەکردنی پرسی ئەو نەتەوانە و، تەنانەت سەپاندنی شەڕ بەسەریاندا، سەریان هەڵداوە و کاریگەریی ڕاستەوخۆیان هەبووە و هەیە لەسەر سەرهەڵدانی قەیرانە نێوخۆییەکان و، ئەوە بێجگە لەو قەیرانانەیە کە بە هۆی قانوونە پەسەندکراوەکانی کۆماری ئیسلامی بەرۆکی خەڵکی ئێرانیان گرتوە.

ئەوقەیرانانە کاتێک بەرۆکی کۆمەڵگەی ئێران بەر دەدەن کە دەسەڵات و سیستمی سیاسی، مل بۆ دێموکراسی و مافی مرۆڤ ڕابکێشن و نیزامی بەڕێوەبردنی وڵات لەسەر بنەماکانی دێموکراسی و مافی مرۆڤ بونیاد بندرێ و، دەسەڵاتداران قەبووڵی ئەو ڕاستییە بکەن کە ئێران وڵاتێکی فرە نەتەوە و ئائین و مەزهەبە و، تەنیا یەک نەتەوە و یەک دین و یەک مەزهەب مافی ئەوەی نییە دەسەڵاتی سیاسی و بەڕێوەبەریی ئێران بە دەستەوە بگرێ؛ بەڵکوو هەموو نەتەوە و دین و مەزهەبەکان پێویستە بەقانوون دانیان پێدا بندرێ و بەشدارییان پێ بکرێ.

بەواتایەکی دیکە بە سەرنجدان بە پێکهاتەی چەند نەتەوەیی ئێران، دێموکراسی و پاراستنی مافی مرۆڤ یەکێک لە ڕێکارە دروستەکانی پێکەوە ژیانی ئاشتییانەی ئەو نەتەوانەیە، بە پێچەوانەی ئەوە ئەگەر تەنانەت دەسەڵات قەیرانە دەرەکییەکانیش بۆ ماوەیەکی کاتییش بووبێ چارەسەر بکا، قەیرانە نێوخۆییەکان زیاتر گەشە دەکەن و پێکەوە ژیانی ئاشتییانەی نەتەوەکانی پێکهێنەری ئێران زیاتر توشی هاڵۆزی وکێشە دەکەن. هەر بۆیە نیزامی سیاسی کە دەسەڵاتی بەڕێوەبەریی ئێران دەگرێتە ئەستۆ، دەبێ توانای دابینکردنی هەموو ئەو ماف و ئازادییانەی هەبێ کە مافی نەتەوەکانی پێکهێنەری ئێرانە.

***

> **نموونەیەکی دیکە لە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ تەفسیری قانوونی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامییە کە بەرپرسایەتیی کەوتۆتە سەر شانی شۆڕای نیگەهبان، لە دوازدە ئەندامی ئەو شۆڕایە شەش کەسیان ڕاستەوخۆ ڕێبەر دایان‌دەنێ و، هەر کاتێک چوار لەو شەش کەسەش لەسەر تەفسیری بابەتێکی قانوونی ساغ ببنەوە، حوکمی قانوون وەردەگرێ و لەسەر هەموو دامودەزگاکانی دیکەی کۆماری ئیسلامییە کە بەبێ ئەملا و ئەولا ئەو قانوونە بەڕێوە بەرن. ئەوە لە حاڵێکدایە لە وڵاتانی دێموکراتیک، ناوەندی قانوون دانان پارلمانی ئەو وڵاتانەیە کە ئەندامەکانی ڕاستەوخۆ لە ڕێگای خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن و پەسەندی قانوونەکانیش لەو پارلمانانە لە بەرژەوەندیی خەڵکدایە.**

# لەکزی‌دانی شۆقی هیلالە شیعییەکەی کۆماری ئیسلامی


جەمیل سەرمەستی

ناسیونالیزمی فارسی_شیعی لەو کاتەوەی خۆیان ناسیوە، بەردەوام لە سێ ڕەهەندەوە هەوڵی فراوانکردنی دەسەڵاتی خۆیان داوە و لە بارودۆخ و قۆناغگەلی جیادا لەهەر ڕێیەکەوە بۆیان گونجابێ هەوڵی بەرفراوان کردنەوەی هێژموونی دەسەڵاتی خۆیان داوە. ئەوان لە ڕاستیدا وەکوو ناسیونالیزمێکی هێرشبەر، لەسەر سێکوچکەی ئەفسانە و ئۆستوورەسازی، مەزهەب و زمان؛ فراوانخوازییەکەیان تا ئەم سەردەمەش درێژەی هەیە. بەتایبەت پاش هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی ئەم هێژمۆنیخوازییە بە پێناسەی مەزهەبییەوە ئاقارێکی دیکەی بڕی، ئەویش خەیاڵی دروستکردنی هیلالی شیعی کە خومەینی لە جەمارانەوە چاوی بڕیبووە کەربەلا و لەوێوە لە قودسی دەڕوانی. گەیشتن بەو خەونە بە سەرکوت و کوشتاری دژبەرانی ئەو بیرە و نەتەوە و ئایین و مەزهەبە جیاوازەکان لە نێوخۆ و دەرەوەی ئێرانیش دەستی پێکرد کە شەڕ لەگەڵ عێراق و شەڕی کوردستان دوو دیاردە لە دەیان دیاردەی ئەم پلانەنن.

بێگومان فراوانخوازی یان هەر سیاسەتێکی هێرشبەرانە تێچووی خۆی هەیە و بەئاسانی پێگەیشتنی مەحاڵە. لە ڕاستیدا دەسەڵات و زانست یان مەعریفەش دووانەی لێک دانەبڕاون، بەڵام جوغرافیایەکی پان و بەرین بە ناوی دروستکراوی ئێران وەکوو وڵاتێکی دەوڵەمەند و پڕ پیت کەوتبووە ژێردەستی ئەو دەسەڵاتدارە ملهوڕ و مەزهەبییانەی کە ئەمجارە و بە ڕوانینێکی ئیدۆلۆژییەوە بەبێ سەرنجدان بە چۆنیەتیی ژیان و گوزەرانی خەڵک و بیرکردنەوە لە داهاتووی وڵات، تەنیا لەبەر مانەوەی خۆیان لەسەر کورسی دەسەڵات و زیادبوونی پانتایی دەسەڵاتێکی خەیاڵی و وەهمی کە نە باوی ماوە و نە دەگونجێ، بەشیکی زۆری سەروەت و سامانی ئەم وڵاتەیان بە ناوی ئیسلام و شیعەگەرییەوە لەو وڵاتانە خەرج کرد کە خەڵکەکەی یان بەشێک لەوان شیعە مەزهەبن. سەدان میلیارد دۆلار لە داهاتی خەڵکی ئێران خەرجی ئاژاوەنانەوە و دروستکردنی گرووپ و میلیشیا بۆ دەست بەسەر داگرتنی پێتەختەکانی عێڕاق، یەمەن، لوبنان و سووریە کرا.

ئەوەی ئێستا ڕێژیم دوای چوار دەیە هەڵی دەگرێتەوە پێچەوانەی ئەم هەموو خەرج کردنەیە کە بۆی دانابوو. کەڵەکەبوونی قەیرانە نێوخۆییەکان لە سۆنگەی ناکارامەیی دەسەڵات و وەلانانی خەڵک و مافەکانیان، هەموو چینو توێژەکانی کۆمەگەی بەدژی ڕێژیم ڕێک خستوە. وشیاریی سیاسیی گەلانی ناوچە و ناسینی کۆماری ئیسلامیش بووەتە هۆی پەرەسەندنی بیری شوناسخوازی لەم وڵاتانەدا و بەگژداچوونەوەی هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ بەستراوەکردن و تێکدانی ئەمنیەتی نێوخۆییان؛ بۆیە دەبینین کە نفووزی ئێران لە ناوچە هەر دێ و لە کزی دەدا.

نارەزایەتییەکانی چەند ساڵی ڕابردوو لە عێراق، سووریە، لوبنان و ئەفغانستانیش بە دەستێوەردانەکانی کۆماری ئیسلامی کە هیچ تەبایییەکی لەگەڵ تەناهی و بەرژەوەندییەکانی ئەم وڵاتانە نییە، هەر دێ و پتر دەبن. بە چەشنێک کە هەر ئەو پیرۆزییانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە ناوی مەزهەبەوە بەو خەڵکەی دەفرۆشت، لە ئێستادا بێزڕێزی پێدەکرێ و بۆتە مایەی ڕق و قینی خۆپێشاندەرانی ئەو وڵاتانە. سروشتییە ئەوان نایانەوێ وڵاتێک وەکوو ئێرانیان هەبێ کە لە ژێرسێبەری دەسەڵاتی ئاخوندەکاندا هیچ ماف و ئازادییەکەیان نەبێ. بۆیە بەئاشکرا داوای چوونەدەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران لە وڵاتەکەیاندا دەکەن و ئەو ڕێژیمە بە هێمای ئاژاوە و نەگبەتی و شەڕ و دزی و گەندەڵی و دواکەوتوویی بۆ وڵاتەکەیان دەزانن.

بەمجۆرە کۆماری ئیسلامی چ لە نێوخۆ و چ لە دەرەوەش ڕەنج بە خەسار چوو. ئەو هیلالەی کە ئەو هەمووە خەڵکەی بۆ بە کوشت دا و بە تێرۆر و پشتیوانی لە تێرۆریزم دەستی بە خوێنی میلیۆنان خەڵکی جیهان سوور کرد، بێ شۆق و ڕووناکییە. ئەمە بێجگە لە بارودۆخی نێوخوی ئێران کە خەڵکەکەی لەم دواییانەدا ترسیان لە دیکتاتۆر نەماوە و بوونەتە هێزێکی تۆقێنەر و بەرەوڕووی کۆماری ئیسلامیی ئێران بوونەتەوە و کۆشکی دەسەڵاتدارەکانیان وە لەرزە خستوە. ئێستا کێیە نەزانێ کە ژیانیکی مرۆڤانە و ئازاد لە ئێران پێش هەموو شتێک بە نەمانی دەسەڵاتی ئاخوندەکان لەو وڵاتە وەدی دێ، باوەڕێک کە خەریکە لە پانتایی هەموو وڵاتدا گشتگیر دەبێ و خەباتی بۆ دەکرێ.

# ڕێژیمی سیاسیی ئێران لە نێوان ئۆتۆریتاریزم و تۆتالیتاریزمدا

## (دەسەڵاتەکان لە هەیکەلی کۆماری ئیسلامییدا)

**(٢٢-٦)**



دیلان هەردی

### دەسەڵاتی جێبەجێکردن (قوە مجریە)

دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە کۆماری ئیسلامیدا، ئیلهامی لە کۆماری پێنجەمی فەڕانسە وەرگرتووە، بەڵام کۆمەڵێک گۆڕانکاریی بنەڕەتیی تێدا کراوە. دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە لایەن سەرکۆمارەوە ئیدارە دەکرێ، بەڵام لەژێر کۆنترۆڵی وەلی فەقیهـ دایە. بەپێی مادەی ١١٤ی قانوونی بنەڕەتی، سەرکۆمار بە دەنگی خەڵک بۆ ماوەی ٤ ساڵ هەڵدەبژێردرێ و تەنیا دوو خول دەتوانێ لە پشت سەری یەک خۆی کاندید بکا. هەروەها بە پێی مادەی ١١٥، سەرکۆمار دەبێ کەسێکی "ئایینی و سیاسی بێ". بەربژێرەکانی سەرکۆماری دەبێ لە لایەن شوڕای نیگابان و لە کۆتاییشدا لە لایەن ڕێبەری کۆماری ئیسلامییەوە پەسند بکرێن (لە هەڵبژاردنی ساڵی 1396دا لە نێوان ١٦٣٠ بەربژێردا، تەنیا ٦ کەس لە لایەن شوڕای نیگابان و ڕێبەرەوە پەسند کران کە لەنێو ڕەتکراەکاندا، ناوی مەحموود ئەحمەدینەژاد، سەرکۆماری پێشوو، و دەیان کەسایەتیی سیاسیی پێشووی کۆماری ئیسلامی وەکوو وەزیر و جێگری سەرکۆمار و سەرۆکی دامەزراوە دەوڵەتییەکان وەبەر چاو دەکەون). بە پێی مادەی ١٢٢ی قانوونی بنەڕەتی، سەرکۆمار لە بەرامبەر ڕێبەری کۆماری ئیسلامی و مەجلیسدا بەرپرسیارە. دەسەڵاتی سەرکۆمار لە لایەن دامەزراوە ئایینییەکانەوە سنووردار کراوەتەوەو پارلمانو ڕێبەر بۆیان هەیە سەرکۆمار لە سەر کار لا بدەن. پاڕلمان بە دەنگی ٢ لە سەر ٣ی ئەندامانی دەتوانێ بە هۆی ناکارامەیی، سەرکۆمار لە کار لابدا (ساڵی ١٣٦٠ ئەبولحەسەن بەنیسەدر، یەکەم سەرکۆماری ئێران، بەو شێوەیە لە سەر کار لادرا). بە پێی مادەی ١٣٠ی قانوونی بنەڕەتی، دەست لە کار کێشانەوەی سەرکۆمار دەبێ لە لایەن ڕێبەرەوە پەسند بکرێ و بەبێ ڕەزامەندیی ڕێبەر، سەرکۆمار ناتوانێ دەست لە کار بکێشێتەوە. لە دوای ساڵی ١٣٦٨ـەوە کە پۆستی سەرۆکوەزیران هەڵگیراوە، سەرکۆمار لە بەرامبەر مەجلیسدا بەرپرسیارە و وەزیرە دەستنیشانکراوەکان لە لایەن سەرکۆمارەوە پێویستیان بە دەنگی مەجلیسە. سەرکۆمار بەبێ ڕاوێژ و هاوکاری لەگەڵ ڕێبەر، بۆی نییە سیاسەتی نەتەوەیی و نێونەتەوەیی دیاری بکا. پۆستی سەرکۆماری لە ئێران، لە ڕادەبەدەر گرێدراوی کەسایەتییە سیاسییەکانە. بەهۆی دەستێوەردانەکانی ڕێبەر لە کاروباری دەسەڵاتی جێبەجێکردندا، پەیوەندیی نێوان سەرکۆمارەکان بەتایبەت میانەڕەوەکان لەگەڵ ڕێبەردا بەردەوام کێشەی تێدەکەوێ، بەڵام سەرکۆمار خاوەن دەسەڵاتێکی قانوونیی بەهێز نییە کە بتوانێ پێش بە دەستێوەردانەکانی ڕێبەر بگرێ. ئەوەش سەلمێنەری ئەوەیە کە گۆڕینی سەرکۆمار تەنانەت بە دەنگی ڕاستەقینەی خەڵکیش ناتوانێ گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ لە وڵاتدا دروست بکا، بە تایبەت لە بواری سیاسیدا. لە نێوان ساڵەکانی ١٣٧٦ هەتا ١٣٨٤، لە ماوەی سەرۆکایەتیی محەممەد خاتەمی وەکوو کەسێکی میانەڕەو، لەگەڵ ئەوەشدا کە پشتیوانیی زۆرینەی نوێنەرانی پاڕلمانی هەبوو، بەڵام نەیتوانی ئەو بەڵێنانەی جێبەجێ بکا کە پێشتر بۆ دروستکردنی گۆڕانکاری بە خەڵکی دابوون. سەرکۆمار وەکوو کەسی یەکەمی دەسەڵاتی جێبەجێکردن، نەک هەر مافی ئەوەی نییە گۆڕانکاریی بنەڕەتیی بکا، بەڵکوو هەر گۆڕانکارییەکی‌تر کە بیهەوێ ئەنجامی بدا، ئەگەر مەجلیسیش پشتیوانیی لێ بکا، دەبێ شوڕای نیگابان و ڕێبەر پەسندی بکەن بۆ ئەوەی لەگەڵ ئایدۆلۆژیای ویلایەتی فەقیهـ سازگار بێ. گۆڕانکاریی قانوونی و پێداچوونەوە بە قانوونی بنەڕەتی تەنیا لە دەستی ڕێبەردایە.

### دەسەڵاتی یاسادانان (قوە مقننه)

بە پێی مادەی ٥٨ی قانوونی بنەڕەتی، دەسەڵاتی یاسادانان لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا، تەنیا لە یەک ژوور بە ناوی "مەجلیسی شوڕای ئیسلامی" پێک هاتوە و ئەندامانی ئەو مەجلیسە نوێنەرانی هەڵبژێردراوی خەڵکن. پەسندکراوەکانی دەسەڵاتی یاسادانان (یاسا یان ئەنجامی ڕێفراندۆم) بەبێ ڕەزامەندیی شوڕای نیگابان و هەندێک جاریش کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام، هیچ بایەخێکیان نییە(١). مەجلیس یان پاڕلمانی ئێران لە دوو ڕووەوە سنووردارە(٢): یەکەم، ناتوانێ لە دەرەوەو لە دژایەتی قانوونی بنەڕەتی و بنەماکانی ئایینی فەرمی دەوڵەت یاسا دابنێ. دووهەم، لە هەندێک بواردا، ڕای ڕێبەری کۆماری ئیسلامی لە سەرووی یاسا و مەجلیسەوەیە (٣). دەسەڵاتی یاسادانان بۆی نییە یاسا و ڕێسا بۆ هەندێک دامەزراوەی وەکوو وەلی فەقیهـ و مەجلیسی خیبرەگانی ڕێبەری دابنێ. مەجلیس ناچارە ڕێز لەو یاسا و ڕێسایانە بگرێ کە ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی کولتووری دایاندەنێ. سیاسەتەکانی بەرگری، ئەمنی، زانیاری، کۆمەڵایەتی، کولتووری و ئابووری لە چوارچێوەی دەسەڵاتی مەجلیسدا نین و لە لایەن ڕێبەر و شوڕای بەرزی ئەمنییەتی نەتەوەیییەوە دیاری دەکرێن(٤). بەپێی مادەی ١٧٧ی قانوونی بنەڕەتی، پاڕلمان بۆی نییە گۆڕانکاری لە قانوونی بنەڕەتیدا بکا، تەنانەت مافی ئەوەی نییە پێشنیاری گۆڕانکاریش بکا، بەڵکوو ڕێبەری کۆماری ئیسلامی بە هاوکاریی لەگەڵ کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام و شوڕای پێداچوونەوەی قانوونی بنەڕەتی مافی ئەو کارەی پێدراوە.

بەربژێرەکانی پاڕلمان دەبێ لە لایەن شوڕای نیگابانەوە شیاوبوونیان پەسند بکرێ و ئەو تایبەتمەندییانەیان تێدا هەبێ کە شوڕای نیگابان دیاریی کردوون. زۆر جار بەربژێرەکان هەموو تایبەتمەندییەکانیشیان تێدایە بەڵام ڕەت دەکرێنەوە. ماوەی هەر خولێکی مەجلیس ٤ ساڵە. ئەگەر گرووپێکی سیاسی زۆرینەی کورسییەکانی پاڕلمان مسۆگەر بکا، بەو واتایە نییە کە دەتوانێ سیاسەتی خۆی بە سەر وڵاتدا بسەپێنێ یان کاریگەرییەکی ئەوتۆی هەبێ، چونکە دامەزراوەی سەرووتر وەکوو شوڕای نیگابان هەن کە چالاکییەکانی مەجلیس بلۆک دەکەن و ڕێگرن لە پەسندکردنی هەر جۆرە یاسایەک کە بیهەوێ گۆڕانکاریی بنەڕەتی دروست بکا.

### دەسەڵاتی دادوەری (قوە قضائیه)

بەپێی قانوونی بنەڕەتی، ڕێژیمی سیاسیی ئێران لە سەر بنەمای ئایین و سەروەریی بێ‌ئەملاوئەولای خودا دامەزراوە و هاوڵاتییان بەزۆر ناچار دەکا کە پەیڕەوی لە فەرمانەکانی خودا بکەن. هەر جۆرە سەرپێچییەک لە فەرمانەکانی خودا (بە تەفسیری ئایینی شیعەی دوازدە ئیمامی) سزای بۆ دیاری کراوە. لەبەر ئەوەی یاسا و ڕێسا ئایینییەکان پیرۆزن، هەموو یاسا و ڕێسای مەدەنی، سزادان، دارایی، ئابووری، بەڕێوەبردن، کولتووری، نیزامی، سیاسی و هتد دەبێ لەگەڵ پرەنسیپە ئایینییەکان سازگار بن(٥). لەو ڕوانگەیەوە، مافەکانی مرۆڤ و بەهاکانی کە بە شێوەی جیهانی پەسند کراون، جێگە و پێگەیەکی ئەوتۆیان لە پرۆسەکانی یاسادانانیدا نییە. قانوونی بنەڕەتیی هیچ دامەزراوەیەک ناچار ناکا ڕێز لە بەهاکانی پەیوەندیدار بە مافەکانی مرۆڤ بگرێ، بەڵکوو ناچاریان دەکا یاساو ڕێساکانی شەریعەت (بە تەفسیری ئایینی شیعەی دوازدە ئیمامی) بە بنەما بگرن، تەنانەت ئەگەر دژایەتیشی لەگەڵ بەهاکانی مافەکانی مرۆڤدا هەبێ.

دەسەڵاتی دادوەری لە ئێراندا، زۆر لە دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن بەهێزترە و نەک هەر سەربەخۆ نییە، بەڵکوو بەتەواوی لەژێر دەسەڵاتی وەلی فەقیهـ دایە. تەواوی دادوەرەکان و سەرۆکی دادگاکان لەلایەن دەسەڵاتی دادوەری خۆیەوە دەستنیشان دەکرێن. دادگاکانی تایبەت بە پەروەندە کۆمەڵایەتی و مەدەنییەکان، دادگاکانی شۆڕش، تایبەت بە پەروەندە سیاسیی و ئەمنیەتییەکان و هەروەها، دادگا تایبەتەکان بۆ دادگاییکردنی کەسانی ئایینی، لەلایەن دەسەڵاتی دادوەرییەوە بەڕێوە دەبرێن. دەسەڵاتی دادوەری ٦ ئەندامی شوڕای نیگابانیش دەستنیشان دەکا(٦). ڕێبەر تاکە دەسەڵاتێکە کە لە سەرووی دەسەڵاتی دادوەرییەوەیە و

جگە لە خودی ڕێبەر، دەسەڵاتی دادوەری دەتوانێ هەموو کەسێک، دەستبەسەر و دادگایی بکا، تۆمەتباری بکا و سزای بدا و سزاکەش جێبەجێ بکا. سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەریی لەلایەن ڕێبەرەوە بۆ خولێکی ٥ ساڵە دەستنیشان دەکرێ. دادوەری دادگای تایبەت بە کەسایەتییە ئایینییەکانیش هەر لەلایەن ڕێبەرەوە دەستنیشان دەکرێ. ئەو دەسەڵاتە هەر خۆی ڕێکخستنی دامەزراوەیی و سیستەمی دادوەریی، نووسینەوە و ئامادەکردنی پرۆژە یاسای تایبەت بە سیستەمی دادوەری بۆ پاڕلمان و هەر جۆرە دامەزراندن، لەکارلادان و بردنە سەری پلەی دادوەرەکانی لە ئەستۆیە(٧). وەزیری داد دەبێ لە سەر بنەمای مادەی ١٦٠ی قانوونی بنەڕەتی لەلایەن سەرکۆمارەوە و لەنێوان ئەو بەربژێرانەی دەسەڵاتی دادوەری پێشنیاری کردوون، دەستنیشان بکرێ. ئەوەش ئەوە دەردەخا کە دەسەڵاتی دادوەری وەکوو دەسەڵاتێکی هەڵنەبژێردراو، بەتەواوی بە سەر دەسەڵاتی جێبەجێکردن وەکوو دەسەڵاتێکی هەڵبژێردراودا زاڵە. وەزارەتی داد بەرپرسی ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان دەسەڵاتی دادوەری و دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن و یاسادانانە. لە دوای ساڵی ١٣٥٧ەوە ، دەسەڵاتی دادوەری لە کۆنترۆڵی بناژۆخوازەکاندایە.

سیستەمی دادوەریی ئێران لە چوار دەیەی ڕابردوودا گۆڕانکاریی زۆری بەخۆیەوە بینیوە. دەسەڵاتدارە ئایینییەکان زۆریان هەوڵ داوە سیستەمێکی دادوەریی سەقامگیر پێشان بدەن، بەڵام ئەنجامەکان پێچەوانەکەی پێشان دەدەن. هۆکارێکی سەرەکی ناسەقامگیری و بێ سەروبەریی سیستەمی دادوەریی ئێران، دژایەتییە لە نێوان بەها جیهانییەکانی مافەکانی مرۆڤ لە لایەک و یاسا و ڕێسا ئایینییەکانی قانوونی بنەڕەتیی ئێران لە لایەکی‌تر.

***

قەوارەی دەسەڵات لە کۆماری ئیسلامیی ئێران‌دا




بابەتێکی گرینگ لە پۆلێن بەندیی هاوچەرخ یان نوێی ڕێژیمە سیاسییەکاندا ئەوەیە کە، ڕێژیمەکان لەسەر بنەمای ناو یان مۆدێلی نەریتی لێک جیا ناکرێنەوە، بەڵکوو بە پێی ئاستی دێموکراتبوونیان پۆلێنبەندی دەکرێن، لەبەر ئەوەی لە دونیای هاوچەرخدا، دێموکراسی بە باشترین ڕێژیمی سیاسی دادەنرێ. بەگوێرەی پۆلێنبەندیی هاوچەرخ، ڕێژیمی پاشایەتی هەیە کە دێمۆکراتە و ڕێژیمی کۆمارییش هەیە کە نادێمۆکراتە. بە لەبەرچاوگرتنی قانوونی بنەڕەتیی بنەڕەتیی ئێران، ڕێژیمی سیاسیی ئێران، ڕێژیمێکی چەند سەرە، چونکە پێکهاتە دامەزراوەییەکانی جۆراوجۆرن. لە لایەک، دامەزراوە کۆمارییەکانی وەکوو مەجلیس و سەرکۆمار کە خەڵک هەڵیاندەبژێرێ، لە لایەکی‌تر، دامەزراوە ئایینییەکان و هەڵنەبژێردراوەکان کە بەسەر دامەزراوە کۆمارییەکاندا زاڵن. هەر دوو جۆرە دامەزراوەش لەژێر کۆنترۆڵی وەلی فەقیهـ دان. تەواوی بەربژێرەکانی خەڵک بۆ هەر دامەزراوەیەک کە پێویستی بە دەنگی خەڵک بێ، دەبێ بە فیلتەری دامەزراوە ئایینی و هەڵنەبژێردراوەکانی وەکوو شوڕای نیگابان و وەلی فەقیهـ دا تێپەڕ بێ. هەروەها، بڕیار و پەسندکراوەکانی دامەزراوە هەڵبژێردراوەکان بەبێ ڕەزامەندیی دامەزراوە هەڵنەبژێردراوەکان هیچ بایەخێکیان نییە. ئەوەش نیشاندەری ئەوەیە کە دەسەڵاتی خەڵک زۆر لاوازترە لە دەسەڵاتی چەند کەسێکی ئایینی هەڵنەبژێردراو. کەوابوو بەو ئەنجامە دەگەین کە ڕێژیمی سیاسیی ئێران لەگەڵ پێوەرەکانی دێمۆکراسی سازگار نییە. یەکەم، لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، بازنەی بەشداریی سیاسی خەڵک وەکوو یەکێک لە مەرجە سەرەکییەکانی دێمۆکراسی، سنووردارە و لە لایەن دامەزراوە ئایین‌یەکانەوە بەرتەسک کراوەتەوە. دووهەم، فرەڕەنگی و جیاوازییە سیاسی و کولتووری و نەتەوەییەکان، بەتەواوی لەلایەن قانوونی بنەڕەتیی بنەڕەتییەوە سنووردار و چوارچێوەدار کراون و شیعەی دوازدە ئیمامی و نەتەوەی فارس لە سەرووی هەموو ئایین و نەتەوەکانی دیکەوە دێن و هەموو دەزگا و دامەزراوەکانی دەوڵەتیش بەپێی شیعەگەری و فارسچیەتییەوە ڕێکخستنییان بۆ کراوە. سێهەم، یەکێک لە مەرجەکانی دیکەی دێموکراسی، ماوەی سنووردارییی دەسەڵاتە، بۆ ئەوەی دەسەڵات بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ یان هەمیشەیی لەلایەن گرووپێک یان کەسانێکەوە دەستی بەسەردا نەگیرێ. ئەو مەرجە بەڕوونی لەلایەن قانوونی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی‌یەوە پێشێل کراوە، چونکە هەندێک کەس و دامەزراوە بە شێوەیەکی قانوونی ڕێگەیان پێدراوە بۆ هەمیشە دەسەڵاتییان لە دەستدا بێ کە گرینگترینیان ڕێبەری کۆماری ئیسلامییە کە بەبێ لەبەرچاوگرتنی تەمەن یان تەندروستیی، هەتا کۆتایی ژیانی دەستی بەسەر گرینگترین و بەهێزترین پۆستی وڵاتدا گرتوە. چوارەم، مەرجێکی دیکەی دێموکراسی، دەوڵەتی یاسایە کە دەبێ لە لایەن سیستەمێکی دادوەری بەهێزەوە گەرەنتی بکرێ. ئەو مەرجەش بە شێوەیەکی قانوونی لە ئێران پێشێل کراوە، چونکە لە لایەک، دەسەڵاتی دادوەری لەلایەن ڕێبەرەوە دەستی بە سەردا گیراوە و لە لایەکی‌ترەوە، یاسا و ڕێساکانی ئایینی شیعە وەکوو بنەمای یاسایی و دادوەری دانراون. پێنجەم، یەکێک لە مەرجە سەرەکییەکان لە دێمۆکراسی لیبراڵدا، پاراستنی مافە بنەڕەتییەکان و ئازادییە مەدەنییەکانە کە ئەویش بە هەمان شێوە، نەک هەر لە لایەن قانوونی بنەڕەتی و سیستەمی دادوەرییەوە ڕێزی لێ ناگیرێ، بەڵکوو بەتوندیش پێشێل دەکرێ.

بەو پێیە ڕێژیمی سیاسیی ئێران، مەرجە پێویستەکانی تێدا نین بۆ ئەوەی لە پۆلێنبەندی هاوچەرخدا بە ڕێژیمێکی سیاسیی دێمۆکرات دابندرێ؛ نە دێموکراسیی لیبڕاڵ و نە دێمۆکراسی هەڵبژاردەیی. ئەوەی کە ڕوونە، ئەوەیە کە ڕێژیمی سیاسیی ئێران ڕێژیمێکی ئۆتۆکراتە.

**ڕێژیمی سیاسیی ئێران، مەرجە پێویستەکانی تێدا نین بۆ ئەوەی لە پۆلێنبەندی هاوچەرخدا بە ڕێژیمێکی سیاسیی دێمۆکرات دابندرێ؛ نە دێموکراسیی لیبڕاڵ و نە دێمۆکراسی هەڵبژاردەیی. ئەوەی کە ڕوونە، ئەوەیە کە ڕێژیمی سیاسیی ئێران ڕێژیمێکی ئۆتۆکراتە.**

***

**بنووس:**

١) مادەکانی ٧٢، ٩١، ٩٤و ١١٢ی قانوونی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی ئێران
٢) مادەی ٧١ی قانوونی بنەڕەتی
٣) مادەی ١١٠، برگەی ٧و ٨ی قانوونی بنەڕەتی
٤) مادەی ١٧٦ی قانوونی بنەڕەتی
٥) مادەی ٤ی قانوونی بنەڕەتی
٦) دەستنیشانکردنی ٦ ئەندامی شوڕای نیگابان لەلایەن دەسەڵاتی دادوەرییەوە پێویستی بە دەنگی ئەندامانی مەجلیسیش هەیە، بەڵام ئەندامانی مەجلیس خۆیان پەسندکراوی شوڕای نیگابانن.

# کاریگەریی شوناس و زمان لەسەر نەتەوە

**شاهۆ مەتین**

زمان و شوناس دوو بەشی لێک جیانەکراوەن لە دروستبوونی ژێرساختی گۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە بەستێنی پێوەندیی نێوان تاکەکان و جڤاکدا.

مۆدێرنیزم کە سنووری زمانی و شوناسییەکانی بڕیوە، بە شێوەیەکی بەربڵاو لەسەر پێویستیی پڕژانە سەر پرسی زمان و شوناس کاریگەریی داناوە و زمان بەردەوام ڕۆڵی گرینگی لە دروستکردن و ناساندنی شوناسدا هەبووە .

لە سەردەمی مۆدێرنیزم بە لەنێو چوونی هێندێک هێمای شوناس وەک بنەچە، ئەم ڕۆڵە زیاتر گرینگ و شوێندانەر بووە. لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ئابووریی نێودەوڵەتی و نێونەتەوەیی و یەکدەستیی میدیاکان، ئاڵوگۆڕی گرینگیان لە سەرتاسەری جیهان دروست کردوە، ئەم ئاڵوگۆڕانە ڕەوتی سەروەت و سامان، هێز، میدیاکان و شوناس لەخۆ دەگرێ و دەبێتە هۆکاری لێک هەڵوەشانەوەی هێندێک شوناس و دروستبوونی شوناسی نوێتر.

"کاستێلز" لەسەر ئەم پرسە تەرکیزی کردوە و بڕوای وایە شوناس، بە تایبەت شوناسی دین/مەزهەب یا نژاد لە سەرەتای دامەزرانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییەوە بوونی هەبووە . سەرەڕای ئەوەیکە ڕۆڵی ئەسڵیی زمان دروست کردنی پێوەندییە، بەڵام دروستکردنی پێوەندی لە تاکدا و دەسنیشانکردنی وەفاداریی تاکەکانیش وەبیر دێنێتەوە.

شوناس هەڵگری بەشەکانی ڕەچەڵەک، زمان، دین و کولتوورە. پرسی شوناس و زمان و چۆنیەتیی هەڵسوکەوتی ئەم دووانە وەک دوو بەش لە ژێرساختی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی تا ئەو ئاستە گرینگە کە هێندێک لە کۆمەڵناسان و شرۆڤەکارانی زانستی کۆمەڵایەتی بڕوایان وایە نەتەوە بەرهەمی سەردەمی نوێ نییە، بۆیە دەبێ نەتەوەکان بە بەرهەمی بونیاتنانەوەی شوناسەکانی نیشتمان و زێدی ڕابردوویان بزانین کە لە نەریتەکان، مێژوو، زمان، دین، هۆکاری ژینگەیی و جوغرافی و بە تایبەت ئوستوورەکان کاریگەری وەردەگرن .

خاوەن ڕایان لە پێناسەی شوناس، پڕژاونەتە سەر لایەنی جۆراوجۆر و لە چەمکەکانی ڕیشەی زانستی کۆمەڵایەتی بە تایبەت کۆمەڵناسیی کولتووری.

لەم بەستێنەشدا وەکوو سەرجەم چەمکەکانی زانستی کۆمەڵایەتی لەسەر پێناسەکەی ڕا و بۆچوونی جیاواز هەیە .

بەگشتی ئەم وشەیە (شوناس) بە وڵامێک بە مانای چەندایەتی و چونیەتی دەزانن و ئاستی جۆراوجۆر بۆ شوناس دەخەنە بەرباس. بۆ نموونە دەروونناسانی وەک (پیاژە و فرۆید) ڕیشەی دروستبوونی شوناسی مرۆڤ لە قۆناغی جۆراوجۆری گەشەی مرۆڤدا دەبینن و دەزانن.

کۆمەڵناسان شوناس بە جۆرێک لە هەست دەزانن کە تاک لە نێو کۆمەڵگە بە دەستی دێنێ و پاشان بە پێداگری لەسەر لێکچوونەکان و جیاوازییەکان لەگەڵ گرووپەکانی تر، بە هەستی شوناسی سەربەخۆ دەگا.

شوناس پرۆسێسی وڵامدانەوەی شارەزایانەی تاک بە کۆمەڵێک پرسیارە لە بارەی خۆیەوە. بۆ نموونە: کێیە؟ لەکوێ بووە؟ چ بووە؟ سەر بە چ هۆز و نەتەوەیەکە؟ و زۆر پرسیاری دیکەش.

"بوزان" شوناس بە ڕۆحی کۆمەڵگە دەزانێ کە لەم سەردەمەدا دیفاع لەم ڕۆحە چووەتە زبڵدانی مێژووەوە و ئێستا بە سەرنجدان بە کۆچکردنە بەربڵاوەکان و شەڕە نەتەوەییەکان پێویستە بایەخ و سەرنجی پێ بدرێتەوە. لە ئورووپای سەدەی بیستەمدا پێوەندیی بەهێز لەنێو زمان و شوناسدا دەبیندرا و زمان، وەک هۆکارێکی گرینگی لەدایکبوونی وڵاتانی سەربەخۆ دەهاتە ئەژمار. ئەو وڵاتانە جێگرەوەی زنجیرەی پاشایەتی و ئیمپراتۆری دەبن و ناوەکانیان لەگەڵ زمان لێک دەدرایەوە. (یانی زمان دەبووە پێناسەی ناوی وڵات).

بەڕای "کابینز و هۆلت" ئەم شێوازە بۆ ڕەوایی بەخشین بە هێزی سیاسیی وڵات پێویستییەکی گرینگ و حەتمییە .هەستی بوونی شوناس گرینگە و پرسیاری ئەسڵی بۆ دۆزینەوەی شوناس لە قۆناغی لاوەتییەوە دروست دەبێ. ئەگەر ئەم هەستە بەهێزە دەستەبەر نەبێ لە ڕۆڵی تاک، تێکەڵ بوون دێتە ئاراوە و هەستی بێشوناسی، بێئامانجی و هەڵسوکەوتی دژە باوی کۆمەڵایەتی لە تاکدا دەردەکەوێ.

بە هۆی بوونی هەستی بەهێزی شوناس دیتنەوە لە مرۆڤدا، ناسینەوەی هۆکاری کاریگەری دروستکردن لەسەر شوناس بە تایبەت زمان پێویستە.




**یەکێکی تر لە نیشانەکانی شوناسی هەر نەتەوەیەک ڕاگەیاندن و بەرهەمی چاپکراویانە، کە لە ڕێگای زمانی نووسینەوە بەدیار دەکەوێ. لە ئەساسدا هێرشی زمان و کولتوور تا کاتێک درێژەی هەیە کە کۆمەڵگەیەکی داگیرکراو، لە بەستێنی زمان و کولتوور بەرهەمهێنەر نەبێ.**

**پرۆسەی دۆزینەوەی شوناس و بێشوناسیی کاتمەندە و زمان وەکوو هۆکاری لێکگرێدراویی نەتەوە کار دەکا و هۆکاری ئەسڵی پێوەندی و ڕەوتی جێگیری کولتوورە، بۆیە شوناسی کولتووری لەگەڵ زمانی نەتەوەیی لیکگرێدراویی نەپچڕاویان هەیە.**

### زمانی نەتەوەیی و شوناسی نەتەوەیی

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا نەخشەکێشانی دروست بۆ داهاتووی زمان و کاریگەرییەکەی لە پتەوکردنی شوناسی نەتەوەیی بە بەراورد لەگەڵ ڕابردووی زۆر گرینگە، بۆیە هەڵسەنگاندنی دروست و زانستییانەی کاریگەریی زمان لەسەر شوناسی نەتەوەکان لە داهاتوودا پێویستییەکی نەتەوەییە.

بە پێی ئەم شرۆڤەیە "دیکشیت" سەرچاوەی شوناسی نەتەوەیی و ڕۆحی نەتەوەیی هەر وڵاتێک بە هۆکارگەلی مەعنەوی و مانایی دەزانێ، بە بۆچوونی "دیکشیت" ڕۆحی نەتەوەیی هەر نەتەوەیەک هۆکاری خولقاندنی یەکگرتوویی نەتەوەیی دەبێ.

هەندێک لە خاوەن ڕایان "ئیدئۆلۆژی" بە هۆکاری دروستبوونی شوناسەکان، بە تایبەت شوناسی نەتەوەیی و زمانی دەزانن و بڕوایان وایە کە هەموو ئیدئۆلۆژییەکان خاڵی جیاوازیی نێوان خۆیان و ئەوانی دیکەن، لە بەستێنی خەڵکسالارییدا بە شێوەیەکی تەواوتر لەگەڵ یەکتر تێکەڵی دروست دەکەن.

وەدیهاتنی تەواوەتی شوناسی نەتەوەیی تەنیا لەژێر کارتێکەریی زماندا نییە و فاکتەری جوغرافیا و دینیش تێیدا ڕۆڵ دەگێڕن. لەم ڕووەوە دوو نیشانەی نیشتمان و مەزهەب لە تەنیشت زمان ڕۆڵی بەرچاویان لە پرۆسەی شوناسسازییدا هەیە.

### زمانی قەومی و شوناسی نەتەوەیی

بە درێژەی مێژوو قەومی جۆراوجۆر بە زمانی جیاواز لە تەنیشت یەکتر لە چوارچێوەی یەک نەتەوە ژیانی ئاشتیخوازانەیان هەبووە و بە تێپەڕبوونی کات، بەستراوەبوونی هەر زمانێک بە قەومێکی تایبەت بەرچاوتر بووە و هێدی هێدی بووەتە ژێرخانی ناسیاوی و شوناسی ئەو قەومە.

ناودێر کردنی نەتەوە جۆربەجۆرەکانی بە ناو زمانی ئەوان لەم ڕاستایەدا سەری هەڵداوە.

تاک لە یەک کاتدا هەڵگری شوناسی کۆمەڵایەتی لەسەر ئەساسی چین، نژاد، زمان، دین و قەوم دەبێ و لە ڕێگای ئەم لایەنگەلە شوناسییەوە خۆی بە خەڵکانی تر دەناسێنێ.

حکوومەتەکان بۆ پێکهێنانی یەکگرتوویی نەتەوەیی بە پێداگری لەسەر ئەندێشە سیاسییەکان دەبێ بتوانن وەکوو یەک دامەزراوەی بەرزتر، زۆرترین ئاستی هۆگریی قەومەکان لە پانتایی یەک وڵات جێگیر و سەقامگیر بکەن (فێدرالیزم یا کۆنفێدرالیزم).

هەموو دەوڵەتەکان بە هۆکاری جۆراوجۆر لە بابەت پەرشوبڵاویی دانیشتووان، شوناسی کولتووری و سیاسی و... دوورکەوتنەوە و لێکهەڵوەشانەوەیان ئەزموون کردوە. بۆیە پێوەندیی قەومەکان و زمانی ناوچەیی لە جۆری لێکدژ؛ کەمایەتییەکان بەدوای بەهێزکردنی زمانی قەومی و لە ئاکامدا پاراستنی شوناسی قەومیی خۆیانەوەن.

لە بەرامبەردا هەر وڵاتێک کە بۆ کەمکردنەوە و سەرکوتی زمانە قەومییەکان لە بەرامبەر زمانی نەتەوەیی/فەرمی پەرچەکردار نیشان دەدا و بەربەرەکانی دەکا و، پێویستیشیان بە زمانی نەتەوەیی وەکوو کەرەسەی تێگەیشتنی یەیڤی میللەت–دەوڵەت و بینینەوەی شوناسێکی بەربڵاوتر هەیە کە هۆگریی ئەوان بە یەک قەوم یا تایفە نەبێ بەڵکوو بە یەک نەتەوە نیشان بدا.

لەو وڵاتانەی کە خاوەن جۆراوجۆریی نەتەوە و زمانەکانن، دەوڵەتەکان گرفتاری ئەم دژوازی و ناتەبایانەن و، شکانەوەی هەر کام لە جەمسەرەکانی قەومی/نەتەوەیی و یا دوور بوونەوەیانی لێ دەکەوێتەوە.

شوناس دروستکردن لەژێر خوێندنەوەی ئەم بۆ چوونانە کە لەخۆگرتنی شوناسەکانی قەومی، نەتەوەیی و زمانی چڕ بوونەوەی بەخۆوە گرتوە، دروستبوونی هەر شوناسێک لە هەمان کاتدا بە مانای دروستکردنی سنووری زەینییە. بۆیە شوناسێک کە یەک نەتەوە لەخۆ دەگرێ، بە شوناسی نەتەوەیی ناودێر دەکرێ.

شوناسی نەتەوەیی باڵاترین ئاستی شوناسی مرۆییە کە لە سەدەی بیستەم و پاش بەدیهاتنی سیستمی نێودەوڵەتی دروست بووە. شوناسی نەتەوەیی و زمانی نەتەوەیی کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەیە و زمانی نەتەوەیی لەژێر کاریگەریی شوناسی نەتەوەییدایە .

ڕوانینی نوێی زمانناسان ئەوەیە کە زمان بە تەنیا لە پەیدابوونی ڕاستییەکان و ناسینی دەوروبەر پەسیڤ نییە و بەڵکوو لە دروستکردنی ڕاستییەکان کاریگەری دروست دەکا و چەمکەکان و هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان لە جیهاندا دووبارە دەکاتەوە.

"بێنجامین لی وۆرف" یەکەمین کەس بوو کە پێوەندیی نێوان زمان و شوناسی بە شێوەیەکی کردەیی و جیدی تاوتوێ کرد.

پرۆسەی دۆزینەوەی شوناس و بێشوناسیی کاتمەندە و زمان وەکوو هۆکاری لێکگرێدراویی نەتەوە کار دەکا و هۆکاری ئەسڵی پێوەندی و ڕەوتی جێگیری کولتوورە، بۆیە شوناسی کولتووری لەگەڵ زمانی نەتەوەیی لیکگرێدراویی نەپچڕاویان هەیە. سەلماندنی ئەم بۆچوونە لە بڕوای "هابز باون" بەدیار دەکەوێ و دەڵێ وڵاتە داگیرکراوەکان کە پاش شەڕی دووهەمی جیهانی سەربەخۆ بوون، بە شێوەیەکی خۆڕسک لە هزری یەک زمانی نەتەوەیی سەرچاوە گرتوو لە ناخی نەتەوەیەک بوون، تاکوو بە ناوی ئەساسی بەرهێنان وکولتووری نەتەوەیی کار بکا .

لە بنەڕەتەوە سیستمی یەک زمان بۆ هەر وڵاتێک ئەوەیە کە بە یەک دەوڵەت_نەتەوە بگۆڕدرێ و پاراستنی شوناسی نەتەوەیی پێویستیی بە یەکگرتوویی کولتووری و زمانییە.

زاڵبوون لەسەر مانی نەتەوەیی وەکوو پێوانەی شارۆمەندی ماوەیەکی کورتە کە وەک کەرەسەیەکی سیاسیی هەندێک دەوڵەتەکانی لێهاتوە. "هابز باون" ئەم تیۆرییە کە شوناسی نەتەوەیی و زمان کاریگەرییان بەسەر یەکترەوە هەیە جەختی لەسەر کردوەتەوە و بڕوای وایە زمانی نەتەوەیی لە ئاکامی چوونە سەری ئاستی زانست و بەشداریی سیاسیی بەربڵاو دەرکەوتوون، چون خەڵک پێویستیان بووە.

پێش دەیەی ١٩٨٠ی زایینی لە سیستمی پەروەردەییدا، سەرنجی کەم دەدرا به کولتوور و کەمایەتییە جۆراوجۆرەکان و بە بۆچوونی "نێلسۆن" هەوڵێک بۆ گونجاندنی مێژوو یا ڕوانگەی ئەوان نەدەدرا . نێلسۆن بڕوای وایە کە حکوومەتەکان بۆ بەردەوامیی هێز و پێشگرتن لە شۆڕشی کەمایەتییەکان ڕێبازێکی شیاویان لەژێر ناوی (هاوسەنگی) بینیوەتەوە.

حکوومەتەکان لە لایەک بە جۆرێک پێویستیان بە پلانداڕێژی و سیاسەتی زمانی هەبوو، کە لەسەر پێکەوە کارکردنی کەمایەتییەکان بە مەبەستی دامەزراندنی حکوومەتێکی یەکانگیری یەکگرتوو بێ و لەلایەکی تر ئەگەر ئەم سیاسەتە لە ڕادە بەدەر سنووردار بێ دەتوانێ بە سڕینەوە و نارەزایەتیی کەمایەتییەکانی لێبکەوێتەوە و گرفتی کۆمەڵایەتی بخولقێنێ.

زمانی تایبەت بە یەک قەوم یا نەتەوە لە لایەک پێوەندییەکانیان لە بابەتی هاوبەشدا بۆ ئاسان دەکا و لە لایەکی تر هەستی یەکگرتوویی نەتەوەیی یا قەومییان بەهێزتر دەکا، کە دەتوانین بە ئیدئۆلۆژیی زمانی پێناسەی بکەین و بگەینە ئەم ئەنجامە کە زمانەکان و نەتەوەکان بەرابەرن و بە هێمای ئەسڵیی شوناسی نەتەوەیی بە ئەژمار دێن .

زانستی زمانە تایبەتەکان، هێمای هۆگری بە قەوم یا نەتەوە تایبەتەکانە و لەسەر شوێنی زمانی تایبەت لە یەک کۆمەڵگە ڕێنوێنی دەدا . ئیدئۆلۆژیی زمانی لەسەر ئەم بابەتە دەڵێ کە زمان چۆن دەبێ بەکار بهێنرێ و زمانەکان چۆن دەبێ پەروەردە بکرێن. باوترین ئیدئۆلۆژییە زمانییەکان دەتوانین بە تێڕامان لەم خەڵکەی بەو زمانە ئاخاوتن دەکا، بناسین. ئەم ئیدئۆلۆژییانە نیشان دەدەن کە لەکوێ زمانەکان نیشانەی قەوم یا نەتەوەکانن . بە جۆرێک کە زانینی زمانی پاراو و دیاریکراو، نیشانەی هۆگریی نیشتیمانپەروەری و خۆماڵی بوونە .

ئیدئۆلۆژیی زمانی دەتوانێ بە کەرەسەی ئیدئۆلۆژیی سیاسی بگۆڕدرێ و ناوەندی شەڕە سیاسییەکان بێ . بە کەلکوەرگرتن لە کەرەسەگەلی بانگەشە، بە تایبەت میدیا و ڕۆژنامەکان ستراتیژێکی تر بۆ کەلکوەرگرتن لە زمانە و زۆرتر لە شەڕەکان بەدیار دەکەوێ .

زمان کەرەسەی ڕاگەیاندنەکانە و بە کەلکوەرگرتن لێی، لایەنە جۆراوجۆرەکان پێی پشتیوانی یا سەرکۆنە دەکرێن . بەڵام "پریس" دووپاتی دەکاتەوە کە زمان بە تەنیا خۆی دەتوانێ مەبەست بێ و میدیاکان دەتوانن زمان بکەنە مەبەستێک کە بانگەشەی بۆ بکەن یا هێرش بکەنە سەری.

یەکێکی تر لە نیشانەکانی شوناسی هەر نەتەوەیەک ڕاگەیاندن و بەرهەمی چاپکراویانە، کە لە ڕێگای زمانی نووسینەوە بەدیار دەکەوێ. لە ئەساسدا هێرشی زمان و کولتوور تا کاتێک درێژەی هەیە کە کۆمەڵگەیەکی داگیرکراو، لە بەستێنی زمان و کولتوور بەرهەمهێنەر نەبێ. لە سەردەمی ئێستادا زمان بە هۆکاری شوناسسازیی گرینگ گۆڕدراوە و ئینتێرنێت ڕۆڵی زمانی بەرچاوتر کردوە .

"ژوو" بڕوای وایە لە کۆمەڵگەیەک زمان تەنیا بە شێوازی زارەکی بەکار دێ، شوناسی نەتەوەیی یا قەومی لاوازتر بەرهەم دێ. گرینگیی زمان لە ناسینی کولتوور بە ڕادیەکە کە وتوویانە زمانی یەک نەتەوە کلیلێکە کە بە بەکار هێنانی دەتوانین کولتووری ئەو نەتەوەیەی پێ بناسین .

### ناسینی کولتوور ڕێگایەک بۆ دۆزینەوەی شوناسی نەتەوەیی

کولتوور لە ڕێگەی زمان و هێماکانی تر دەگوازرێتەوە. کاتێک کە زمان سەرەڕای شێوازی ئاخاوتن، فۆرمی نووسین وەردەگرێ و پێداویستیی نوێ بۆ کۆکردنەوەی کولتوور پێک دێنێ و گەشەی کولتووری خێراتر دەکا.

هەواڵنێری و میدیاکان ڕۆڵی گرینگ دەگێڕن و کۆمەڵانی خەڵک ئامادە دەکەن تاکوو ئەندێشە و هزرە نوێیەکان وەرگرن .

ئەمڕۆکە پێوەندییە گشتییەکان و میدیاکان و بە تایبەت ڕاگەیاندن پێکەوە گرێ دراون . پێوەندییەکان هەوێنی سەرەکی و ئەسڵی ژیانی سیاسییە و بێکەلک وەرگرتن لە کەرەسەی پێوەندی و میدیاکان بە گشتی کە هەموویان لەسەر بنەمای زمان ڕاوەستاون، سیستمی سیاسی ناتوانێ نەزم و دیسیپلین بەسەر کۆمەڵگە و بەشداریی خەڵک ببەخشێ.

### دەرەنجام

زۆربەی خاوەن ڕایان لەسەر کاریگەریی شوناس لەسەر زمانی نەتەوەیی یا قەومی پێداگری دەکەن و زمانی نەتەوەیی بە هۆکار و هەڵگری شوناس و دیفاع و پاراستن لە شوناسی نەتەوەییە و، پێویستیی بە یەکگرتوویی کولتووری و زمانییە .

زمانی نەتەوەیی وەک پەتێکی بەهێزە کە بەهێزکردن و پاراستنی یارمەتی بە گەشەسەندن، پێشکەوتنی و یەکگرتوویی شوناسی نەتەوەیی دەدا.

***

# دیرۆکی خۆڕاگری

(لە دێکۆمێنتەکانی ئەنجوومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان)

## شکاندنی شکۆی خاوەنشکۆ!

(٢_١)


کامیل ئوستادئەحمەدی

ئەمن کامیل ئوستادئەحمەدی ساڵی ١٣٥١ی هەتاوی لە شارەدێی سەرچناری ناوچەی چۆمی مەجیدخانی مەهاباد لە بنەماڵەیەکی وەرزێر و نیشتمانپەروەردا لەدایک بووم.

منداڵیی من لە ڕۆژ و مانگ و ساڵەکانی شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧دا تێپەڕی. هەر لە سەرەتای شۆڕشەوە برا گەورەکەم هاتبووە ڕیزەکانی حیزب و لە "سازمانی جەوانانی حیزب"دا سازمان درابوو کە پاشان بوو بە پیشمەرگە و بەداخەوە ساڵی ١٣٦٢ لەگەل شەش هاوسەنگەری دیکەی لە شەڕیکی قارەمانانەدا لە دەشتی شارویران شەهید بوو. باوکیشم بەهۆی کوردایەتی و هەستی نیشتمانپەروەرییەوە چەند جار گیراوە و تامی زەبر و ئەشکەنجەکانی ئیدارەی ئیتلاعاتی کردوە؛ هەموو ئەوانە هەر لە منداڵییەوە ئیلهامی پێم دەدا. ئەوە بوو کە ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوی بوومە ئەندامی حیزب و ئەرکی کاری تەشکیلاتی لە ناوچەی خۆمانم گرتە ئەستۆ.

ساڵی ١٣٧٥ بەهۆی چەند ڕووداوێک ئاشکرا بووم و پێش ئەوەی بگیرێم بە بنەماڵەوە خۆمان گەیاندە ڕیزەکانی ئاشکرای حیزب. لە تێکۆشانی حیزبیدا پلەی تەشکیلاتیم تا قۆناغی کادری دەرجە سێ بڕیوە و بەرپرسایەتیی جۆراوجۆری سیاسی، تەشکیلاتی و نیزامیم لە ئەستۆ بووە.

ساڵی ١٣٨٢ وەک تیمی کومیتەی شارستانی مەهاباد بە مەئمورییەتێکی سیاسی و تەشکیلاتی چووینەوە مەهاباد و ناوچەکانی دەوروبەری کە بە داخەوە دوای ماوەیەک بەهۆی خەیانەتی بەناو ئەندامێک و پیلانی لەپێشدادارێژراوی ئیتلاعاتی ورمێ و مەهاباد دەداو کەوتین. پیلانەکە هێندە ورد داڕێژرابوو کە دەرفەتی هیچ کاردانەوەیەکی پێنەداین.

بردیانینە زیندانی ئیتلاعاتی مەهاباد و پاش هەشت ڕۆژ ئەشکەنجەی توند و لە تاقەتبەدەری فیزیکی و ڕوحی بەڕێی ئیتلاعاتی ورمێیان کردین و بۆ ماوەی چوار مانگ لە زیندانی ئینفرادی بەند و بەبەردەوامی ئەشکەنجە کراین.

لە کاتی لێکۆڵینەوەکاندا چاویان نەدەبەستین و بازجووەکان بەڕاحەتی دەهاتن و دەچوون، بەوەڕا دیار بوو کە حوکمی ئێعداممان دەدرێتێ. لێکۆڵینەوەکان لە چەند شوێن و دەزگای سیاسی و ئەمنیەتییەوە دەکرێن. ئەوانەی بەشی ئیتلاعاتی سیاسی بە زمانێکی نەرم لەگەڵت دەدوان و تێیان هەڵیان دەپێچای، کەمتر بێڕێزیت پێدەکرا، بەڵام مێشکیان دەشڵەقاندی و تووشی کێشەی دەروونییان دەکردی. بەڵام لای بەشی ئیتلاعاتی نیزامیی سپای پاسداران ئەشکەنجەی سەختی فیزیکی و دەروونی و بێڕێزی و سووکایەتی وەک ئاوی خواردنەوە وایە. هەموو ئامرازێکی ئەشکەنجەت لەسەر تاقی دەکەنەوە و دوایە پەروەندەیەکت بۆ دروست دەکەن و بەڕێی دادگات دەکەن.

بەمجۆرە ئەمن و هاورێیانم، کاک حەسەن جەزایرچی و کاک مەجید سەدەفی بەڕێی دادگای شۆڕشی ورمێ کراین و لە ماوەی کەمتر لە سەعاتێکدا حومی ئێعدامیمان بەسەردا سەپێندرا. ڕاستە ژیان شیرینە و هەموو مرۆڤێک گیانخۆشەویستە، بەتایبەت ئێمە کە هەرسێکمان ژن و منداڵمان هەبوو؛ بەڵام کە قسە دێتە سەر بیر و باوەڕ و چەند ژیان و چۆن ژیان، ئیدی ئەو کات ئەو باسانە بە لایەکی دیکەدا دەکەوێ. ئەو کات مردن لەڕێی گەل و باوەڕدا دەبێتە نەمری و شانازی.

دوای ئەوەی حوکم دراین، دایانین بە زیندانی ناوەندیی مەهاباد. لەوێ زیندانییەکان کە ناویان بیستبووین و ناسییانین، پێشوازییەکی گەرمیان لێ کردین. پێشتر زۆرم لە بارودۆخی زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی بیستبوو، بەڵام بینین لەکوێ و بیستن لەکوێ؟ ئەوەی لە زیندانی مەهابادا بەرچاوم کەوت دڵهەژێن بوو. مادەی هۆشبەر قوولەی دەکرد، بەئاشکرا و وەک خیزوخۆڵ لە زینداندا بڵاو دەبۆوە. لەو زبڵدانەدا (زیندانی مەهاباد) هەوڵم دا ئەوەندەی لە دەستم دێ خزمەت بەو تازەلاوانە بکەم کە لەسەر تاوانێکی چووکە دەگیران بۆوەی گیرۆدەی مادە هۆشبەر و لادانی دیکە نەبن.

ئێمە لەو دۆزەخەدا و سەرەڕای هەموو نەهامەتی و دژوارییەکان ئەوەی ئێمەی لەسەر پێ ڕاگرتبوو، باوەڕبەخۆبوون بوو، کردنی زیندان بە مەیدانێکی دیکەی تێکشاندنی کۆماری ئیسلامی و ئیرادەی نگریسی بوو. بۆیە لەگەڵ ئەوەی پەروەندەکەمان لە سۆنگەی هەستیاریی لەڕادەبەدەر بەڕێی بەشی "ئیجرای ئەحکام" و، هەموو دەموساتێک ئەگەری ئێعدامکرانمان هەبوو، لە شکاندنی دەرکی زیندان و شکاندنەوەی هەیبەتی کۆماری ئیسلامیش غافڵ نەبووین. بەمجۆرە لە یەکەم ڕۆژەکانی زیندانەوە هەموو بیرمان ئەوە بوو کە چۆن ئەوەی بە خەونیش نابیندرێ، ئێمە وەدیی بێنین.

لە یەکەم ڕۆژەکانی بەندکرانمان لە زیندانی مەهاباد لەگەڵ سەربازێک ئاشنا بووین بە ناوی "لوقمان ڕەمەزانی". کاک لوقمان نیگابانی بەر دەرگای سلول بوو. هەر لە یەکەم دیدار و کورتە قسەیەکدا هیوای ژیان و ڕزگاریی پێمان بەخشی و بناغەی کارێکی گەورەمان دانا کە ناکرێ هەموو وردەکارییەکانی لێرەدا باس بکرێ. "کارۆ ڕەسووڵی" یەکێکی دیکە لەو لاوە خوێنگەرمانە بوو کە ئەویش سەرباز بوو لە بەندیخانەدا. کاک کارۆ کە تاقانە منداڵی بنەماڵەکەی بوو، بەڵام بۆ ئەو کارە گەورەیە سڵی لە هیچ ئەگەر و ئەممایەک و پێشهاتێک نەکرد.

ئەم کارە گەورەیە شکاندنی شکۆی کۆماری ئیسلامی بوو، بڕینی قفڵی زیندان و بەندی دڵی دوژمن بوو، ئەم کارە گەورەیە دەتوانین بڵێم عەمەلیاتی شەوی ٩ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٨٣ی هەتاوی و شکاندنی دەرکی بەندیخانەی ناوەندیی ڕێژیم لە شاری مەهاباد بوو.

درێژەی هەیە...

بەرەو یادی ٧٥ ساڵەی دامەزرانی حیزب

# مان و مەوجوودییەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان


سمایل شەرەفی



ڕازی مانەوەی حیزبێک کە نزیک بە تەواوی تەمەنی ٧٥ ساڵەی خۆی لە ئاوارەیی و دەربەدەریدا ژیابێ و ئێستا هەروا جێی هیوا و خاوەن پێگە لە نێو خەڵک و نیشتمانی خۆیدا بێت، دەبێ چ بێت؟ حیزبی دێموکراتی کوردستان کە ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ئەمساڵ (١٣٩٩)، یادی ٧٥ ساڵەی دامەزرانی خۆی جێژن دەگرێ، زیاتر لە ٧٠ ساڵ لە تەمەنی لە دەرەوە و دوور لەو شوێنەی لێی دامەزرا تێپەڕاندوە و هەر ئێستاش ئەم ڕەوتە لە دووربوون لە ژینگەی ئەسڵیی خۆی هەروا درێژەی هەیە. ئەم حیزبە کە بۆ ماوەی زیاتر لە حەوت دەیە لە تێکۆشان و خەباتی، ڕێبەرایەتییەکەی لە دەرەوەی وڵات بووە و هەیە، ئێستاش سەرەڕای گەلێک کەمایەسیی دەروون تەشکیلاتی کە هەیبووە و هەیەتی، لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و کۆمەڵگەی ئەمڕۆی کوردستاندا هەروا جێی متمانە و هیوایە. هەر ئەم پێگە بەرز و متمانە پێکراوە، ئەم حیزبەی لە نێو کۆڕ و کۆمەڵی کوردستانی، ئێرانی و جیهانیشدا بە ئێعتبار و خاوەن کەسایەتیی تایبەتی خۆی هێشتۆتەوە.

خەباتەوە، هەنگاو بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی خەڵکی کوردستان بنێ. لە لایەکی دیکەوە بە هەستکردن بە "بۆشایی باوەڕبەخۆبوون"ی تاکەکانی کۆمەڵگە کە لە ڕەوتێکی دوورودرێژی تاریخیدا، سیاسەتی سەرکوت و بە کەمسەیردنی نەتەوەی باندەست بەسەر کوردیدا سەپاندبوو، بنیاتناوەی کەسایەتیی کورد و خەباتەکەی پێویستییەکی هەرە زەرووری بوو. پاراستنی ئەم دەسکەوتە (کۆماری کوردستان)، پێویستیی بە دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی دەروەست بەرانبەر بە گەل و نیشتمان بوو کە بێگومان لە بابەتی "نەتەوەسازی"دا باسێکی گرینگ و ئەساسییە و ڕاستەوخۆ لە چێبوونی بەرژەوەندی گشتییەوە کەهەستێکی هاوبەش پێک دەهێنێ، شوێندانەرە. بۆ دروستبوونی ئەم دەروەستبوونە پێش هەموو شتێک دەبوا تاکەکانی کۆمەڵگە هەستیان بە کەسایەتیی خۆیان کردبا و ڕەمزێک هەبا کە هەستی باوەڕبەخۆبوون لە نێویاندا درووست بکا. بۆیە بەرزکردنەوەی "ئاڵای کوردستان" لە کۆماری کوردستاندا و بەڕێوەێوچوونی ڕێوڕەسمی تایبەت بەم دەسکەوتە مێژووییە لە چەند شارێکی ژێر دەسەڵاتی کۆماری کوردستاندا بەوپەڕی گرینگیپێدانەوە بەڕێوەچوون.

**بنیاتنانی ڕەوتێکی نوێ لە خەباتی نەتەوایەتی لە سەر ئەساسی دوو کۆڵەکەی "پلانمەندکردنی بزووتنەوە" و "بەخشینی کەسایەتیی بە کۆمەڵگە"، ئەو جەهانبینییە سیاسی و فکرییەیە کە مانای وجوودیی حیزبی دێموکرات لە جووڵانەوەکانی پێش خۆی جیا دەکاتەوە**

حیزبی دێموکراتی کوردستان کە بوون و وجوودی، بەرهەمی وڵامدانەوە بە هەلومەرجێکی مێژوویی تایبەت بە بەشێک لە خاکی کوردستان بوو، بە هۆکاری مەعریفەیەکی تێکەڵ بە ئەقڵییەتێکی مودێرن کە پێشەوای مەزن، قازی محەممەد وەک کەسی یەکەمی ئەم حیزبە نوێنەرایەتیی دەکرد، توانی گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی لە ڕەوتی خەبات و تێکۆشانی نەتەوەی کورددا پێک بهێنێ. بنیاتنانی ڕەوتێکی نوێ لە خەباتی نەتەوایەتی لە سەر ئەساسی دوو کۆڵەکەی "پلانمەندکردنی بزووتنەوە" و "بەخشینی کەسایەتیی بە کۆمەڵگە"، ئەو جەهانبینییە سیاسی و فکرییەیە کە مانای وجوودیی حیزبی دێموکرات لە جووڵانەوەکانی پێش خۆی جیا دەکاتەوە.

ڕاگەیاندنی "کۆماری کوردستان" هەر دوای چەند مانگ لە دامەزرانی حیزب و داڕشتنی قەوارەی سیاسی و تەشکیلاتیی ئەم دەسەڵاتە لە شێوەی دانانی کابینەی وەزیران، سەرکۆمار و وەزارەتخانە و...هتد، نیشانی دا کە کورد لەمەوبەولا دەیهەوێ بە پرۆژەوە قسە لە ویست و داخوازییەکان و ئامانجەکانی بکا. حیزبی دێموکرات وەک دامەزرێنەری کۆماری کوردستان کە پێشەواکەی ئەرکی سەرکۆماریی ئەم سیستەمە سیاسی و بەڕێوەبەرییەی کەوتۆتە سەر شان، سەلماندی کە بە پشتبەستن بە تێفکرینێکی خاوەن پلان، پێوەیە لە ڕێگای بە دامەزراوەییکردنی

بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان، ڕاگەیاندنێکی مانادار شوناسخوازانە بوو کە ڕاستەوخۆ کاریگەریی دەروونیی لەسەر تاکی کورد و کۆمەڵگەی ئەو کاتی کوردستاندا دانا و هەستی باوەڕبەخۆبوونێکی نەتەوەیی بنیات نا. "بوون" بوو بە بەشێکی دانەبڕاو لە ئینسانی کورد و کەسایەتیی بە تاکی کورد بەخشی. بەو مانەیە کە خەڵکی کوردستان لە ژێر ئەو ئاڵایەدا بە تەواوەتی هەستی بە بوونی

**هەموو ئەو ڕەمز و سەمبوول و هێمایانەی کە ئەمڕۆ نەتەوەی کورد لە هەر چواربەشەکەی کوردستان و هەر کوردێک کە لە هەر کوێی ئەم گۆی زەوییە دەژی، شانازییان پێوە دەکا و بوونی خۆی وەک نەتەوەیەکی جیاواز بە کەسایەتیی جیاوازەوە پێناسە دەکا، لەسەر دەستی حیزبی دێموکراتی کوردستان دروست کراون و بەرهەمی تێفکرین و جیهانبینیی ئەم حیزبەن**

خۆی – جیا لەویتر – کرد. هەر ئەوە بوو کە لە ماوەیەکی زۆر کورتدا مهاباد و کۆماری کوردستان بوون بە جێی هیوا و هومێدی نەتەوەیەک بە ناوی کورد.

لە پرۆسەی بنیاتناوەدا بە تایبەت کە لێرەدا ڕاستەوخۆ قسە لە ڕەوتێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی نەتەوەیەکی داروخراو حاشالێکراوە، تێگەیشتن لە زەرووڕەت و پێویستیی "پارێزگاری"ی و "پاراستن" زۆر گرینگە. بۆیە حیزبی دێموکراتی کوردستان هاوکات لە گەڵ ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان، دامەزراندنی "سپای میللیی کوردستان" کە دواتر ناوی هێزی پێشمەرگەی لە سەر دادەنرێ، بە زەرووری دەزانێ. ئەم بەشە لە بزووتنەوەی کوردستان کە دواتر لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیشدا جێ دەکەوێ، تا ئێستایشی لە گەڵ بێت، بەشێکە لە هۆوییەتی کورد و خەباتەکەی. پێشمەرگە بەشێکە لە ئەرزش و بەها نەتەوایەتییەکانی نەتەوەی کورد، پێشمەرگە و خەباتی پێشمەرگانە کە باڵێکی هەرە ئەساسی و جێی شانازیی بزووتنەوەکانی کوردستانە، ڕیشە و ماهییەتی بۆ تێفکرینی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کردەوەی کۆماری کوردستان دەگەڕێتەوە.

بوونی پێشمەرگە و دامەزرانی سپای میللیی کوردستان، متمانەیەکی نەتەوەیی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا درووست کرد و باوەڕی خەڵکی بە حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستان قورس و قاییم کرد. پێشمەرگە بوو بەو هێزە متمانەپێکراوەی کە خەڵک وەک قودرەتێکی ڕزگاریدەر سەیری بکا. بۆیە هەر وەک شەهید دوکتور قاسملوو بە درووستی پێناسەی دەکا؛ "پێشمەرگە باسکی بەهێزی گەلە".

لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا هێزی پێشمەرگە توانی بە مەبەستی ئەم دەسکەوتە مێژوویە بۆ ماوەیەکی باش دژ بە هێزەکانی ڕێژیمی شا بەرەنگاری بکا و دواتریش و لە قۆناغەکانی دوای کۆماریشدا، هێزی پێشمەرگە بوو بە پارێزەری مان و مەوجوودیەتی میللەتەکەی و لەم پێناوەدا زۆرترین قوربانیی پێشکەش کرد.

هەموو ئەو ڕەمز و سەمبوول و هێمایانەی کە ئەمڕۆ نەتەوەی کورد لە هەر چواربەشەکەی کوردستان و هەر کوردێک کە لە هەر کوێی ئەم گۆی زەوییە دەژی، شانازییان پێوە دەکا و بوونی خۆی وەک نەتەوەیەکی جیاواز بە کەسایەتیی جیاوازەوە پێناسە دەکا، لەسەر دەستی حیزبی دێموکراتی کوردستان دروست کراون و بەرهەمی تێفکرین و جیهانبینیی ئەم حیزبەن کە بەخۆشییەوە ئەمڕۆ هەموویان بوونەتە بەشێک لە خەسڵەت و شناسنامەی نەتەوەی کورد. ئەگەر ٧٤ ساڵ پێش ئێستا لە شاری مهاباد و شارەکانی ژێر دەسەڵاتی کۆماردا، تەنیا بە هەزاران کورد لە ڕێوڕەسمی هەڵکردنی ئاڵای کوردستاندا بەشدارییان دەکرد، ئێستا ئەم ئاڵایە بۆ میلیۆنان ئینسانی کورد و بۆ نەتەوەیەک ڕەمز و شوناسی نەتەوەییە. کۆماری کوردستان و سەرکۆمار پێشەوا قازی محەممەد، ئەمڕۆ بۆ هەموو ئینسانێکی کورد نەتەنیا یادەوەرەیەکی مێژوویی لەبیر نەکراوەن، بەڵکوو بۆ نەتەوەیەک بوونەتە هۆوییەت و بەهای نەتەوەیی.

ئەوەی تا ئێرە بە نیسبەت داهێنان و دەسکەوتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە باس کرا، تەنیا بەرهەمی یەکساڵ لە خەبات و جیهانبینیی ئەم حیزبە بووە. ئەم حیزبە لە ماوەی تەمەنی ٧٥ ساڵی تەمەنی خۆیدا کە لە ئێران دوو ڕێژیمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی دەسەڵاتدار بوون، سەرەڕای بڕینی قۆناغی زۆر سەخت و دژوار، لە زۆر بواردا خاوەنی دەسکەوت و داهێنان و، – لە هەموویان گرینگتر – بەردەوامبوون و درێژەدان بە خەبات بۆ دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان بووە.

# «تاوانی سیاسی» و «زیندانیی ئەمنیەتی»ی کورد


هەردی سەلیمی

زیندانیی سیاسی دەستەواژەیەکە کە ئەو بەشە لە زیندانییان لەخۆ دەگرێ وا چالاکیی ڕەخنەگرانە و کردەوەییان لەدژی سیستمە حکوومەتییەکان هەیە. بەڵام هەتا ئێستاش لە ئێرانی کۆماری ئیسلامییدا دان بە بوونی ئەم بەشە لە زیندانییان نەنراوە. هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی دەسەڵاتی ئەم ڕێژیمەوە کە بە سەرکوتی بەربڵاوی چالاکانی سیاسیی حیزبە جۆراوجۆرەکانی گۆڕەپانی سیاسیی ئێران دەستی پێکرد، بەرپرسان لە بیری ئەوەدا بوون کە ئەم زیندانییانە ببەنە چوارچێوە و خانەیەکی ئەمنیەتییەوە و تاوانی دژایەتی لەگەڵ خوا و بنەما ئیسلامییەکان، سیخوڕی و بەکرێگیراوی بخەنە پاڵیان؛ بە مەبەستی پاساو هێنانەوە بۆ بیر و ڕای گشتی و بۆ ئەوەش کە لەو سۆنگەیەوە بەئاسانی سزای زیندانیی درێژماوە و تەنانەت ئێعدامیان بەسەردا بسەپێنن. کە وابوو لە بەکاربردنی دەستەواژەی زیندانیی سیاسی خۆیان پاراستوە. هەر لەم پێوەندییەدا غوڵامحوسێن ئیسماعیلی، وتەبێژی دەزگای دادی ڕێژیم لە لێدوانێکیدا لەمەڕ زیندانییە سیاسییەکان دەڵێ زیندانییەکان لە ئێران یا "تێرۆریست"-ن، یا "لەگەڵ ئەسڵی نیزام و ئینقلاب دژایەتییان هەیە" و یان "هاوکاریی سرویسە سیخوڕییەکان" دەکەن و، هەروەها دەشڵێ بەکارهێنانی دەستەواژەی زیندانیی سیاسی بۆ کەسانێک کە بە ڕای ئەو "تاوانباری ئەمنیەتیی"-ن "جێگەی داخ"ـە.

عەلی موتەههەری، نوێنەری پێشووی مەجلیس لە وتووێژێک لەگەڵ ڕۆژنامەی "اعتماد" لە ساڵی ٩٨ـدا، وێڕای ڕەخنەگرتن لەوەی کە لە ئێراندا بە هۆی ڕوانگەو ئەمنیەتییەکانی وەزارەتی ئیتلاعات و دەزگای دادەوە هیچ دژبەرێکی ڕێژیم وەک زیندانیی سیاسی پێناسە ناکرێ گوتی: "لە هەنگاوی یەکەمدا پیرۆزییەک بۆ نیزامی کۆماری ئیسلامی لە بەرچاو دەگرن کە لە سۆنگەی ئەم پیرۆزییەوە، کەس بۆی نەبێ ڕەخنە لە نیزام بگرێ، هەر بەم هۆیەشەوە ئامادە نین بڵێن لە وڵاتدا ڕەخنەگر و دژبەری نیزاممان هەیە." لە ڕاستییدا کۆماری ئیسلامی پیرۆزییەکی دەسکردی بە پێکهاتە حکوومەتییەکەی خۆی داوە و گرێی داوە بە ئاسمانەوە، هەر بۆیە ئەم پیرۆزییە هێڵی سوورە بۆ ڕەخنەگران و دژبەرانی ئەم ڕێژیمە و بەزاندنی ئەم هێڵەش دەچێتە خانەی کردەوەی دژە ئەمنیەتی و تەنانەت موحارەبەوە و کەسی بکەریش دەبێتە "تاوانباری ئەمنیەتی" و، سەرکوت و زیندان کردنیشی پاساوێکی یاسایی و بەڕواڵەت ڕەواشی لە پشتە.

سزادانی تاوانبارێکی ئەمنیەتی بە چەندین قات ئاسانتر و کەمتێچووترە بۆ حکوومەت بە نیسبەت زیندانی/تاوانبارێکی سیاسی. یاسای "تاوانی سیاسی" لە ساڵی ٩٥ـدا لە مەجلیس پەسەند کرا و لە لایەن شۆڕای نیگابانیشەوە پشتڕاست کرایەوە و، دواتریش لە لایەن سەرۆک کۆمارەوە بە وەزارەتی نێوخۆ و دادسێنیی وڵات ڕاگەیەندرا. بەپێی ئەم یاسایە کە لە شەش مادده پێک هاتوە: "ئەو کەسانەی کە بە تاوانباری سیاسی دەژمێردرێن، ئەگەر مەبەستەکەیان چاکسازی بێ و کردەوە یان هەڵوێستەکەیان بۆ ڕووخاندنی ڕێژیم نەبێ تەنانەت ئەگەر بڵاوکردنەوەی درۆ و بێڕێزی بێ و بوختانیش بخەنە پاڵ بەرپرسانی سیاسیی سێ هێزەکەی وڵات –بێجگە لە ڕێبەری کۆماری ئیسلامی–، وەزیران، جێگرەکانیان و نوێنەرانی مەجلیس و شۆڕای نگابان و بەرپرسانی دیکەی حکوومەتیش؛ ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە." پێوەری هەڵسەنگاندنی "بێڕێزی" و "بڵاوکردنەوەی درۆ"ش دیارە ناوەندە ئەمنیەتییەکانی وەک وەزارەتی ئیتلاعات و ڕێکخراوی ئیتلاعاتی سپای پاسداران و دەزگای دادی ڕێژیمە کە دیاری دەکەن. ئەم یاسایە لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا لە لایەن سەرۆکی دادی کۆماری ئیسلامی، ئیبراهیم ڕەئیسییەوە ڕاگەیەندراوە. دەبێ ئەوە بڵێین لە ماوەی ئەم پتر لە چوار ساڵەی کە ئەم یاسایە لە لایەن مەجلیسەوە پەسەند کراوە و هەر وەک باسیش کرا بە وەزارەتی دادیش ڕاگەیەندراوە، بەڵام بە هۆی ئەوەی دەستی ناوەندە ئەمنیەتییەکانی –کە هەمیشە دەسووەردانیان لە ڕەوتی دادگادا کردوە و بڕیاردەری سەرەکی بوون– بە ئاوەڵایی هێشتوقەتەوە؛ هەتا بە ئێستاش هیچ تاوانبارێک وەک مەحکوومێکی سیاسی پێی لە دادگاکان نەناوەتە دەرەوە و، دۆسییەکان هەر بە ئەمنیەتیی ماونەتەوە.

لەو وڵاتانەی تاوانی سیاسی پێناسە کراوە، چالاکانی سیاسی دەزانن کە لە بەرامبەر هەرچەشنە کردەوەیەکدا چ جۆرە سزایەک چاوەڕوانیان دەکا و لەوەش دڵنیان کە جیا لە قازی کە نوێنەر و پارێزەری دەسەڵات و حاکمییەتە، هەیئەتی مونسیفەیەک هەیە کە تەشخیسی تاوان بوون یا نەبوونی کردەوەکەی ئەوان دەدا و دادگایی کردنەکەشیان بەئاشکرا و لە بەرچاوی میدیاکانە. بەڵام لە ئێراندا بە هۆی ئەوەی کە تاوانی سیاسی پیناسە نەکراوە، هیچ ڕوون نییە کە کردەوە یان دژکردەوەیەکی سیاسیی چالاکێک بە چ پێودانگێک هەڵ دەسەنگێندرێ و چ جۆرە سزایەکی بۆ دەبڕدرێتەوە ئەوەش لە جێی خۆی کە هیچ کام لەو دادگایی کردنانەی تاوانبارانی سیاسی بە ئاشکرا بەرێوە ناچن و تەنانەت پێچەوانەی ئەسڵی ١٦٨ ی یاسای بنەڕەتیی وڵاتیش هەیئەتی مونسیفەیەک نییە کە تەشخیسی کردەوەکەی ئەو وەک تاوان یان کردارێکی قانوونی بکا و ، ئەوە تەنیا بازجووەکانی ناوەندە ئەمنیەتییەکان و دادوەری پەروەندەکەیە کە وەک پارێزەری بەرژەوەندییەکانی دەسەڵات چۆنیان پێ خۆش بێ بە گەز و ربەی خۆیان دەیپێون و حوکمی خۆیان دەدەن.

> **لەو وڵاتانەی تاوانی سیاسی پێناسە کراوە، چالاکانی سیاسی دەزانن کە لە بەرامبەر هەرچەشنە کردەوەیەکدا چ جۆرە سزایەک چاوەڕوانیان دەکا و لەوەش دڵنیان کە جیا لە قازی کە نوێنەر و پارێزەری دەسەڵات و حاکمییەتە، هەیئەتی مونسیفەیەک هەیە کە تەشخیسی تاوان بوون یا نەبوونی کردەوەکەی ئەوان دەدا و دادگایی کردنەکەشیان بەئاشکرا و لە بەرچاوی میدیاکانە. بەڵام لە ئێراندا بە هۆی ئەوەی کە تاوانی سیاسی پیناسە نەکراوە، هیچ ڕوون نییە کە کردەوە یان دژکردەوەیەکی سیاسیی چالاکێک بە چ پێودانگێک هەڵ دەسەنگێندرێ و چ جۆرە سزایەکی بۆ دەبڕدرێتەوە**

پێشینەی بوونی زیندانیی سیاسی لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامییدا بە قەد تەمەنی ئەم ڕێژیمەیە. لە درێژایی ئەم ساڵانەدا بە هەزاران کەس لە چالاکانی سیاسی و مەدەنی دەسبەسەر و ئەشکەنجە و ئێعدام کراون، بەبێ ئەوەی یەکێک لەمانە تاوانەکەیان وەک تاوانی سیاسی پێناسە کرابێ. ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ و چالاکانی مەدەنی و ... بە بەردەوامیی نیگەرانیی خۆیان لە هەمبەر دۆخی زیندانییانی سیاسی لە ئێران دەربڕیوە و بە دەیان جار بە نامە و ... ڕاستەوخۆ داوای ئازادیی ئەم چالاکە سیاسییانەیان لە کاربەدەستانی ڕێژیم کردوە. بەڵام کۆماری ئیسلامی و هەموو دەوڵەتەکان و ئێستاش بۆ نموونە جەواد زەریف و حەسەن ڕۆحانی دوو کاربەدەستی دیاری ئەم ڕێژیمە لە چەندین لێدوانی خۆیان لە نێوخۆی وڵات و بە تایبەتی لە دەروەی وڵاتیش و ڕوو بە ڕاگەیەنە نێونەتەوەییەکان ڕایان گەیاندوە، لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییدا زیندانیی سیاسی بوونی نییە. ئەم شان داخزاندنە لەژێر باری زیندانیی سیاسی بێهۆ نییە، حکوومەت لەم ڕێگەیەوە دەیهەوێ فشارە نێودەوڵەتییەکان و بە تایبەتی زەختی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لەسەر خۆی داماڵێ و، بە دەستئاوەڵاییەکی زیاترەوە سەرقاڵی سەرکوتی نارازییانی حکوومەتەکەی لە نێوخۆی وڵات بێ.

لانیکەمی ئەرک و بەرپرسایەتیی حکوومەت لە بەرامبەر زیندانییاندا پاراستنی ماف و کەرامەتی ئەوانە، کە کۆماری ئیسلامی لەم بارەیەشەوە کۆتایی دەکا و بە نسبەتی زیندانییانی سیاسییەوە ئەم ئیدیعایە بە دەیان قات بەرچاوتر و ڕوونترە. زیندانییانی سیاسی لە یەکەم ڕۆژی دەسبەسەرکرانیانەوە بەرەوڕووی دۆخێکی پڕ لە ترس و ئەشکەنجە دەبنەوە. زیندانییانی سیاسیی کورد لەو نێوەدا دووقات غەدریان لێ دەکرێ. هەموو جۆرێک لە سزاکان لەسەر زیندانییانی سیاسیی کورد تاقی دەکرێنەوە، لە دوورخستنەوە، ئەشکەنجەدان، دادگای چەند خولەکی، حوکمی زیندانی درێژخایەن، ئێعدام و ...




بەداخەوە لە زۆربەی جۆراوجۆریی ماوە و شوێن و ڕێژە و هتدی پێوەندیدار بە زیندانەوە، زیندانییانی کورد لە سەرەوەی ڕیزبەندییەکانن. بۆ نموونە عوسمان مستەفاپوور درێژماوەترین زیندانیی سیاسیی ئێران بوو کە لەم دواییانەدا بەهۆی فشار و زەختەکان بەردرا. زێنەب جەلالیان، کۆنترین ژنە زیندانیی سیاسیی وڵاتە کە حوکمی قورسی زیندانی هەتاهەتایی دراوەتێ، کە بەداخەوە لە بنەڕەتییترین پێداویستییە دەرمانی و پزشکییەکان بێبەشە و تووشی چەندین نەخۆشیی جۆراوجۆر بووە. بێجێ نییە لیرە ئاماژە بەوەش بکەین کە لەم ماوەیەدا کە نەخۆشیی کرۆنا بڵاو بۆتەوە و زیندانەکانیشی گرتۆتەوە، ژمارەیەک زیندانیی زۆر تووشی ئەم نەخۆشییە بوون و ئەمەش بووە هۆی نیگەرانیی هەموو لایەک و داوای مەرەخەسییان بۆ کرا. بەڵام یەکێک لە بەربەستەکانی بەردەم زیندانییانی "ئەمنیەتی" ئەوەیە کە مەرەخەسییان نادرێتێ یا لانیکەم زۆر بە شێوەیەکی سنووردار دەیانگرێتەوە، ئەوە لە کاتێکدایە ئەگەر وەک زیندانیی سیاسی چاو لێ بکرێن؛ دەتوانن لەو مافە بەئاسانی کەلک وەر بگرن.

مەبەست لە دوورخستنەوەی زیندانییانی سیاسیی کوردیش دووریی لە بنەماڵە و کەش و هەوای شار و زێدی ئەو کەسەیە. بێجگە لە هەستی دووریی لە بنەماڵە، لە باری دەروونییشەوە شوێن و کاریگەریی خراپ لەسەر خودی زیندانی و خزم و کەسانی دادەنێ، کە ڕەنگە ئەگەر نەڵێین بە هەموو تەمەنی خۆی دەتوانین بە دڵنیاییەوە بڵێین ساڵانێکی زۆری پێ دەچێ هەتا بتوانێ ئەو کەسە سلامەتیی دەروونیی خۆی بە دەست بێنێتەوە.

بەشێکی بەرچاو لە زیندانییانی سیاسیی کورد لە ماوەی تەمەنی ئەم ڕێژیمەدا کەوتوونەتە بەر ڕقی دەسەڵاتداران و لەگەڵ ئەوەی کە ئێعدام کراون –لە هەندێک حاڵەتدا ئەگەر پێشمەرگە بوون، سووکایەتی بە تەرمیشیان کراوە و بۆ چاوترسێن کردنی خەڵک بە دوای ماشێن ڕاکێشراون–، زۆر یەک لەوان پاش تەحەممولی ئەشکەنجە و پاشان کێشانی حوکمی زیندانەکەشیان ئێعدام کراون و، دوایەش گۆڕون و شوێنبزر کراون. تا بە ئێستاش تەرمی هیچ زیندانییەکی سیاسیی کورد ڕادەستی بنەماڵەکەی نەکراوەتەوە و لانیکەم شوێنی ناشتنیشیان نیشانی بنەماڵەیان نەدراوە. لە دوایین نموونەی لەم جۆرە دەتوانین ئاماژە بە بارودۆخ و چارەنووسی نارِوونی هیدایەت عەبدوڵڵاپوور بکەین کە ئەگەرچی لەلایەن کاربەدەستێکی ڕەسمییەوە بە بنەماڵەکەی ڕاگەیەندراوە کە ئێعدام کراوە؛ بەڵام بەهۆی ئەوەی تەرمەکەیان نیشان نەداون، ئەو بنەماڵەیە ئێستاش لە نادڵنیاییدا بەسەر دەبەن و یەکلا نەبوونەتەوە.

بەو پێیە بڕیارەکەی "ڕەئیسی"ش کە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا باسی لە پێویستیی پێڕاگەیشتن بە تاوانە سیاسییەکان کردوە هیچ لەو واقعییەتە ناگۆڕێ، چونکی هەر قانوونە پەسندکراوەکەش لەجێدا ژمارەیەکی یەکجار کەم لە چالاکانی سیاسی و مەدەنیی بەندکراو دەگرێتەوە و بەشی هەرە زۆری چالاکانی سیاسی و مەدەنی بە تایبەت لە کوردەکان و نەتەوە نافارسەکانی دی هەمدیسان تۆمەتی "ئەمنیەتی"یان دەدرێتە پاڵ و لە "دادگاکانی شۆڕش"دا دادگایی دەکرێن و حوکمەکانیان لە لایەن "ناوەندە ئەمنیەتییەکان"ەوە دەدرێ و لە ڕێگەی "دادوەر"ەکانەوە ڕادەگەیەندرێ.

***

---

دارسمە

دارسمە دەنووکی
لە سمین ناپارێزێ

# سمینی بنهەنگلی کلۆخوێی بۆگەن

فارس دەڵێ "هرچە بگندد نمکش می‌زنند، وای بە روزی کە بگندد نمک". پێم‌خۆشە خوێنەری هێژا و چازان و لێزان بەهۆی ئەم ڕستە فارسییەوە لۆمەم نەکەن و بە دژە نەتەوە و نۆکەری بێگانە و داردەستی شۆڤینیزمم نەزانن. خۆ ئەگەر ئاواش بکەن، هیچم لەدەست نایە. جاری جاران نییە خەڵک بەدوای کتێب و ڕۆژنامە و پەند و ئامۆژگاریی پیرە ژنان و پیرە پیاوانی دنیادیتە و خاون ئەزمووندا بڕۆن. کەنگێ پێیان خۆش بێ لەسەر ڕووبەری مۆبایل دەست بە پەنجە لێدان دەکەن، یان ئەگەر مەجێزیان بخوازێ ئەنگوستێک بە پاوەری کامپیۆتێرەکەیانەوە دەنێن. جا ئەگەر کامپیۆتێر داگیرسا و خاوڕاستان کیژۆمیژ لەسەر خەت نەبوون و کچانی جوان وێنەی تازەیان سناپ نەکرد، یان کوڕێژگەی شاز، دەست و مەچەکیان پێشان نەدا، ئەوە یەکسەر دەکەونە گیانی من و بە ستاتووس و کۆمێنت و تیچێن و مێچین دامدەگژێنێ. دەمکەن بە نۆکەری بێگانە و وام لێ‌دەکەن ئەوەندە ڕستە فارسییەم لە ببێتە ژەهری مار و بۆم قوت نەدرێ. لە قوڕگمدا بمێنێ و مەرەکەبەکەی بە لالغاوانمدا بێتە خوار.

ئەمجۆرە ژیانەی ئەم سەردەمە تەنیا ئەوەندەی باشە زۆربەی ئەو شەڕانەی تێیدا دەکرێ، بیلامانێ هەر بە قوونەوە لەسەر ڕووبەری مۆبایل و کامپیۆتێرانە. ئەگەر وا نەبوایە، ڕۆژانە دوو ئەوەندەی گۆڕستانی کرۆنالێدراوانی شاری قوم لە هەموو شارێک گۆڕ بۆ نەیارانی مەیدانی ئەم جەنگە هەڵدەکەندرا. منیش بهۆی ئەو ڕستە کورتە فارسییەی لە سەرەوە نووسیومە، دەکەوتمە بەر تیروتوانجی ئەو کوڕ و کچە نیوە وشیارە خەواڵووانەی بە زڕەباوێشکانەوە پشتیان بەرانبەر بە کامپیۆتیر و موبایلان دەچەمێننەوە.

لە نێو هەموو ئەوانەی لە سەر ڕووبەری مۆبایل و کامپیۆتێران خەریکی شەڕە دندووکەن، ڕۆژنامەنووسان و پەیامنێران لە هەموان زیاتر زەرەرمەندن. ئەوان جیا لەوەی لە نێو تۆڕە کۆمەڵایتییەکان بە تۆڕەوە دەبن، لە دونیای ڕاستەقینەشدا ناچارن لەسەر ڕووپەڕی ڕۆژنامە و لە بەرانبەرکامێرای تەلەڤیزیۆن و لە پشت مایکرۆفۆنی ڕادیۆکانیش دەربکەون. جا ئەمە وایان لێ‌دەکا بکەونە بەر سزای یاسا. دیارە یاسای ئەم سەردەمەش وەک خوێی نێو چێشتە و دەبێ بەپێی پێویست لە هەموو شتێکدا هەبێ. ئەم یاسایە زۆربەی جارانیش وەک یاسای ٨ کاتژمێر کار بۆ کرێکاران هەر زۆر بێتامە.

ئەوە بەم باسی سۆشیال میدیا و تۆڕی کۆمەڵایەتی و ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن و ڕۆژنامە و شتانە کە بە بڕوای هەندێک لە دەسەڵاتداران هەموویان سەروبنی قوماشێکن و بە پیلانی زایۆنیسم و شەیتانی گەورە دەجووڵێنەوە و دەست و پێوەندیی سی ئای ئەی و مووساد و ئێم ئای٦ و شتی وان. (دیارە جاری "کگب" لەم موعادەلە و موعامەلەیەدا نییە و لە بنکەی فڕۆکە شەڕکەرەکانی "نەوژە"ی هەمەدانەوە براگەورەشمانە.)

قسەی خۆمان بێت دارسمە بۆ ئەوە نابێ دەم لە بابەتی سیاسی وەربدا. ئەوە نییە بابەتەکەم بۆ ڕاستەڕێ نابێ و هەرجارەی بە پەراوێزێکەوە دەنووسێم و بە دوایدا دەڕۆم و بابەتە سەرەکییەکەم لێ دەبێ بە پەراوێز و پەراوێزەکە پەراوێزێکی دیکەی لێ دەکەوێتەوە، ئەویش پەراوێزێکی دیکە و بەم پێیە هەر پەراوێزە و پەراوێزێکی دیکەی لێ دەکەوێتەوە و دارسمە هیچ، کەندەسمەش سەری لێ‌دەشێوێت و ڕێگەی چوونەوە هێلانەی خۆی لە کەندەڵاناندا لێ‌دەشێوێ.

بۆ دۆزینەوەی سەرەداوی سەرەکیی باسەکەمان بەناچاری لەنێو لۆمەی ڕەخنەگران و دژبەراندا دەچینەوە سەر ڕستە فارسییەکە واتە "هرچە بگندد نمکش می‌زنند، وای بە روزی کە بگندد نمک".

لەنێوان دەسەڵاتەکانی وەک جێبەجێکار و یاسادانان و تەنانەت دەستەڵاتی میدیا و ڕاگەیاندیش کە ئێستا وەک دەستەڵاتی چوارەم دەناسرێ و کەسیش هەرزنی بە کڵاوی ناپێوێ. بەڵام دەسەڵاتی دادوەری کە سەرتۆپی هەموو دەسەڵاتانە و بە چاودێری‌کردنی جێبەجێ‌کردنی یاسا لەلایەن دەسەڵاتەکانی دیکە و کۆمەڵانی خەڵکەوە وەک ئەو کلۆخوێیە وایە پێش بە بۆگەن‌بوونی شتەکانی دیکە دەگرێ. دەسەڵاتی دادوەری ناهێڵێ کارمەندانی پلەباڵای جێبەجێکاری دەسەڵات دزی بکەن و سەرمایەی خەڵک بۆ خۆیان تەرخان بکەن، پێش بە دزی و فزیی کاربەدەستان و بڵاوبوونەوەی درۆ و دەلەسە لە لایەنە هێندێک لە ڕۆژنامەنووسانی "غەیری خودی" دەگرێ.

نەمگوت ناتوانم ئەوەندە لەسەر بابەتی سەرەکی بوەستم؟ دیسان تۆڕە تۆڕ و سەرکێشە کۆمەڵایەتییەکان بەرەوخۆیان ڕاکێشام. خۆزگە وەک جاری جاران لە ڕووبەری کامپیۆتێر دوور بوایەم و لەسەر کاغەز نووسیبام. ئەوکات لەم هەموو "نۆتیکەیشن" و پەیامە بەدوور دەبووم و هۆشم هەر لەسەر نووسینەکە دەبوو و بە هۆی ئەم هەموو پەیام و مەیامە وا بەخێرایی هەواڵی ڕاکردنی دادوەرە گەورەکەی شاری تارانم پێ‌نەدەگەیشت و نەمدەزانی خۆی گەیاندووەتە ئورووپا و لەوێ لەلایەن پۆلیسی ئینترپۆلەوە دەستبەسەر نەکراوە، وا بەخێرایش نەمدەزانی دەسەڵاتی دادوەریی ئێران هەموو قازی و دادوەرەکانی دەیانەوێ دزی کردن وەک ئەزموون تاقی بکەنەوە.

باشە تۆی خوێنەریش لەم داهێنانە جوانەی دەسەڵاتی دادوەری فێر بی و هەر لەئێستاوە دەست بە دزین بکەی و یارمەتیی وەڕاستگەڕانی ئیدیومی "وای بە روزی کە بگندد نمک" بدەی.

***

# مەرجەکانی تەنگەژەی یاسامەند

سام یارسان

هەرچەند دەکرێ پێناسەی جۆراوجۆر بۆ چەمکی گەندەڵی بخەینە ڕوو _ ڕەنگبێ ئەم بابەتە کورتیی زمانی بێ کە لە گەندەڵیی بیۆلۆژیک و گنخاوەوە بگرە هەتا ڕابواردن و گەمە و قومار و خراویی دژە ئەخلاقی و ڕامیاری لەخۆ بگرێ- بەڵام لەبەر ئامانجی ئەم نووسراوەیە دەتوانین ڕزاوی و گەندەڵی بە گۆشە نیگای زانستە کۆمەڵایەتییەکان وەکوو لە بەرچاو نەگرتنی ڕێسا و نەریتەکان و بە مەبەستی کەڵکاژۆی نابەجێ دابنێین، کە خۆیا بوونەوەی دەرەکییەکەی بۆ کردەوەی تاکەکان دەگەڕێتەوە؛ هەر لە درۆوە بگرە هەتا بەرتیل و دەورلێدانەوە لە یاسا بۆ وەدەستهێنانی سامان و هێز و زۆری. ڕاستە گەندەڵی لە هەموو کۆمەڵگەکان بوونی هەیە و هیچ وڵات و حکوومەتێک نابینی کەم یان زۆر کرمۆڵی و گەندەڵیی تێدا نەبینرێ، بەڵام ئاخۆ بۆچی لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا ئێمە بەردەوام دەبینین کە ئەم دیاردەیە ڕۆژ بە ڕۆژ گەشە دەکا و نەک هەر لێی بەرگەشت نین بەڵکوو خێرا سەرجەم بەرپرسان و کاربەدەستانی ئەو ڕێژیمە لە ماوەی ٤١ ساڵی ڕابردوودا تێوەی دەگلێن؟ بە دڵنیاییەوە لەم چەند دەساڵەی دواییا خەڵکی وڵاتی ئێران لە بواری بیۆلۆژیکییەوە بە بەراورد دەگەڵ پێش دامەزرانی ئەم ڕێژیمە ئاڵوگۆڕیان بەسەردا نەهاتوە، کەوابوو ناکرێ بڵێین ئەو گۆڕانی ئاکارە بخرێتە پاڵ قەڵەمبازی ژێنێتیکی. ئەدی باشە دەبێ چ ڕووی دابێ کە ئێمڕۆکانە دەبینین نەک هەر لە ئاستی بەرپرسان و حاکمانی ئەو وڵاتە بەڵکوو خەڵکی ئاساییش لە ئاستی جۆربەجۆردا تووشی ڕزان و گەندەڵی بوونە؟ بێگومان دەبێ هۆکاری سەرەکی لە شێوازی دەسەڵاتداری و حاکمیەت لەو چەند دەساڵەی دواییدا ببینینەوە، بەڵام دەبێ بەرپرسانی ئێران چ جۆرە هەڵسوکەوتێکیان هەبێ کە ئاکامەکە ئەوها ڕۆچوون بەنێو گەندەڵی بێ؟ بەڕواڵەت کۆماری ئیسلامیی ئێران داواکاریی بڕەودان بە دینداری و ئاکاری ئۆلییە کە دەبێ خەڵک وەها هان بدا کە نەک لەبەر ترسی بەرپرسانی قەزایی و ڕاسپێردراوانی کۆنترۆڵی دروستی یاسا؛ بەڵکوو لەبەر باوەڕ بە پاراستنی ڕێساگەلی ئیسلامی و ئیلاهی خۆیان بەدوور بگرن لە هەر چەشنە گەندەڵی و سووچێک و بە پێی یاسای بنەڕەتیی نووسراوە و دەسەڵاتیش دەبێ بوارێک بخولقێنێ کە کەرامەتی مرۆڤ لە کۆمەڵگە بپارێزرێ (بنەمای ٢ لە یاسای بنەڕەتی)، بەڵام بە کردەوە ڕەوتی گوورانی ئاکاری کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگە بەجۆرێک بووە کە نەک تەنیا ناتوانرێ بەرپرسان بەو پێوانانە هەڵسەنگێنی، تەنانەت خەڵکی ئاساییش باوەڕەکانیان ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هاتوە و شاهیدی پەرەئەستاندنی فەساد لە ئاستی ژێرەوەی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیشین.

دەزانین کە لە سادەترین جۆری پێناسەی ئاکار (اخلاق) چ لە بواری پەروەردەی ئۆلی چ بە ڕوانینی فەلسەفی؛ ئەو کردەوەیە ئەخلاقییە کە ئەگە ببێتە یاسا، پێی ڕازی بین و پەسەندی بکەین. ئەوە لە حاڵێکدایە کە لە بەشی هەرەزۆری ئەو خاڵانە ئاکاری ئەو خەڵکە، ئەگە کردەوەکە بۆخۆی گەڕاوە و لەوی بقەومێ، پێی ڕازی نییە و بەباشی نابینێ! ئەی بۆچی ئەو باوەڕە هەتا ئەو ڕادەیە لە پەرەسەندن چۆتە نێو کۆمەڵگەوە؟

هەرچەند دەتوانین هۆکارگەلێک باس بکەین بەڵام یەکێ لە گرنگترین هۆکارەکانی کە بەداخەوە کەمتر بایەخی پێ دراوە ئەوەیە کە یاسا کەوتۆتە لێژی و کەس شتی باشی بۆ نابێژێ! ڕەوشی تەنگانە و لە یاسا قەومان بە شێوەیەکی گشتی، ئەو دۆخەیە کە تاک تووشی ڕەوشێکی ناسروشتی دەبێ کە تێدا هەڵکەوتنی بۆ تاک بەرئەنجامی نەرێنیی ئابووری، کۆمەڵایەتی و تەنانەت سلامەتییشی لێ دەکەوێتەوە و تێپەڕین لێی بەبێ تێچوو نییە و کاریگەرییەکانی هەتا ماوەیەکی زۆر هەر دەمێنێتەوە. بۆمیناک ئەگە کەسێک دە سەرما و سەخڵەتییەکی دژواردا بمێنێتەوە یان لە بواری خواردنەوە دەستی وە خواردن و خواردنەوە ڕانەگا تووشی تەنگانە و لێقەومان دەبێ و ئەگە ماوە و دژوارییەکە درێژ ببێتەوە؛ دەتوانێ کەسەکە لەنێو و لە ئاستێکی نزمتریشدا دەتوانێ سەدەمەی کاریگەر لە جەستەی بدا کە هەتا کۆتایی ژیان دەگەڵی دەمێنێتەوە و لە نەستی بیرەوەرییەکانیدا تاڵ و تووش دەمێنێتەوە.

بە دڵنیایەوە ئاوەزی ساغ وا حوکم دەکا کە مرۆ خۆی لەو ڕەوشەدا نەبینێتەوە، بەڵام پرسیار ئەمەیە کە گرووپێک بە ناوی دەسەڵات هەوڵ بدەن ڕەوشی تەنگانە و قەومان بە شێوەیەکی سیستماتیک لێبکەن، تەکلیف چییە؟ وای دابنێین کە بۆ کەلکوەرگرتن لە خاترانە و هەڤیازیی ماڵی و ئابووری لە وڵاتێک لەسەریەتی کە پرەنسیپێکی تایبەت بپارێزێ کە باوەڕمان پێی نییە، ئەدی چارە چییە؟ واتە بۆ میناک بۆ دامەزراندن، وەرگرتنی جەوازی کار، درێژەپێدان بە خوێندن و ... دەبێ بە گەز و پێوانەی ئایدۆلۆژیا هەڵسەنگێندرێین و بە پێچەوانەی ئەمە ئەگە ئەو باوەڕەمان تێدا نەبوو و لەو هەڤیازییانە بێبەش بووین [کە دەبین]، دەبێ چ بکەین؟

ئایا ڕەوشێکی ئاوا خەڵک تووشی تەنگانە ناکا؟ ئایا دۆخی ئاستی یەکەمی پەرەسەندنی گەندەڵی نابێتە باو؟ ئایا کەسانێک بیر لەوە ناکەنەوە کە هەرچەند ئیمانیان بەو شەرت و مەرجانە نەبێ، خۆیان وا پێشان بدەن کە دەگەڵی هاوڕێن؟! بەداخەوە ئەم نەریتە هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە بەو پاساوە کە ئێمە دەمانهەوێ جگە لە کەلکوەرگرتن لە خەڵکانی بەتواناتر بە شێوەیەکی هێور خەڵک هان بدەین باوەڕە بایەخدارەکانیان جێگیر بکەن بەتوندی کەلکی لێ وەرگیرا و هیچ کەسێکیش نەیدەتوانی ئەمە وەبیر حاکمان بێنیتەوە کە ئەم شێوازە نەک هەر بە ئاکام ناگات بەڵکوو بە بوونی ڕەوشی تەنگانە دەبێتە هۆی ئەوەیکە گرووپێک لە خەڵک ئەگە بە ناچاریش بێ دانی پیا بنێن بەڵام قینی چۆنیەتیی دەرکەوتن لەم شێوازە پڕ لە قەیرانەیان لە بیر دەمێنێتەوە و دەسەڵاتداران بیریان لەوە نەکردبۆوە ئەم جۆرە ڕەوشت و ئاکارە بە کوێ دەگا و ئاکامەکەی چیی بەسەر دێ کە تەنانەت ڕۆژێک دەقرۆقاپی خۆیشیان داڵێ.

ئەوانەی کە هێزی دانانی یاسایان هەبوو لە یەکەم هەنگاودا بنەمای ئاکاریان لە بیر چۆوە و بە خوێندنەوەی جۆرواجۆر لە ئیسلام، هەموو جۆرە یاساگەلێکی سنووردار کە دەبێتە هۆی ڕەخسانی ڕەوشی تەنگانە لە خەڵکدا پەسەند کرد؛ وەک، زیادکردنی هەڵاوێژی دامەزراندن (گزینش استخدام) بە پێوانەی ناڕوون کە ئامانجەکەی گەشە و کەلکوەرگرتنی چینێکی دیاریکراوی کۆمەڵگەی جێباوەڕی خۆیان بوو، هەڵبەت دواتر زانیان کە بە هاسانی زۆریەک لە خەڵک بە ڕواڵەت و دەغەڵکاری و چەواشە دەتوانن ئەو ڕێسایانە دەور لێدەنەوە و بە شێوەیەکی نەخوازراو چوونە بازنەی خەڵکی ئەوان، جا ئەو خەڵکانە کە بە فێڵ و ساختەکاری چووبوونە نێو ڕیزیان بوونە هۆکاری کێشە و سەرئێشە بۆیان. نموونەی سادەی ئەم جۆرە یاسایانە دەتوانین باس لە پێناسەی ماڵیاتی گومرگی کاڵا و دیاریکردنی نرخ وەک میناک لە ماشێندا بکەین. هەمیسان پاساوی جوان و مرۆڤانەکەی پشتیوانی لە بەرهەمی نێوخۆیی بوو بەڵام بە کردەوە بووە هۆی بەرهەمهێنانی مافیای ماشین کە لەوێدا بە سامانی خەڵک ماشینی بە کوالێتیی نزم بە نرخی بەرز بەرهەم دەهات و قازانجەکەشی چ بە ڕێگەی هاوردەکردنی ماشین چ وەک کڕینەوەی ماشینی نێوخۆیی دەچووە گیرفانی کەسانێک کە بە دڵنیاییەوە ناتوانین ئەوانە وەک خەڵکی ئاسایی کۆمەڵگە بناسین و بەداخەوە لە ئاستێکی زۆر، تەنانەت فەرمانبەرانی ئەو پیشەیەش هەر ئەو گرووپە هەڵدەبژێردرێن کە لەو کۆلیدۆرە سەقەتەی هەڵاوێژی دامەزراندن تێپەڕیون و لە ڕاستییا لە خەڵکی نین و یان لەو دەستە لە دەغەڵکارانەن کە ئەو سیستمەیان دەور لێداوەتەوە. بەشی هەرە زۆری یاساکان لەم وڵاتە ئا بەم شێوەیە ڕۆنڕاوان کە باس کردنی تەنانەت بەشێکی کەمیشیان لێرەدا دەبێتە هۆی ئەوەیکە ئێمە لە بابەتەکەمان دوور بکەوینەوە و تەنیا بە شێوەی تیتروار ئاماژە بە چەند نموونەیەک دەکەم کە خوێنەر بە هەندێک بیرکردنەوە دەتوانێ بزانێ ئەو ڕەوشە تەنگانەیەی باسی دەکەم چۆنە و چییە.

بۆ وێنە، قۆرغکاریی ڕاگەیاندن و دانانی یاسای قەدەغەی کەلکوەرگرتن لە سەتەلایت یان تێپەڕین لە فیلتێرینگی ئینتێرنێت؛ هەڵاواردنی ماڵیاتی، دووچاوەکی لە دانی بوودجە چ لە بواری جوغرافیاییەوە چ لەبواری ڕێکخراوەیی-وەک نەبوونی هاوسەنگیی نێوان ناوەندە فەرهەنگی و ئایینییەکان لە هەمبەر کەرتی ساخڵەمی- هەڵاواردنی پەروەردەیی، جیاوازی دانان لە بەشی دەرمانی و ... .

هەر هەموو ئەم هەڵاواردنانە ڕەوشی تەنگانە بۆ خەڵک دەخولقێنێ، جا سەیر ئەوەیە ئەم دۆخە نەک دوژمنی دەرەکی و گەمارۆکان بەڵکوو بە پشتیوانیی یاسای ڕۆنراوی دەسەڵات دەخولقێ. ئاکامی سەرهەڵدانی ئەم ڕەوشە پڕ لە تەنگانە و قەیرانە بە شێوەیەکی زەوینی؛ دان پێدانانی خەڵک بە دۆخی ناچارەکی و بۆ مانەوەی خۆی ئامادەیە هەموو کارێک بکا، وەک کۆڵبەری ئەویش لەلایەن کەسانی خوێندەوار کە هیچ شانسێکیان نییە کە ئاکاری شەرافەتمەندانەی خۆیان بۆ دەور لێدانەوەی یاسا بخەنە ژێر پێ. ژمارەی ئەو کەسە شیاوانەی کە کەوتوونەتە نێو ڕەوشی تەنگانە و تووشی گرفت و ناحەقی بوونە کەم نین. ڕەنگبێ سەرجەم ئەو ناخۆییانە (غیرخودی) تووشی دۆخی کۆڵبەری نەبن بەڵام ناچار دەکرێن کە بە دوای کەمتر لە مافی خۆیان بن و ئەگە ڕێگەی لانیکەمی گەشەیان پێ بدەن، لێرەیە کە دەسەڵاتداران بە ڕواڵەتیش بێ و بە ناوی چاکە پێویستیان بە ڕەعیەت هەیە! ئەو مەزنایەتییەی مرۆڤ کە بڕیار بوو یاسا پشتگیریی بکا و بۆ گەشە و پێشکەوتنی، پێوانە "کردەوە" بێ، لە نێو چووە و زۆریەک لەو تاکانە بە کردەوە کەوتوونەتە دۆخێک کە حەز دەکەن تەرکەوڵات بن و لە کۆمەڵگەیەکی تردا کە بۆخۆیشیان دەزانن ڕەنگبێ گیروگرفتی زۆر و تەنانەت وەک شارۆمەندی پلە دوو بیانڕوانن، بژین.

لەم نێوەدا گرنگترین خاڵ ئەوەیە کە کەلکوەرگرتن لە هێزی پەتی بۆ ڕۆنانی یاسا کە ئەو ڕەوشە تەنگانەیە دەستەبەر دەکا، تەنیا ڕێکارێک نییە کە لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە بەڕێوە ببرێ. زۆر کەس هەر بەو لۆژیکەی دەورلێدانەوەی هەڵاوێژی دامەزراندن و چوونە نێو بازنەی خاوەن بڕیارات کەلکیان وەرگرتوە -واتە خۆنوێنی بەو شتەی کە هەر باوەڕیان پێ نییە، ئەمەش یەکەم هەنگاوی گەندەڵییە- دەست دەکەن بە شرۆڤەی ئاستێکی نوێ لە ڕەوشی تەنگانە لە نێو کۆمەڵگە. زاراوەی وەک "پاوان" (احتکار)، قاچاخ و شتی لەم چەشنە ئاکامی ئەو شێوە ڕوانین و بۆچوونەیە کە ڕەوشی تەنگانە دروستی دەکا، جیا لەو ئاکارە ئاشکرایانەی کە لەلایەن پاوانچی و قاچاخچییەوە دەکرێن. لە ئاستی بە قەول شارستانییانەتر، ئایا ئاکاری پزیشکێک کە بۆ دەرمانی نەخۆشێک داوای کارانەی زیادەی بێمەنتق دەکا، تشتێک جگە لە ئاکامی خولقانی ڕەوشی تەنگانەیە؟ ئەو نەخۆش و دەردەدارەی کە بڕیار بوو هاوکاری و پشتیوانیی یاسایی لێ بکرێ و گەورەیی ئینسانیی بپارێزرێ، ناچارە بە هەڵبژاردنی لە نێوان مان و نەمان بە ڕازی بوون بەو نادادپەروەرییەی بۆتە باو! ئەو کرێکارەی کە هەڵاواردنەکان وای کردوە گەشە نەکا و بەهرەکانی سەرکوت کراون و هیچ پشتیوانییەک لە کەرامەتی ئینسانییەکەی ناکرێ کاتێک دەکەوێتە بەر شاڵاوی گرانییەکان کە دەوڵەت بۆ خۆدەرباز کردن لە گەندەڵییە ئابوورییەکانی و بێسەروبەری سیستم تووشی بووە، ناچارە لە نێوان مردن و هەرزان فرۆش کردنی هێزی کاری خۆی دانەیەکیان هەڵبژێرێ، تەنانەت ئێستا بەو ئێپیدێمییەی کە هاتوە و کۆرۆناڤیرووس تەنگی بە خەڵک هەڵچنییەوە، کرێکاری بەستەزمان بە ناچاری لەم دۆخەشدا بۆ بژیوی ژیانی ماڵ و منداڵی هەوڵ دەدا.

مەخابن لە نێو دەسەڵاتدا نەک هەر هیچ بایەخ و گرنگییەک بەوە نادەن کە وەک داڕێژەرانی یاسا، کەلکوەرگرتنی نابەجێ و زیادە تووشی کارەساتی ڕەوشی تەنگانەیان دەکا بەڵکوو بە جۆرێ بە دەستکاریی یاساکان و دەور لێدانەوەی و لانیکەمی بێنەوبەرەی بڕۆکراتیکی نیوەچڵیش، بەستێن بۆ برەودان بەو ڕەوشە خۆشتر دەکەن و هەر گوێشیان لێ نییە چونکە قازانجیان لەوەدایە و خەڵکیش کەیفی خۆیەتی با بمرێ! میناکی هەرە زیندووی ئەو بێ سەروبەری و تەنگانەیە بەرزکردنەوەی لەنکاوی نرخی بێنزین لەلایەن سەرۆکانی سێ هێزەکە، پێشگرتن بە کاردانەوەی پارلمان لەم بابەتە، پەسەند کردنی بوودجە بەبێ دەستێوەردان و ئاگاداریی مەجلیس و لەم دواییەشدا لانیکەم هەقدەستی کرێکاران بەبێ بوونی نوێنەرانی کرێکارەکان و ... .

هەرچەند بەردەنگی سەرەکیی ئەم نووسراوەیە، ئەو کەسانەی کە هەتا ئێستا بە خولقاندنی ڕەوشی تەنگانە بە شێوەیەکی سیستماتیک هیچ گرنگییەکیان نەداوە بەڵام نووسەری ئەم دەقانە هیوادارە کە لایەنی بەرامبەریش واتە دەسەڵاتداران ئەمە بزانن کە پەرەسەندنی ڕەوشی تەنگانە هەروەک چۆن هەتا ئێستاش وەدیار کەوتوە هەموو کات لە بەرژەوەندیی ئەواندا نابێ و ئیتر خەڵک چیی دی لە نێوان مردن و مافی کەم دەستەوەستان نامێنن و هەڵبژاردەی سێهەمیشیان لە بەردەستدا دەبێ کە دەتوانێ ئاه و ناڵەی بەکردەوەی ئەو خەڵکە هەموو حاکم و زاڵمان پێوە ئاگر تێبەردا.

لێرەدا دەبێ زۆر وریا بین چونکە ئەگە کار بگاتە ئەو جێگایە هەر بە تەنیا دەسەڵاتداران گڕ ناگرن و مەترسیی ئەوە هەیە دەسەڵاتی دوای ئەمانەش بکەوێتە دەست کەسانی لەوانە بەدتر کە ئاکامەکەی هەر هەموومان پێکەوە ئاور بگرین.



**مەخابن لە نێو دەسەڵاتدا نەک هەر هیچ بایەخ و گرنگییەک بەوە نادەن کە وەک داڕێژەرانی یاسا، کەلکوەرگرتنی نابەجێ و زیادە تووشی کارەساتی ڕەوشی تەنگانەیان دەکا بەڵکوو بە جۆرێ بە دەستکاریی یاساکان و دەور لێدانەوەی و لانیکەمی بێنەوبەرەی بڕۆکراتیکی نیوەچڵیش، بەستێن بۆ برەودان بەو ڕەوشە خۆشتر دەکەن و هەر گوێشیان لێ نییە چونکە قازانجیان لەوەدایە و خەڵکیش کەیفی خۆیەتی با بمرێ!**

## هێمن مەروانی:

# بۆ کورد بایەخی مەعنەوی و سیاسی و مێژوویی میراتی کولتووری پتر لە بایەخە ماددییەکەیەتی

دیمانە: شەونم هەمزەیی

**میراتی فەرهەنگی و کولتووری کە گرینگییەکی مێژوویی و شوناسخوازنەی بۆ هەر میللەتێک هەیە، بۆ نەتەوەی کوردیش پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە. بەتاڵانبردنی میراتی کولتووریی کورد و سڕینەوەی شوناسی کورد لە لایەن نەیارانی کوردەوە بووەتە بابەتێکی جێی سەرنج و، شارەزایانی بواری میراتە فەرهەنگی و ئاسەوارە مێژووییەکان پێیانوایە دەبێ بە گرینگیی زیاترەوە لەو پرسە بڕوانین. لەنێو بردنی ئەو میراتە کولتوورییانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و کەسانی بەرژوەندیخوازەوە ئەمڕۆکە بووەتە مەترسییەکی گەورە لەسەر مێژوو و ناسنامەی کوردستان. بۆ زیاتر باس لەسەر ئەم پرسە "کوردستان"، وتووێژێکی لەگەڵ "هێمن مەڕوانی"، کارناسی باڵای "ئاسەواری کەونارا" پێک هێناوە.**

**ئایا ڕوانگە یان بڵێین پێناسەیەکی گشتداگیر بۆ میراتی کولتووری هەیە؟ شوێنەواری نەتەوەیی، ئاسەواری نەتەوەیی یان میراتی نەتەوەیی یانی چی؟**

میراتی کولتووری بە کۆی ئەو ئاسەوارە بەجێماوانە لە ڕابردوو دەوترێ کە خاوەنی بەهای کولتووری بن. ئەمانە دەکرێ بریتی بن لە ئاسەواری بەرهەست و بەرچاو وەک بیناگەلی کەونارا یان ئاسەواری نادیار وەک داب و نەریت و بۆنەکان، کە بۆ پاراستنی ئەمانە بۆ بەرەی داهاتوو هەوڵ دەدرێ. میراتی کولتووری، تایبەت و بێهاوتا و بێجێگرەوەن و لە هەمان کاتدا ڕێز و نرخی خۆیان هەیە لەلای پشتە جیاجیاکانی مرۆڤدا. شتگەلی بچووکتری وەک کەرەسە و ئامێری هونەری و شاکارە کولتوورییەکان لە مۆزەخانەکان و گالێرییە هونەرییەکان کۆ دەکرێنەوە و دەپارێزرێن، لە کاتێکدا هەندێ ئاسەواری وەک بیناگەلی کەونارا بە گشتی وەک میراتی کولتووری پێناسەیان بۆ دەکرێ.

**کە باس لە میراتی کولتووری و شوێنەوارە مێژووییەکان دەکەین، چۆن باس لە میراتی کولتووریی کورد دەکەین؟ میراتە کولتوورییەکانی ئێمەی کورد چین و کامانەن؟**

کە باس لە میراتی کولتووریی گەلی کورد دەکرێ، زوو بیرمان دەچێتەوە بۆ لای "ماد"ەکان و پاشایەتیی ئەوان. لە ڕاستییدا ئەو مادەکان بوون کە بۆ یەکەم جار لە بانوو (فلات)-ی ئێران یەکەمین دەوڵەتی گشتگیر و سەرانسەرییان پێک هێنا، بەڵام ئەمڕۆکە بە هۆکارگەلی سیاسی، کوردەکان پشتگوێ و پەراوێز خراون.

گەر بمانەوێ ئاماژە بە میراتی ئەمڕۆکەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەین دەتوانم ناوی "فەقرەقا" وەک گرینگترین و دیارترین جۆری بینای مێدییەکان بێنمەوە، کە گڵکۆی پاشایانی مێدی بە ناوەکانی "دیاکۆ" و "فرەوەرتیش"ـە. گڵکۆ بەردینە مێدییەکانی تر لە پارێزگای کرماشان هەڵکەوتوون. گۆڕە بەردینەکانی وەک سەکاوەند، دووکان داوود، ڕەوانسەر، بەردی ئاشقان و دەخمەی سەرپێڵی زەهاو گشتیان سەر بە شارستانییەتی ماد و مێدیان. ئەمانە هەموویان میراتی کولتووری و بەرهەست و



نەگوێزەرەوەی کوردن و بێگومان زۆر شوێن و بینا و ئاسەوار و شوێنەواری گرینگیی دیکەش هەن.

لە مەڕ میراتی نابەرهەست و غەیرەماددی و نەگوێزەرەوەی کوردستان ئەشێ ئاماژە بە داب و نەریت و زمان و سوننەت و بەجێماوە مەعنەوییەکانی ئەم شارستانییەتە بکەم کە لە جێدا لە بواری کولتووری و مەعنەوی و لە ڕاستییدا کۆڵەکەی سەرەکی و قایم و پتەوی دەواری فەرهەنگ و ڕەسەنایەتیی ئێمەی کوردن.

**گرینگی و کاریگەریی میراتی کولتووریی نەتەوەیەکی شوناسخواز لە پرۆسەی بەنەتەوە بوون و بەدەوڵەت بووندا چییە؟**

گرینگی و کاریگەریی میراتی کولتووری بۆ نەتەوەیەکی شوناسخواز و خەباتکار، لە ڕاستییدا گرینگییەکی گەورە و پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە. هەروەک دەزانین ئەمڕۆ زانستی باستانناسی هەم بە جۆرێک لە خزمەتی ڕەسەنایەتیی کولتووریی شارستانییەتەکانی ڕابردوودایە و هەمژی دەوڵەتانیش کەلکی سیاسیی لێ وەردەگرن. جیا لەمە، نەتەوەی کورد بە درێژایی خەباتی خۆی و بە ئاگابوون لە ڕابردووی پڕبەرهەم و ڕەسەنی خۆی، بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بووە لانیکەم هەر نەبێ بەشێک لەو شارستانییەتە ببووژێنێتەوە و نەهێڵێ تۆز و خۆڵی لەبیرچوونەوەی بەسەردا بنیشێ. هەنووکە هەبوونی وەها کولتوور و میراتێکی کەون و پڕبایەخ بە واتای یەک لە هۆکارە کاریگەرەکان لە ڕەوتی سەلماندنی ڕەوایی داخوازییەکانی کورد بە هەژمار دێ.

**ئایا میراتە کولتوورییەکان هەر تەنیا بایەخی مەعنەوییان هەیە، یان دەکرێ لە گۆشەنیگای ئابووری و ماددییشەوە سەیریان بکرێ؟**

میراتی کولتووری هەم خاوەنی بەها و بایەخی مەعنەوییە و هەمیش بایەخ و قورسایی ماددییشی هەیە. کۆمەڵە کەرەسە و شتگەلی دۆزرواە لە گۆڕ، گرد، قەڵا و شوێنە باستانییەکان جیا لە بایەخی مەعنەوی، خاوەنی بایەخی دراوییشن. لە ڕاستیدا لە ڕۆژگاری ئێمەدا و بۆ ئێستای کورد، بایەخی مەعنەوی و سیاسی و مێژوویی ئەم میراتە کەونەی مرۆڤایەتی، پتر لە بایەخە ماددییەکەیەتی.

**مامەڵەی داگیرکەرانی کوردستان لەگەڵ شوێنەوار و میراتی کولتووریی نەتەوەی کورد چۆن بووە؟**

ئاکاری دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان لە تەواوی بەشەکانیدا، تەنیا ڕوانینێکی ئەمنی و پڕ لە هەڵاواردنە. لە کوردستانی بندەستی ئێران، نەک هەر هیچ بایەخێک نادرێتە میراتی باو و باپیرانیان و هیچ بوودجەیەک بۆ پاراستن و هەڵکەندنی زانستیی زەوی تەرخان ناکرێ، تەنانەت ئەو میراتە کولتوورییە لە لایەن بەرپرسان و کاربەدەستانی حکوومەتییەوە تاڵان دەکرێن و لە نێو دەبردرێ. زۆرینەی خەڵک دەزانن کە یاسر ڕەفسەنجانی کوڕی سەرکۆماری پێشوو وەک سەرکردەی تاقمی مافیایی لە دزین و بە تاڵان بردن و تێکدانی ئاسەواری باستانی چ ڕۆڵێکی تێکدەرانەی لە کوردستان و ئێراندا هەبووە. گردە شوێنەوارییەکانی کوردستان لە باشترین حاڵەتدا دەکرێنە مۆڵگە و پێگەی سپای تێرۆریستیی پاسداران کە لەم بارەشدا دەکەونە بەر هێرشی تیکدەرانە و تاڵانچییانە. هەر لەم پێوەندییەدا قەڵای سەرداری بۆکان کە یەکێک لە ئاسەوارەکانی سەردەمی قاجار لە کوردستان بوو، بە جێی نۆژەنکردنەوە کرا بە بنکەی سپای پاسداران و لە ماوەی چەند ساڵدا تێک و پێک درا و، دوایەش بە بیانوی دروستکردنی تاریکە بازاری "قەڵای سەردار" وەک پڕۆژەیەکی بیزنس_ خزمەتگوزاری! ئەو قەڵایەیان هڵۆڵ کرد و چی ئاسەواری مێژوویی و عەنتیکەی تێدا بوو بە تاڵانیان برد. یان لە حاڵەتێکی تردا، زێدی مامۆستا "هێمن" شاعیری خۆشەویستی گەل لە گوندی "لاچین"-ی مەهاباد کەوتە بەر هێرشی تێکدەرانە و تاڵانی گرووپگەلی مافیایی. لەم بارەوە بەداخەوە نموونە زۆرە، وەک بەتاڵان بردنی کەلوپەل وئاسەوارە مێژوویەکانی "قەڵایچی" لە گوندی قەڵایچیی بۆکان، قەڵای "زێویە"ی شاری سەقز، قەڵای ماران لە شەرەفکەندونیسکاوا، و ئەژدیهای داشی لە تەرەغەی بۆکان و ..

لەنێو چوونی یەکجارەکیی ئاسەواری مێژووی قەرەکەند لە شاری بۆکان و رووخاندنی قەڵای کۆشکەلە لە شاری سەقز بە بیانوی دروستکردنی نەخۆشخانەیەک پێمان دەڵێن کە بەرپرسانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی سەرەڕای بە ئاگاهاتنەوەی ڕۆڵەکانی کورد و هەول و تێکۆشانیان بۆ پارێزگاری لە میراتی کەلەپووریان هەر وا درێژە بە سیاسەتی لە نێو بردن و فەوتاندنی دیسانەوە بە ڕای من بە سەرنجدان بە بایەخ و گرینگیی سیاسی و مێژوویی و کولتووریی ئەم گوتارە هەستیارە، ئەشێ تێکدەران و تاوانکارانی میراتی کولتووری و کەونارای کوردستان وەک خائین بە نیشتمان سەیر بکرێن و سزا بدرێن با پێش بەم دیاردە خائینانە بگیردرێ.

**ئەرکی پاراستنی میراتی کولتووری و شوێنەوار و ئاسەوارە مێژووییەکانمان کە بەشێک لە شوێنەوارە مێژووییەکانی گەلی کورد دەدەن.**

**ئەدی پێتانوانییە کە کورد خۆیشی هێشتا بەباشی لە بایەخی شوێنەوار و میراتە کولتوورییەکانی نەگەیشتوە؟**

بەڵێ، بە دڵنیاییەوە. بەداخەوە وریایی و ڕوونکردنەوە لە مەڕ گرینگیی میراتی کولتووری هێشتا نەگەیشتووەتە ڕادەی ئاکارێکی دژەبایەخ لە ئاستی کۆمەڵگەی کوردستاندا. تا دوێنێ باسی ڕاوی باڵندە و ئاژەڵانی دەگمەن وەکوو بایەخێک سەیر دەکرا و ڕاوچییان بە شانازییەوە باسیان لێ دەکرد، بەڵام بەختەوەرانە ئەمڕۆ ئەمە بووەتە کردەیەکی دژەبایەخ. تا گەیشتن بە وەها ڕۆژێک لەسەر ئاسەواری باستانی ڕێگەیەکی چەتوون و درێژمان لەبەرە. بەداخەوە جۆرە ڕوانینێکی تەسک و ناڕاست لە نێو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا باوە کە دەڵێ مادام حکوومەت و بەرپرسان میراتی کولتووریی ئێمە تاڵان دەکەن، ئەی بۆ بۆخۆمان ئەو کارە نەکەین!

بە ڕای من ئەگە کاناڵی تلەویزیۆنیی حیزبە کوردییەکان، بۆ ماوەی یەک خولەک هەموو شەوێ لەسەر ئەم بابەتە کار بکەن و ڕێکلامی ئاگا یی بەخشین بەرەورووی خەڵکی خۆیان بڵاو بکەنەوە، قازانج و کاریگەیی زۆر باشی دەبێ. مەخابن وا دیارە ئۆپۆزیسیۆنی کوردی وەک پێویست هێشتا لە گرینگیی و بایەخی ئەم بابەتە هەستیارە تێنەگەیشتوون و وەک بابەتێکی ڕۆژەڤ و سەرەکی سەیری ناکەن!



**شوناس و پێناسەمانن، لە ئەستۆی کێیە؟**

بە پلەی یەکەم ئەوە ئەرکی سەرەکیی بەرپرسان و کاربەدەستانی دەوڵەتە کە خاوەنی هێز و دەسەڵاتی یاسایی و یاسادانان. لە پاشان و لە قۆناغی دواتردا ئەم ئەرکە دەگەڕێتەوە سەر ئەستۆی تاک بە تاکی کۆمەڵگەی کوردستان کە دەبێ بە وریایی و هەستی بەرپرسیارییەتی لەگەڵ ئەم دیاردەیە بەرەوڕوو ببنەوە و بایەخ و بەهای میراتی کولتووری و مەعنەویی باو و باپیرانیان بزانن و ڕێزی لێ بگرن. مەخابن لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا سەرهەڵدان و هەڵتۆقانی کارگ ئاسای تاقم و گرووپگەلی حەفاریی نایاسایی گەیشتووەتە ئاستی تەقینەوە. لەم بارەوە حکوومەت زۆر کەمتەرخەمە و بایەخێکی ئەوتۆیان پێ نادا و تەنانەت بگرە زۆر جار بۆخۆیان لەو کارانە دەگێڕن، هەروەها لە مەڕ یاسای کرین و فرۆشتنی کەلوپەلی کۆن و حەفاریی نایاسایی، بۆشاییەکی یاسایی زۆر هەیە و حکوومەت سزای زۆر سووک بۆ ئەم جۆرە تاوانانە دادەنێ.



**سپاس بۆوەی بەشداری ئەم دیمانەیە بوون.**

سپاس بۆ ئێوە.

***

# لە دیکتاتۆرییەوە تا دێموکراسی

## (مەترسییەکانی وتوویژ)



و: مەنسوور مرووەتی

هەر وەک لە ژمارەکانی پێشدا باس کرا و لە ژمارەکانی داهاتووشدا وەک زنجیرە باس بەرچاوتان دەکەوێ، لە دیکتاتۆرییەوە تا دێموکراسی ناوی توێژینەوەیەکی "جین شارپ"، بیرمەندی ناوداری بواری خەباتی مەدەنی و ناتوندوتیژە. شارپ ساڵی ١٩٢٨ لە ئۆهایۆی ئامریکا لەدایک بووە، دوکتۆرای فەلسەفەی سیاسیی بووە و جیا لە مامۆستایەتی لە زانکۆکانی ئامریکا، بۆ لێکۆڵینەوە لە سەر خەباتی ناتوندوتیژ سەردانی زۆر وڵاتی کردوە و تەنانەت زۆر جاریش بۆ پەروەردەکردنی خەڵک سەری لە وڵاتانی دیکتاتۆرلێدراو هەڵێناوە و لەوە گرینگتر لە چەند وڵاتێک خۆی گەیاندووەتە ریزی پێشەوەی نارازییان و تێکەڵ بە خەڵکی ئازادیخوازی ئەو وڵاتانە بووە. کاکڵی ئیدەکانی جین شارپ ئەوەیە کە "دیکتاتۆرەکان هێزی سەرەکیی خۆیان لە گوێڕایەڵی و ملکەچیی خەڵکەوە وەدەست دێنن، ئەگەر خەڵک ئاوا ملکەچ و گوێڕایەڵی دەسەڵاتداران نەبن دەتوانن دیکتاتۆرەکان بە چۆکدا بێنن یا دەنا مەجبوور بە ئاڵوگۆڕیان بکەن."

لەم زنجیرە باسەدا باس لە بنەما فیکرییەکانی "جین شارپ" بۆ خەبات دژی دیکتاتۆری دەکرێ:

لە بەرانبەر ئەو کێشە زۆرانەی کە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دیکتاتۆردا هەن، هەندێ لە خەڵک لەوانەیە گوێڕایەڵ و ملکەچی دەسەڵات بن. بەشێکی دیکەی خەڵک لە دەستپێراگەیشتن بە دێموکراسی نائومێد دەبن و لەوانەیە باڵادەستیی دیکتاتۆر قەبووڵ بکەن و بەتەما بن کە لە ڕێگای وتوویژ و ئاشتی و ڕێککەوتنەوە بتوانن هەندێ دەسکەوتیان هەبێ و کۆتایی بە دڕندەییەکانی دەسەڵات بێنن. وادیارە نەبوونی ڕێگاچارەی واقعبینانە هۆکاری ئەم بیر و بۆچوونانەیە.

خەباتی لێبڕاوانە بەدژی دیکتاتۆرە بێڕەحمەکان دوورەدیمەنێکی خۆشی نییە. کەواتە بۆچی بەم ڕێگایەدا بڕۆین؟ ئایا ناکرێ هەموو کەسێک ژیرانە بیر بکاتەوە و هەندێ ڕێگا بۆ وتوویژ ببینێتەوە و هەوڵ بدا لە ڕێگای وتوویژەوە بە شێوەی هەنگاو بە هەنگاو کۆتایی بە دیکتاتۆرییەت بێنێ؟ ئایا دێموکراتەکان ناتوانن بە وروژاندنی هەستی مرۆڤانەی دیکتاتۆر وای لێ بکەن بەرەبەرە لە دەسەڵاتەکەی کەم بکاتەوە و لە کۆتاییدا بەم شێوەیە حکوومەتێکی دێموکراتیک دروست بکەن؟

هەندێ جار دەگوترێ کە ڕاستییەکان هەمووی بە لایەنێک نییە. ڕەنگە ئەو دیکتاتۆرانەی کە لە هەلومەرجی دژواردا وبەباشی جووڵاونەتەوە، دێموکراتەکان بەباشی لێیان وەرنەگرتوون.

تەنانەت لەوانەیە کەسانێک وا بیر بکەنەوە کە ڕەنگە دیکتاتۆرەکان لە ڕێگای هاندان یان وریاکردنەوە، لەسەر ئەو دۆخە خراپەی بەسەر کۆمەڵگەدا سەپاوە، بە ڕەزامەندیی خۆیان واز لە دەسەڵات بێنن. لەوانەشە بگوترێ؛ دەکرێ پێشنیاری چارەسەری هەردوو سەر براوە بە دیکتاتۆرەکان بکرێ کە بە قازانجی هەردوولا بێ.

باس لەوە دەکرێ کە ئەگەر هێزە دێموکراتەکان بە شێوەی ئاشتیخوازانە کۆتایی بە ناکۆکییەکان بێنن (کە ئەمە لەوانەیە بە هاوکاری کەسانی شارەزا یا تەنانەت دەوڵەتێکی بیانی بەڕێوە بچێ) ئیتر حەوجێ بە مەترسی و ئازارەکانی خەباتی دوارۆژ ناکا. ئایا ئەم ڕێگاچارەیە لە خەباتێکی دژوار _ تەناتەت لە خەباتێکی چەکدارانە کە هیچ، بگرە لە خەباتێکی ناتوندوتیژیش_ باشتر نییە؟

### باشی و بەربەستەکانی وتوویژ

وتوویژ بۆ چارەسەرکردنی هەندێ لە کێشەکان ئامرازێکی زۆر باشە و هەتا ئەوکاتەی کەڵکی هەبێ، نابێ حاشای لێ بکرێ یا پشتگوێ بخرێ. لە هەندێ هەلومەرجدا و بەتایبەت کاتێک کە باس لە سەر بابەتە بنەڕەتییەکان نییە، وتوویژ یەکێک لە باشترین ڕێگاکانی چارەسەرکردنی کێشەکانە. مانگرتنە کرێکارییەکان بە مەبەستی بردنەسەرێی حەقدەستەکان نموونەیەکی باشە بۆ بەکەڵک بوونی وتوویژ لە ناکۆکییەکدا؛ لەم نموونەیەدا خاڵی پێکەوەسازان شتێکە لە نێوان خواستی هەردوولا. بەڵام کێشە کرێکارییەکان کە لە ڕێگای سەندیکا و ڕێکخراوە یاساییەکانەوە جێبەجێ دەکرێ لەگەڵ ناکۆکی و ململانێیەک کە لەودا باس لە دیکتاتۆرێکی زاڵم و دامەزراندنی سیستمێک بە پێوەری ئازادییە سیاسییەکانە، بەتەواوی لێک جیاوازن.

کاتێک کە باس لە سەر هەندێ بابەتی بنەڕەتیی پێوەندیدار بە بنەما ئایینییەکان، ئازادییەکانی مرۆڤ یا گەشە و پەرەسەندنی کۆمەڵگەیەک دەکرێ، ئیتر وتوویژ چارەسەرێکی باش نییە بۆ گەیشتن بە ئاکامێک کە ڕەزامەندی هەردوولای لێ بکەوێتەوە.

لە سەر هەندێ بابەت ڕێکەوتن و سازان ناکرێ و تەنیا ئاڵوگۆڕ لە دەسەڵات بە قازانجی ئازادیخوازان دەتوانێ ئەوجۆرەی کە شیاوە پارێزگاری لە جەوهەری بابەتە بنەڕەتییەکان بکا. ئەم ئاڵوگۆڕە ئاکامی خەباتە نەک دانوستان. دیارە ئەمە بەو مانایە نییە کە نابێ هیچکات کەڵک لە وتوویژ وەربگیرێ، بەڵکوو قسەکە لێرەدایە کە بەبێ هێزێکی بەهێزی دێموکراتی دژبەر، وتوویژ ڕێگایەکی واقعبینانە بۆ لابردنی دیکتاتۆرە بەهێزەکان نییە.

بەدڵنیاییەوە زۆرجار دۆخەکە بە جۆرێکە بۆ ئەوە نابێ کە بیر لە وتوویژ بکرێتەوە. ئەو دیکتاتۆرانەی کە لە جێگەوپێگەی خۆیان بەتەواوی دڵنیان، لەوانەیە پێشنیاری وتوویژ لە لایەنی بەرانبەریانەوە قەبووڵ نەکەن. یا ئەگەر قەبووڵیشیان کرد لە پاش دسپێک، دەستەی دانووستانکاری دێموکرات لەوانەیە بێسەروشوێن بکرێن و چیدی کەس بە سۆراغیان نەزانێ!

### ملکەجی بەهۆی وتوویژەوە؟!

کەسانی سەربەخۆ یا گرووپەکانی دژبەری دیکتاتۆر کە لایەنگری وتوویژن پاڵنەری زۆر باشیان بۆ وتوویژ هەیە. بەتایبەتی لە هەلومەرجێکدا کە خەباتێکی چەکدارانە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بەدژی دیکتاتۆرێکی بێبەزەیی لە ئارادا بووبێ، بەڵام نەیتوانیبێ سەرکەوتنی کۆتایی بەدەست بهێنێ. ئاساییە کە زۆربەی خەڵک جیاواز لە بیروباوەڕی سیاسییان لایەنگری ئاشتی بن.

وتوویژ بەتایبەتی لەو کاتانەدا کە دیکتاتۆر لە باری سەربازییەوە باڵادەستە و خەڵک چیدیکە توانایی زەرەر و زیانەکانی شەڕیان نییە، لەنێو گرووپە ئازادیخوازەکاندا دەبێتە بابەتێکی جێی باس. لەم هەلومەرجەدا هەر چارەسەرێک کە بتوانێ کەمێک لە داخوازییەکانی خەڵک وەدی بێنێ و کۆتایی بە توندوتیژی بێنێ، لە ڕادەبەدەر وەسوەسە دەخاتە دڵی مرۆڤەوە.

بێگومان پێشنیاری "ئاشتی" لەلایەن دیکاتۆرەوە بۆ هێزە خەباتکارەکان، پێشنیارێکی ڕیاکارانە و درۆیە، چونکە دیکتاتۆر ئەگەر بیهەوێ دەتوانێ لە یەک چرکەدا دەست لە شەڕ بەدژی وڵاتەکە هەڵگرێ و کۆتایی بە توندوتیژی بێ. ئەوانە ئەگەر بیانهەوێ دەتوانن بەبێ هیچ ساتوسەودایەک بۆ گەڕاندنەوەی ڕێز و کەرامەت و مافەکانی خەڵک، ئازادکردنی زیندانیانی سیاسی، کۆتاییهێنان بە ئەشکەنجە و ڕاگرتنی عەمەلیاتی نیزامی و وازهێنان لە دەسەڵات و داوای لێبوردن لە خەڵک دەستپێشخەر بن.



لەو کاتانەدا کە دیکتاتۆرەکان دەسەڵاتی تەواویان هەیە و لەولاشەوە بزووتنەوەیەکی بەرگریکارانەی توندیش لە گۆڕێدایە، لەوانەیە دیکتاتۆرەکان پێیان خۆش بێ لە ڕێگای وتوویژەوە لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن، لەژێر دەمامکی ئاشتیخوازییەوە هانیان بدەن خۆیان ڕادەست بکەنەوە. بانگەشەی وتوویژ ڕەنگە لەڕواڵەتدا بەباقوبریق بێ، بەڵام لەوانەیە لە ژووری وتوویژ مەترسییەکی زۆر بۆ لە داوخستنی هێزە دێموکرات و ئازادیخوازەکان هەبێ.

لە لایەکەی دیکەوە لە هەلومەرجێکدا کە هێزە خەباتکارەکان بەهێزن و هێزەکانی دیکتاتۆر بەڕاستی مەترسییان لەسەرە، دیکتاتۆرەکان ڕەنگە هەوڵ بدەن بە پەنابردنە بەر وتوویژ ئەوەندەی بۆیان دەکرێ دەست بەسەر سامان و داراییەکاندا بگرن و وڵاتەکە کۆنترۆڵ بکەن. دیارە لە هیچ کام لەم حاڵەتانەدا نابێ لایەنە ئازادیخواز و دێموکراتەکان بە دانیشتن لە سەر مێزی وتوویژ، یارمەتیدەری مەبەستەکانی دیکتاتۆر بن.

ئازادیخوازەکان دەبێ زۆر بە وردی ئاگایان لەو داوانە بێ کە دیکاتۆرەکان لە ڕەوتی وتوویژدا بۆیان داناون. کاتێ کە باس لەسەر هەندێ بابەتی بنەڕەتی وەکوو ئازادییە سیاسییەکان لە ئارادا بێ، بانگەشەی وتوویژ لە لایەن دیکاتۆرەکانەوە ڕەنگە هەوڵێک بێ بۆ ملکەجی و ڕادەستکردنی ئاشتیخوازانەی دێموکراتەکان و درێژەدانی ڕەوتی توندوتیژی لە لایەن دەوڵەتەوە.

هێزە ئازادیخوازەکان دەبێ تەنیا ئەوکاتە بانگهێشتن بۆ وتوویژ قەبووڵ بکەن کە دیکتاتۆر بە تەواوی بێهێز بووە و تەنیا داواکارییەک کە هەیەتی ئەوەیە کە ڕێگایەکی ئەمنی تا گەیشتن بە فرۆکەخایەکی نێودەوڵەتی هەبێ.

### هێز و دادپەروەری لە وتوویژدا

ئەگەر تەنانەت ئەم جۆرە لێکدانەوە و بیرکردنەوەیە لە سەر وتوویژ تێگەیشتنێکی لەڕادەبەدەر توند و زبر بێ، لە لایەکی دیکەشەوە پێویستە پێداچوونەوە بە سەر هەندێ ڕوانگەی ڕۆمانتیک بە نیسبەت وتوویژەوە بکرێ. بۆ تێگەیشتن لە ڕەوتی وتوویژ پێویستمان بە بیرێکی کراوە و دوور لە پێشداوەرییە.

دانوستان بەو مانایە نییە کە دوولایەنی ناکۆک بە شێوەیەکی تەواو هاوسەنگ و بەرابەر لەسەر مێزی وتوویژ دانیشن و لەسەر ناکۆکییەکان و ئەو بابەتانەی بوونەتە هۆی ناکۆکی قسە بکەن و پێکەوە چارەسەریان بکەن. دەبێ دوو شتمان هەمیشە لەبیر بێ. یەکەم ئەوەی کە لە دانوستاندا دادپەروەریی ڕێژەیی و ڕوانگەی جیاواز و ئامانجەکان، بابەتی وتوویژەکە دیاری ناکەن. جگە لەوە دەبێ بزانین نێوەرۆکی ئەو ڕێکەوتننامەیەی کە لە ئەنجامی وتوویژەکەوە وەدەست دێ تا ڕادەیەکی زۆر لەسەر بنەڕەتی تواناییەکان و باڵانسی هێزی دوو لایەن دیاری دەکرێ.

بەر لە ڕۆیشتن بۆ سەر مێزی دانوستان دەبێ بیر لە زۆر پرسیاری دژوار بکرێتەوە. ئەگەر لەسەر مێزی وتوویژ لایەنی بەرانبەر نەیتوانی بگاتە ڕێککەوتن، هەرکام لە لایەنەکان لە داهاتوودا چ ڕێگایەکیان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان دەبێ؟ ئەگەر ڕێککەوتن کرا بەڵام لایەنێک پەیمانی نێوانیانی شکاند و بەپێچەوانەی بەڵێنەکەی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی هێزی بەکار هێنا، لایەنی بەرانبەر دەتوانێ چی بکا؟

وەک باس کرا لە وتوویژدا بەپێی هەڵسەنگاندنی دروست بوون یا نادروست بوونی بابەتەکانی وتوویژ، ڕێکەوتن ناکرێ. هەرچەند لەوانەیە لەسەر ئەو بابەتانە قسەی زۆر بکرێ بەڵام لە کۆتاییدا ئاکامی وتوویژەکان بەپێی هەڵسەنگاندنی ڕادەی هێزی ڕێژەیی و تەواوی دوو لایەن دیاری دەکرێ. دێموکراتەکان بۆ ئەوەی حاشا لە لانیکەمی خواستەکانیان نەکرێ دەتوانن چی بکەن؟ دیکتاتۆرەکان بۆ دڵنیا بوون لە کۆنترۆڵی خۆیان بەسەر وڵات و لەکارخستنی توانای هێزە دژبەرەکان دەبێ چی بکەن؟ بەواتایەکیتر ئەگەر ڕێککەوتنێک بکرێ، وادیارە زیاتر ئاکامی خەملاندنی هەر دوولا لە توانایی هێزەکانی دوولایەنەکە و دواتر هەڵسەنگاندنی چۆنیەتیی کۆتایی هێنان بە خەباتەکە دەبێ.

هاوکات دەبێ بزانین هەرکام لە لایەنەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان ئامادەن واز لە چی بێنن؟ ئەو وتوویژانە سەرکەوتوو دەبن کە تێدا سازان بکرێ؛ و ئەمەش یانی دابەشکردنی ناکۆکییەکان. هەر لایەنە و بەشێک لە خواستەکانی خۆی دەستەبەر دەکا و واز لە بەشێکی داخوازییەکانی دێنێ.

لە هەلومەرجێکدا کە دیکتاتۆرییەکی ڕەها زاڵە، هێزەکانی پێشڕەوی دێموکراسی چ شتێکیان هەیە کە ڕادەستی دیکتاتۆری بکەن؟ دێموکراتەکان دەبێ کام داواکاریی دیکتاتۆر قەبووڵ بکەن؟ ئایا لە دەوڵەتی داهاتوودا پێویستە دێموکراتەکان بەپێی یاسای بنەڕەتی ڕۆڵێکی هەمیشەیی بۆ دیکتاتۆر لەبەرچاو بگرن؟ کەوابوو چ شتێک لە دێموکراسی دەمێنێتەوە؟

تەنانەت ئەگەر وای دانێین وتوویژەکە بەباشیش دەچێتە پێشێ، ئەوکات دەبێ پرسیار بکەین؛ ئاکامەکەی چ جۆرە ئاشتییەک دەبێ؟ ئایا ژیان وگوزەرانی خەڵک باشتر لەوکاتە دەبێ کە ئازادیخوازەکان خەباتیان دەست پێکرد و لێی بەردەوام بوون؟

***

---

هەگبەی شاخ و شۆڕش






برایم چووکەڵی

لە هەگبەی ئەم جارەدا سەردانی فەیزوڵڵابەگی، سەرشیو، خوڕخوڕە، تیلەکۆ و گەورگایەتیی سەقزی دڵخوێن دەکەین؛ ئاوڕ لە قارەمانەتیی لاوێکی دیکەی دێموکرات، بە ناوی شەهید قادر خەڵیفەزادە ناسراو بە «عەلی باڵدار» دەدەینەوە.

قادر خەڵیفەزادە لە بنەماڵەیەکی هەژار لە یەکێک لە ئاواییەکانی دەوروبەری سەقز لە ساڵی ١٣٣٥ لەدایک بوو. قادر لە ٦ ساڵییدا چووە قوتابخانە و هاوکات باوکی ئازیزی لەدەست دا و، ئەم ڕووداوەش زەبرێکی کاریگەر بوو لە ژیان و دەروونی قادر درا. هەر بۆیە بە ناچاری ماڵاوایی لە قوتابخانە کرد و، بۆ بەڕێوەچوونی ژیانی بنەماڵەکەی منداڵیی خۆی سپارد بە سەختیی کار و تێکۆشان.

لەگەڵ دەسپێکی دەستدرێژیی کۆماری ئیسلامی بۆ کوردستان، قادر بە دەم هاواری نەتەوە ستەملێکراوەکەیەوە چوو. لە زستانی ١٣٥٨ چەکی پڕ لە شانازی، بۆ ڕزگاریی نەتەوەکەی لە شان کرد و چووە بۆکان و لە هێزی بەیاندا سازمان درا.

زۆری نەخایاند وریایی و قارەمانەتیی خۆی نیشان دا، ڕاستیی ئەو شۆڕشگێڕە، دەستوبردی و نەبەزیی لە شەڕ دژی بەکرێگیراواندا، قادری کردە خۆشەویستی خەڵک و لە نێو هاوڕێیانیدا بە هۆی قارەمانەتی و لێوەشاوەیی بە «عەلی باڵدار» ناوبانگی دەرکرد. عەلی باڵداری توندوتۆڵ و بە دیسیپلین بوێرییەکی زۆری لە خۆی نواند و بە هۆی ئەوەوە وەک سەرپەل دیاری کرا. بە کردەوە سەلماندی کە شیاوی ئەو پلە و بەرپرسایەتییەیە، بۆیە پاش ماوەیەکی کەم بە فەرماندەری لک دیاری کرا، بە وەرگرتنی ئەم بەرپرسایەتییە لە ناوچەی بۆکان ئاوری لەسەر پشتی دوژمن هەڵکرد. لە گرتنی چەندین مۆڵگەی دوژمندا فەرماندەریی عەمەلیاتی کرد، چەند جار بریندار بوو، هەموو جارێ پاش سارێژبوونەوەی برینەکەی بە ورەیەکی قایمتر دەگەڕایەوە سەنگەری خەبات، بەم کردەوە جوامێرانەی دەرسی خۆڕاگری و نەترسیی بە هاوسەنگەرانی دا.

عەلی باڵدار بڕیاری دا بگەڕێتەوە ناوچەی سەقز و بە هاوڕێیانی گوت: «شانازییەکی گەورەیە بۆ من لە هەر جێگایەکی ئەم کوردستانە گیانی خۆم پێشکەشی نەتەوەکەم کەم، بەڵام پێمخۆشە بچمەوە زێدی لەدایک بوونم و لەو دەڤەرەشدا بە هێزی دوژمن بڵێم عەلی باڵدارێک بە دەیان قارەمانی دیکە زیاد بوو.»

عەلی باڵدار لە زستانی ١٣٦١ ماڵاوایی لە هاوسەنگەرانی لە هێزی بەیان کرد و لە هێزی عەزیزی یووسفی دەستی بە تێکۆشان کرد. بۆ دەرکەوتن و بەدەستهێنانی متمانەی هاوڕێیانی تەنیا پێویستی بە دوو مانگ بوو و، لە لکی شەهید ئەسەد سولەیمانپووردا بەفەرماندەری لک دیاری کرا. هەواڵی چوونی عەلی باڵدار بۆ ناوچەی سەقز، هێزی دوژمن بە تایبەت جاشەکانی «میرەدێ»ی تۆقاندبوو. چالاکییە یەک لە دوای یەکەکانی عەلی باڵدار ترس و لەرزی زیاتری خستە نێو دڵی دوژمنەوە. لە زۆربەی عەمەلیاتەکانی ناوچەی سەقز بەشداریی چالاکانەی کرد، لە شەڕی نێو شاری سەقز ڕۆڵی سەرەکیی گێڕا و وەک فەرماندەیەکی بە توانا سەرکەشیی هەموو شەقامەکانی دەکرد، لە تێکشکاندنی ستوونی دوژمن لە ئاوایی «ئارەبەلەنگ» لە سەرشیوی سەقز دەستێکی باڵای لە فەرماندەهییدا هەبوو، لە کەمینەکانی جادەی سەقز_سنە، سەقز_مەریوان و سەقز_بۆکان؛ حەماسەی لەبیر نەکراوی خولقاند. لە هەموو عەمەلیاتەکاندا شوێنی سەخت و سەنگەری پێشەوەی بۆ خۆی هەڵدەبژارد.

ئەو قارەمانە نەبەزەی کورد گەڵاڵە داڕێژێکی کارامەی نیزامی بوو، بۆ پێشمەرگەکان هاوڕێیەکی باش بوو، زۆر جاران لە حەقی خۆی خۆش دەبوو بۆ هاوسەنگەرانی. لە هەموو جێگایەک حازر بە خزمەت و لەخۆ بوردوویی بوو، خۆی بە پێشمەرگەی هەموو کوردستان دەزانی.

یەکی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٢ هێزی دوژمن پاش شەڕێکی داسەپاو گوندی «کەسنەزان»ی گرتەوە، دوژمن کە تەنانەت ترسیان لە شەهیدەکانیش بوو دەستیان بەوێرانکردنی گۆڕستانی دێ کرد، کە تەرمی ٢٣ شەهیدی حیزبی تێدا نێژرابوو. ئەو کردەوە دژەمرۆییەی ڕێژیم، لەگەڵ هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەی خەڵک ڕووبەڕوو بۆوە. عەلی باڵدار ئەم بڕیارەی ڕێژیمی بە بێڕێزیی بە پیرۆزییەکانی نەتەوەکەی زانی و بەڵێنی دا تۆڵەی ئەو شەهیدانەیان لێ بکاتەوە.

وێڕای هاوسەنگەرانی مۆڵگەی دوژمنی بەر هێرش و زەبری خۆی دا، بە چەشنێک کە دوژمن ئاراوقارای لێ هەڵگیرابوو. شەوی هەڵمەت بۆسەر هێزی دوژمن، پێشمەرگەکان سەنگەریان گرتبوو، چاوەڕوانی بڕیاری عەلی باڵدار بوون، دیسان لەپڕ دوژمنیان بە ئاوری چەکەکانیان تاساند و جاڕز کرد. عەلی باڵدار فەرماندەی قارەمان لە سەنگەر هەستایە سەرپێ بزانێ ئاسەوارێک لە مۆڵگەی دوژمن ماوە، کە لەپڕ گوللەی خائینێکی نیشتمانفرۆش قەڵافەتی پیاوانەی فەرماندەری بوێر و ئازای خستە سەر عەرز و خوێنی سووری سەنگەری دلێری و قارەمانەتیی ڕەنگین کرد.

پاش شەهید بوونی عەلی باڵدار، هاوسەنگەرانی مۆڵگەی دوژمنیان خاپوور کرد و، تەرمی مامۆستای بە جەرگ و پارتیزانیان لەسەر شان دانا و بردیان بینێژن و فیداکاری و کۆڵنەدەری، ڕاستی و سەداقەتەکەی بکەنە تێشووی ڕێگای خەباتیان. هەواڵی شەهید بوونی ڕۆڵەی کوێرەوەری چێشتوو، فەرماندەی قارەمان، خۆشەویستی زەحمەتکێشانی سەقز، عەلی باڵداری قارەمان دڵی هەزاران کەسی خەمبار کرد و ئەژنۆی خەمی پێ لە باوەش گرتن. بەڵام زۆری پێ نەچوو نەعرەتەی شێرانەی کوڕەکانی عەزیزی یووسفی لە ڕێگای سەقز_مەریوان و لە «خوڕخوڕە»ی سەقز دەنگی دایەوە و بە هێرشی شێرانەیان، بە خۆڕاگریی قارەمانانەیان هاواریان کرد: «ئێمە هەموومان عەلی باڵدارین، چونکی مامۆستاکەمان، فێری کردووین چۆن سەربەرزانە بفڕین و بەردەوام بین لە خەباتمان.»

کوردستان
ژمارە: ٧٧٦
٣١ی جۆزەردانی ١٣٩٩ _ ٢٠ ژوئەن ٢٠٢٠

# زیبای دەستەشکاو

## (چیرۆک)



لەیلا قادری

زیبا، ژنێکی بەقەڵافەت و پان و پۆڕ بوو. ڕووئاڵ و کرچوکاڵ، دەبوو خۆی لەبەر جوان کەی. ژنێکی نازدار و دەستوپێ سپیلکە. شۆخ و چەلەنگ، لەوانەی حەوتیان بمرێ لە باوان، کلیان نابڕێ لە چاوان.

وەختی خۆی، بە هەرزەکاری، ژنی بۆ کاکی کردبوو، باربەها ئەسپێونەکەی، دوو منداڵ بەسەر ماڵی کابرادا بەجێ دێڵێ و دەڕواتەوە، بەڵان زیبا دەستی لە دڵی نابێتەوە و منداڵی خۆی بەجێ ناهێڵێ... هەرچی ماڵە بابی دەیهێنن و دەیبەن، هەڕەشە و گوڕەشەی لێ دەکەن، فایدەی نییە.

لەو تاریخە بەولاوە، بەیەکجاری پشتی تێدەکەن و بێبەری دەکەن و لە خێر و بێری دەچنە دەرێ.

ئەویش لەگەڵ مێرد و منداڵی خۆی سەر پێکەوە دەنێ.

بە قەرز و قۆڵە و سوود و سەلەم، خانووبەرەیەکی چکۆلە دەکڕن و خۆیانی تێدا دەشارنەوە. هەتا چەرخی پەپگەرد، کاک بایز وە کۆخەکۆخ دەخا و دەکەوێتە سەر خەرجی.

کەس نامێنێ دوو جار و سێ جار دەستقەرزی لێ وەرنەگرن. باشاری دەرزی و دەرمان و دوکتوور و ڕێی تاران و تەورێز ناکەن. تا ئێوارێ زیبای بەستەزمان، دەبێ ڕوو لە دەروجیران نێ، ڕوو لە پیاو و ناپیاو هەڵێنێتەوە، بەڵکوو ئەو دەرمانانە ببنە شەفا و چارشێوی سەری نەخزێ و منداڵ هەتیو و بێناز نەکەون.

کوڵەکوڵی نیوەڕۆی ئەوەڵ مانگی هاوین، کاک بایز کەوتە گیانەڵڵا، هەتا مەلا خدر گەیشتێ یاسینی بخوێنێ، بایزی خۆشی‌نەدیو سارد ببۆوە.

لەو گەرمەشین و تەنگانەیەدا، ماڵە بابی هەردووکیان، وەک خەڵکەکە هاتن و مەجوعمەیان بەتاڵ کرد، خۆیان تەکاند و هەستانە حەوا.

زیبا بەلەنگاز و دڵبەخەمەکە، بە کۆڵێک قەرز و قۆڵە و شەش سەغیری ورد و درشت، لەو خانووە چۆڵەدا ماوە.

کابرایەکی سەلەمخۆر، چ نەیهێشت حەوتووی بچێ، دەرگایان پێ دەگرێ، ژنەی بێئەنوا وەجان دێنێ، گوتبووی: "یان دەبێ بێڵی پاش چوار مانگی دی مارەت کەم یان لەباتی پووڵەکەم، سێ دانگی خانووەکەم بەناو دەکەی."

پەنا بۆ دەروجیران دەبا، خودا هەڵناگرێ لێی دەبنە دایک و باب و کەسوکار، وەبن باڵی خۆیانی دەدەن، دەڵێن:

دەوەڵکوو ئەو بۆرەپیاوە خوێڕییە بە درەک و بانتدا هاتەوە، موویەکمان لێ هەڵپڕووزێنە، چما نایرێنین بە گۆڕی بابە سەگیدا! ڕەنگە پێی‌وابێ ژنی خەڵکی وێنجە بەرەڵڵایە.

لەو حانەدا، ماڵی بابی لێیان ڕاسپاردبوو:

" هەستە وەرەوە، جوان و جحێڵی، سەد کەس قوڕاوخۆرتە، هێندە تێر و تەسەل نەبووی، ئێستا بەدیار تووتکە سەگی کابراوە دانیشتووی، ناوی دەنێی چی! خۆ بێت و قسەوباست بێتەوە سەر و بمانکەیە سەرنەویی دەستی خۆت، خودا ڕوحت لێ نەستێنێ، لێت دەستێنین، بەڵان منداڵی خەڵکی بیرەدا نەهێنییەوە".

هەر چاوێک و ڕبەیەک فرمێسک.

+ "ئەی ئەو منداڵانە بۆ کێ بەجێ بێڵم؟ باشە ئێستا ئەوانە بۆ منداڵی خەڵکین؟ ئەوەنێ لە داوێنی خۆم بەربوونەوە! ئەو تفڵە بەرمەمکانە بە تەمای کێ بەجێ بێڵم؟ مەگەر مردن لەسەر ئەو تفڵانەم هەڵپچڕێ، دەنا شەرت و قەرار بێ هەتا ڕوحم لەسەر یەخەی کراس بێ، قەت بۆ سەعاتێکیش خافڵیان ناکەم."

کەیخوداژنی گەڕەک، فێری شۆراب و ترشیات و مرەبا دانانیان کرد. بە باقە، گەسکیان دەکڕی و لەگەڵیان دەبەست، خەیارشۆر و قەیسی و سەوزیی ویشک و مێوژی ئەو نێوبانگی دەر کردبوو.

دۆست و ناسیاو، دەروجیران، خزموکەس، هەتا ئەو لەوێ بایە، دەسکاری کەسیان نەدەکڕی. بەو جۆرە دە ساڵ سەری خۆی و منداڵی خۆی پێ ڕاگرت، لە دەمی خۆیان گرتەوە، قەرز و قۆڵەیان سووک کرد.



تابلۆ: ناسر فەتحی

دوو سێ هێکتاری دێمەکار لەپاڵ زەوییەکانی ماڵی خەزووریدا هەبوو. دەستەی نۆکڕنینەوە و خەلەوخەرمان هەڵگرتنەوەی نەبوو، بۆیە هەموو ساڵێ دەیدا بە دە و دوو، گەرچی بەرەجووتێکی وای لێ هەڵنەدەگیراوە و چی وای پێ نەدەبڕا.

کوڕگەل پەلیان ئەستوور ببوو، قسەیان خەنجەری میسر نەیدەبڕی.

داواکاری زۆر بوو، هەر لە شینگایی مێردەکەیەوە، لە پیر و جحێڵ، نێوانساڵ و سەرەمێر، ڕەبەن و ژندار، هەموو ببوونە ژنخواز و ژنهێن.

زیبا دەیگوت:

" قەت مەیلی بایز بە کەس نادەم. منداڵی خۆشم ناخەمە بن دەستی زڕبابەوە، کچی سەروعوزرشۆرم هەیە، قەت پیاوی بێگانە ناهێنمە پاڵ منداڵی خۆمەوە.

کەچی قاڵمەقاڵم پەیدا بوو، گوتیان پیاوێکی دەستە، جوامێر، هەڵکشاو و داکشاو، شاییبەخۆ و تێروتەسەل ناردوویەتە سەری. کابرا وەکەڵی هێنابوو، لە مەعبەینی هەفتەیەکدا، سێ جار بە دەستەودیارییەوە، دەرگای ژنەی گۆرینی کوتابوو و عاقیبەت دڵی ژنەی ڕاتڵەکاندبوو.

وەڵحاسڵ، مارەی دەکا و دێتە سەر ماڵێ.

ئەوجار خەڵک وەک جاری جاران، ئاوڕیان لێ نەدەداوە. کابراش دەڕۆیشت بە هەفتە نەدەهاتەوە. ماڵی درۆ و دەلەسە بە سێپەی قورێ گیرێ.

حانێ بە پێ و سۆراغی کابراوە دەچێ، ئێ! خۆ ژن و منداڵ و بووک و زاوای هەیە. ژنەکەی سوێندی گەورەی بە سەری "میرزا مەحموود"ە. وامێکی چاکی وەرگرتوە، خانووبەرەی تێک داوە بۆخۆی وەک هەلووک لەبن دەستی وەستا و بەننادا هەڵدەسووڕێ و تەبەقە دووی خانووەکەی هاتۆتە دارەڕایە.

جا زیبای دەستەشکاو و هەڵخەڵەتاو و ماڵدۆڕاو، وەرە هەڵیگرەوە. ئەوجار زانی کابرا چۆن بە تاڵووی بردوە و چۆن گسکی لە ماڵی ئەو هەتیوانە داوە. نە ژن تەڵاقدراو بوو، نە ژنبرا چەقۆی لێ سووبوو، نە پاستار ڕاوی نابوو، نە لە ئازەرشار عەلافی دەکرد.

+ "ئاخ ئەو ژیانە بەکەم بێ، خۆزگە هەمووی خەونێک بایە، شەڵای قەت ڕۆژێک سەنیرم نەگۆڕیبا. خۆزگە لە خۆزگەداری دونیایە، هەردوو چاوم ڕۆڕژابایە و قەت ڕۆژێک نەونیگایم نەدیبایە، خۆزگە سەری قامکم هەڵوەریبا و سەنەدی ئەو کوچکە خانووەم بۆ ئیمزا نەکردایە. خۆ ئەو گوتی وام وەردەگرم، ئەو کاوڵەکۆنەت بۆ تێک دەدەم و سێ تەبەقە بۆت هەڵدەچنم."

وەک پۆلووی ئاگر داییسا، قسەی دەپەڕاند، هەر قسەیەکی لە جێیەکی دەکرد، بە چڕنووک هەموو پێستی ڕوومەتی خۆی داماڵیبوو، پەیتاپەیتا دەیگوت:

"ڕۆڵە چۆن شەرمەزار و ڕووزەردی ئێوە بووم! حەک جەرگم هەلاهەلا بێ، حەک سێبەڕۆیە گرم، حەک بە گولی لە وڵاتان گەڕێم بۆ مێردی کردمەوە...گوتم ئۆخەی کەوتمە جێی خۆم و منداڵەکانم خەنی بوون، چووزانم ئاوا وە سەحرایان دەخا! ڕۆڵە تازە لە حاست ئێوە و خزم و دیوناس چۆن سەرم هەڵێ! بەقوربانتان بم، چۆن شەش دانە مانگ لەگەڵ ئەو سەگە گڵاوە چوومە نێو جەواڵەوە! جەماعەت بەشایەت بن، ئەو بێشەڕەفە چۆن پاشقولی دام! ئەیرۆ جوابی دوو کوڕی سەربازم چ بدەمەوە! حەک دایکتان بمرێ، ڕۆڵە. بڵێم کابرا لە داوێن و لە ماڵم ڕۆ هات! حەک ئابڕووچوواو خۆم!"

هەتا کەوتە هەناسەبڕکێ و شل و کوت بوو، بە چەپۆک بە خۆی دادا، ئەوجار منداڵ کەوتنە زریکەزریک و دایکەڕۆ...

بە دوو پیاوی قۆچاخ، پڕیان دایە و گورجێک لە ماشێنیان هاویشت. هۆگانێک دوور کەوتبۆوە، جا ئەوجار میرزا مەحموود بە نارەنار، بە تەلیسێک گرکە و کاڵەکەوە، کلیلی لە دەرگا نا.

گوتیان: .... ماشێنەکە ڕووی لە حەساری نەخۆشخانە کرد، زیبا لە پەلەقاژە و هەناسەبڕکێ کەوت..."

لەوەتی مێردی کردبۆوە، وەک زەمانی کاک بایز، خۆی لە گوڵێ دەنا، ئەو ڕۆژەش، کراسێکی زەڕی مسقاڵی ڕەشی لەبەر دابوو، پشتێنێکی سەوزی سەیزادەی تێ هاڵاندبوو، دەسماڵێکی ڕەشی پنۆک بە ئۆیەی سەوزەوە ئەو شان و شەپیلکەی نەخشاندبوو، دەتگوت لە گەڕی شایی هاتۆتەوە. چووزانێ بۆ ئێوارێ لە بەری دادەدڕن!

***

وانەکانی مافی مرۆڤ

(٩)

# دادپەروەری و قازانجەکانی



شاڕۆخ حەسەنزادە

لە ڕاستیدا دەتوانین بیرۆکەی دادپەروەری و قازانجەکانی بە لێکدراوی دوو بنەواشە بزانین: یەکەمیان خودی قازانجەکە و خێرلێکردنی و ئەوەی تر شێوازی دابەشکردنی بەرانبەر و دادپەروەرانەی خێر و قازانج، بەیارمەتیی ئەم دوو بنەواشەیە دەتوانین ڕێسا و ئەرکە ئاکارییەکانی خۆمان خۆیا بکەین.

### بنەواشەی قازانج

ڕێسا، ڕەوشتێکی ئاکارییە کە لە ژیانی مرۆڤەکاندا کاریگەرییەکی ئەرێنی هەیە. هەر یاسا و ڕێسایەک کە بچووکترین پێوەندیی بۆ ژیانی ئینسان نەبێ و لە وەدەستهێنانی خێروبیر و دژایەتی دەگەڵ شەڕوفەڕ ڕۆڵ نەگێڕێ، بایەخی ئاکاریی نییە، چوونکە ئەوە ئاکارە کە بۆ مرۆڤ دەبێ نەک مرۆڤ بۆ ئاکار، کەوابوو ناتوانین بنچینەی قازانج وەک لایەنی باش و خراپ، ڕاست و ناڕاست و ئەرکە ئاکارییەکان بە گشتی لەبەرچاو نەگرین و وەک بنەواشەیەک هیچ نەخشێکی بۆ بەرەوا نەزانین. بەڵام خودی قازانج بنەواشە و بنچینەیی نییە بەڵکوو لە ڕاستیدا بنەمای سەرەتاییتر کە چاکەکارییە بەشێوەیەکی فەرزکراو و واجب دێتە گۆڕ، چوونکە ڕاکێشانی خێر و دەڵەک کردنی (رفع) زەرەر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دەبێ کاری چاکە بکەین و خۆمان لە زەرەر گەیاندن بەدوور بگرین.

### بنەواشەی دادپەروەری

هەروەک لە بەشەکانی پێشوو باسمان کرد، قازانج بە تەنیا ناتوانێ پێوانەی ئاکاری بوون بێ و، دادپەروەری و چۆنیەتی دابەشکردنی خێریش بەهەمان شیوە. چاکە و خاسە لە بنچینەییەکانی ڕێسای سەرەکییە و بەبێ ئەمانە ناتوانین ئەرکە ئاکارییەکانمان دیاری بکەین، بنەواشەی دادپەروەری، ڕێنوێنی چۆنیەتیی دابەشکاری ئەو قازانج و خێرەیە کە بە هۆکاری شوێنکەوتوویی ئەو ڕێسایانە و ئەنجامدانی ئاکاری تایبەت دەگووڕێ.

بەڵام ئەوەیکە چۆن بە یارمەتیی ئەم دوو ڕێسایە دەتوانین مافەکانی مرۆڤ بە ڕوانینی ئاکاری، سەلمێنراو و بەبەڵگە بکەین؟ لەسەر چۆنیەتیی دابەشکاری خێر و قازانج کامە پێناسەمان لا ڕاست و پەسندە؟ دەبێ بزانین سێ جۆر پێناسە لە دادپەروەری هەیە:

١) دابەشکردنی بەپێی ڕەوایی و شیاوبوون/ بەپێی ئەم پێناسەیە، ڕەنگبێ شیاوبوون بە هۆکاری زانایی و تایبەتمەندییەکای باشی ئەخلاقی، خوێن، ڕەگەز، چینی کۆمەڵایەتی و هەبوونی ئۆلی تایبەت پێناسە بکرێ، ئەگە شیاوبوون ئاوا پێناسە بکرێ بنەمایەک بۆ مافەکانی مرۆڤ دابین ناکا. چوونکە دانی ئیمتیاز لەسەر بنەمای خوێن، ڕەگەز، چینی کۆمەڵایەتی و سامان، هەڵاواردن و نابەرانبەری بەدوادا دێ و بەئاشکرا بەپێچەوانەی ڕێساکانی مافی مرۆڤە، دانی هەڤیازی بەم شێوازە بێئاکاری بەرهەم دێنێ بەڵام دابەشکاری بە مۆدێلی شیاوبوون دەبێتە پێوانەیەکی گشتی بەبێ هەڵاواردن و هەموو ئەو خاڵە نەرێنیاینەی باسمان کرد.

٢) دادپەروەری بریتییە لە هەڵسوکەوت دەگەڵ خەڵک وەک تاکێکی بەرانبەر. خاڵی سەرەکی لەم پێناسەیەدا بەرانبەری و یەکسانی تاکەکانی کۆمەڵگەیە. هەرکەسێک دەگەڵ کەسێکی تر بەبێ لەبەرچاو گرتنی ڕەگەز، خوێن، جۆری باوەڕە ئۆلییەکانی و چینی کۆمەڵایەتی وەک یەک و بەرانبەر دەزانرێ و هەوڵ دەدرێ بۆ دەست وێڕاگەیشتن بە دەرفەتەکان، وەک شیاوبوون بەشێوەیەکی یەکسان بخرێتە دەستیان و ئەگە نەکەوتە دەستیشیان دابەشکاریی قازانج و زەرەر بەپێی شیاوبوونی نادادپەروەرانە دەژمێردرێ. بەم جۆرە سیاسەتی قەرەبووکردنەوە (واتە دانی ئیمتیازی تایبەت بەو گرووپانەی کە لە ڕابردوودا دەستیان بەو دەرفەتانەی وەک خوێندن، کار، پێگەی کۆمەڵایەتی و... کە کاریگەری لەسەر ژیانێکی پڕلە ئاسوودەیی هەیە، نەڕەخساوە یان نەیانبووە)، ئەم دیاردەیە بە دادپەروەریی قەرەبووکراو یان هاڵاواردنی ئەرێنیش ناو دەبرێ. لەم شێوازەدا سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگە تەنانەت ئەوانەی لە ڕووی جەستەییەوەش کەم ئەندامن یان توانای جەستەییان لاوازە، کاتێک لەو دەرفەتانە بەشێوەی بەرانبەر کەڵک وەرگیرێ، کە شوینگەی بەرانبەر دەگەڵ ئەوەی تر و ژیانییکی باش یارمەتیی بکا بەپێویست دەژمێردرێ.

٣) دادپەروەری بریتییە لە، هەڵسووکەوت دەگەڵ خەڵک بەپێی توانایی و پێداویستییەکانی تاک. بەرچاوترین پێناسە لە دادپەروەری لەم شێوە بۆچوونە، بیرۆکەی مارکسیستییە کە هەرکەس بە قەرا تواناییەکانی کار بکا و بەپێی پێویستییەکانی بیدرێتێ. هەڵبەت ئەوەیکە لە هەڵسووکەت دەگەڵ ئەوانەی تر توانایی و پێداویستییەکانی لەبەرچاو بگیرێ لە پێویستییەکانی بنەواشەی چاکەکارییە، چونکە ئەم بنەواشەیە دەخوازێ کە ئێمە باوەڕ بە خۆشبەختی خەڵکانی تر بکەین و ئەمەش بۆ ئەو دەرفەتانە دەگەڕێتەوە کە پێداویستییەکانی ئەو خەڵکانە دابین بکرێ. بەڵام ئایا ئەمە لە بنەواشەکانی دادپەروەرییە؟ لە وەڵامی ئەم جۆرە پرسیارانە هەمووکات دەبێ ئەو بنەمایەمان لەبەرچاو بێ کە پێویستیی هەڵسوکەوت دەگەڵ خەڵک وەک تاکی بەرانبەر چییە؟ بەو شێوەیە دەتوانین بڵێین گرنگیدان بە خەڵکی کەم ئەندام دەبێتە هۆی ئەوەیکە ئەوانیش وەک خەڵکی تر ببنە خاوەن هەل و دەرفەتی وەک یەک بۆ ژیانێکی ئاسوودە. ئەگە یارمەتی‌کردن بەڕادەی پێویستییەکانیان و هاوکاری بۆ دەستەبەرکردنی ژیانێکی ئاسوودە پێویست بێ، یارمەتی پێ نەکردنیان ئەمرێکی نادادپەروەرانەیە.

کەوابوو دادپەروەری بە مانای هەڵسووکەوت دەگەڵ مرۆڤ وەک خەڵکی بەرانبەر پێوانەی سەرەکی لە دابەشکاریی خێر و قازانجە و بنەمای دادپەروەری و بەرانبەری لە هەڵسووکەوت و ئاکاردایە. هەر بەم جۆرەیە کە بەرانبەری تاکەکان لە ئاست یاسا و لەسەر بەرانبەریی تاکەکان لەبۆ دەست وێڕاگەیشتن بە دەرفەتەکان و یارمەتیدانی کەم ئەندامان وەک بنەمای سەرەکی چەمکی دادپەروەری دەژمێردرێ. بەو شرۆڤەیە کە لە عیداڵەت هەمانبوو، دەگەینە ئەو باوەڕە کە دادپەروەری ڕاستەقینە و ڕاستێتیی مافی مرۆڤ، بەرانبەری و یەکسانی مرۆڤەکانی بەبێ هیچ جیاوازییەک لا گرنگە نەک هیچ شتێکی تر.

دریژەی هەیە

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO:776 20 June 2020

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 11958
polarization: Vertical -27500 FEc : 7/8
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647508483312
kdp.tashkilat@gmail.com

# ڕاگەیاندراوی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لەمەڕ هێرش بۆ بەرزاییەکانی ئالانە لە حاجی ئۆمەران

**جەماوەری خەڵکی کوردستان!**
**ناوەندە سیاسییە بڕیاربەدەستەکان!**
**ناوەندەکانی داکۆکیکاری مافەکانی مرۆڤ لە سەرانسەری جیهان!**

هەروەکوو هەموولایەک ئاگادارن لە بەرەبەیانیی سێشەممە ٢٧ی جۆزەردانەوە تۆپخانەکانی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران تۆپباران و کاتیوشابارانی بەرزاییەکانی "ئالانە"ی لە ناوچەی حاجی ئۆمەران لە سنووری نێوان ئێران و هەرێمی کوردستان دەست پێکردوە.

هەرچەندە ئەوە یەکەم جار نییە کە ئێران بە بیانووی لێدانی هێزە کوردییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمەکەیان بەهۆی تۆپخانە و هێزی مووشەکی و هەوایی سنووری عێراق و هەرێمی باشووری کوردستان دەبەزێنێ، بەڵام ئەم جارەیان ڕێک دوای کۆبوونەوەی هاوبەشی وەزیرانی دەرەوەی ئێران و تورکیە لە ئانکارا ئەم هێرشانە دەستی پێکردوە و هەتا ئامادەکردنی ئەم ڕاگەیاندراوە پەلامارەکان هەروا درێژەیان هەیە.

کۆماری ئیسلامی جگە لە بەردەوامیی تۆپبارانەکەی بە مەبەستی لێدانی بنکەی حیزبە کوردییەکانی دژبەری خۆی، هێزێکی زۆری پڕچەکیشی بەدرێژایی سنوورەکانی نێوان ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان بە گشتی و ئەو ناوچەیە بە تایبەتی کۆ کردووەتەوە و ئەگەری بەزاندنی سنوور لە ئارادایە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە لەو تۆپباران و هێرشانەدا زەرەروزیانێکی زۆری ماددی بەر جووتیاران و کوێستانچییەکان و دانیشتووانی ئەو ناوچانەش کەوتوە.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران وێڕای شەرمەزار کردنی هەرچەشنە سنووربەزاندن و هێرشێک بۆسەر حیزبەکانی کوردستان داوا لە ناوەندە سیاسییە بڕیاردەرەکانی نێودەوڵەتی و ناوەندەکانی داکۆکیکار لە مافی مرۆڤ دەکا لەبەرانبەر ئەو هێرشانەدا بێ‌هەڵوێست نەبن و بۆ پاشەکشە بەو هێرشانە دەنگ هەڵبڕن.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران هەروەها داوا لە بەرپرسانی دەوڵەتی عێراق و هەرێمی کوردستانیش دەکا کە لە بەرانبەر ئەو دەست درێژییانەدا بۆ سەر وڵاتەکەیان، نارەزایەتی دەرببڕن و لە کۆماری ئیسلامی‌یان بوێ کە ڕێز لە سەروەریی وڵاتەکەیان بگرێ.

هەموو ئەو هێرشانەی سپای پاسداران لە کاتێکدایە کە کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆی خۆیدا دەیان قەیرانی گەورە بەرۆکی گرتوە و لەبەر گەندەڵیی بەرفراوانی بەرپرسانی سیاسی و نیزامی و قەزایی ڕێژیم، توانایی ڕاپەڕاندنی ژیان و گوزەرانی ئاسایی خەڵکیان نییە و داهاتی ئەو وڵاتە خەرجی ئەو شێوە پەلامارە تیرۆریستییانە و یارمەتیی گرووپە تیرۆریستییەکانی دەستپەروەردەی ڕێژیم لە ناوچە دەکرێ و بەو هێرشانە هەوڵ دەدەن قەیران و کێشەکانیان بشارنەوە.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران وێڕای مەحکوومکردنی ئەو هێرشانە جارێکی دیکە ڕادەگەیەنێ کە باشترین و تەنیا ڕێگاچارە بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان ڕێگەچارەی سیاسییەوە و پەنا بردنە بەر هێرشی سەربازی تەنیا دۆخەکە ئاڵۆزتر دەکا و تێچوویەکی قورسی بۆ خەڵکی ئەو وڵاتانە بەدواوە دەبێ. هەروەها مێژوو سەلماندوویەتی ئەو جۆرە هێرش و پەلامارانە گەلی کورد لە تێکۆشان بۆ وەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانیان دڵسارد ناکاتەوە.

بە هیوای یەکگرتوویی زیاتری تێکۆشەران و خەباتکارانی گەلەکەمان.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**٢٨ی جۆزەردانی ١٣٩٩**

بەرلەماڵاوایی

# خەزانــە وەرزی خەندەکانی شەهید کەریم تۆژەڵــی


ئەحمەد ڕەحمانی

کاتژمێرەکەی ژوورەکەم چرک چرک لە خولانەوەی خۆی‌دایە، شەوێکی تاریک و ئەنگوستەچاوە، دنیا کش و ماتە، خەو لە چاوەکانم زڕاوە، شەپۆلەکانی خەیاڵ هەر جارە و بەرەو کەنارێ لە خیزەڵان و تاوێرە بەردە تیژەکان تورڕم دەدەن، ژوانی شەوانم نێو دێڕی کتێبەکان و شاکارە وێنەکانی ئاڵبۆمی پێشمەرگایەتیی نزیکەی چوار دەیە لە خەباتە. دێڕی کتێبەکان دەریای بیر و هزرم دەوڵەمەند دەکەن و نیگایەک لە وێنەکانی چوار دەیە ئیلهامی نووسینم پێ‌دەبەخشن.

شەوگار درێژە و درێژتر دەبێتەوە، ئێستا لەم شەوەزەنگەدا بەتەواوی هەست بە لێدانی ترپەی دڵی کاتژمێرەکەم دەکەم، چرک چرک ئارامیی گۆمی مەندی خەیاڵم دەپچڕێنن، ئەمرۆ پێش ئەوەی خۆر دوا ماڵئاوایی لە شەپۆلە ئارامەکانی دەریا بکا، کلیکێک لە سەر فەیسبووکەکەم ژوانی دیدەکانم بوو لەگەڵ شاکارە وێنەیەکی گەلێ جوان. ژوانی دوو نیگا بوو، یەکەمیان پێکەنینەکانی پێشمەرگە بوو کە ختۆکەی خستە دڵمەوە و، ژوانی دووهەمم ڕەوینەوەی پێکەنینی سەر سیما و ڕووخسارم بوو.

بە خیزماڵەکانی خەیاڵمدا داگەڕامەوە بۆ نێو مەتەرێزەکانی خەبات و تێکۆشانی داوێنی چیا، بۆ ئەوکاتانەی پێشمەرگەکان خۆیان گورج و گۆڵ دەکرد و پێکەنین سەرلێوەکانی بەر نەدەدان لە خۆشیی چوونەوەیان بۆ ناوچە .

هەڵزنان بوو بە سەر تاوێرە بەردەکانی شەخسی مالیمۆس، بەنێو دار تاوک و بەلاڵووکەکاندا هەڵگەڕان بەرەو گیارەنگ، پشوویەک لەبن گیا کەما و نیگایەک لە گەڵای ڕێواسە پیرەکانی کوێستان و خوڕە خوڕی ئاو هەڵدێرەکان و توانەوەی بەفری بەر بەرۆژەکان، ئاودیو بوون بوو لە زەرتک و هۆمل و بووڵفەت و دەرکەوتنی سەوزە بووکی ناوچەی ئالانی سەردەشت، هەنارە قەڵشیوەکانی بێتووش و گەرماوان و مەزناوێ و ئاشکان و قندۆڵ و گراوانی هەرزنێ.



بە خەندەکانی شەهید کەریم تۆژەڵی و کاک حەسەن قەلەڕەشی و پرخەی کاک لوقمان کەسرایی هەودای خەیاڵم پچڕا و تێر تێر لە نیگای سێ مێرخاسی مەتەرێزی سەخت و دژواری سەردەمی شاخ و پێشمەرگیەتیم ڕوانــی. لەگەڵ خەندەکاندا دڵم کەوتە جۆلانەی خۆشی و هێدی هێدی منیش لەگەڵیان پێدەکەنیم، بزەم دەهاتێ و دادەگەڕامەوە بۆ سەردەمی زێڕینی خەبات لە داوێنی چیا و هەڵەمووتەکانی نیشتیمان. پێکەنینەکانم لە بەرچنێک دەکردن و بەرەو غورڕبەت و ئاوابوونی خۆزگە و هیواکان دەگەڕامەوە.

سەرم لەنێو چۆکەکانم دەگرت و پێڵووی چاوەکانم بە دیار ماڵئاوایی پێکەنینەکان وەرزی خەزان و هاتنی پاییزە گوڵە فرمێسکەکانم بوو. ئەم هەورە ئاوسانەی فرمێسک چۆن دادەدەنە ڕێژنە و وەرزە پاییزی ئەسرین و خەمە .

ئەی کوا لە کوێن ئەو بەرچنە پێکەنینانەی لەگەڵ خۆم هێنانمەوە بۆ مەملەکەتە نامۆ و غەریبەکان؟ بۆچی دەبێ پێکەنینەکانیش لەم سەرما و سۆڵەدا گۆڕابن بە فرمێسک و ڕۆندک، بۆچی دەبێ وەرزی کاڵبوونەوەی پێکەنین و هاتنی وەرزی گریان و خەم بــێ. کاتێ سەیری کۆشی خۆمم کرد، پەنجەکانم دروێنەی فرمێسکە گەرمەکانیان دەکرد.

❊❊❊

ئەمەگ و وەفای کوڕە پێشمەرگەیەکی نێو شۆڕش بۆ هەمووی ئەوانەی کە هاوڕێبازی باوکی پێشمەرگەم بوون و بۆ ئەوانەش کە ئەگەر بۆ تەنیا ساتێکیش جلوبەرگی پیرۆزی پێشمەرگەیان پۆشــی.

# بژی دەنگی حیزبی قازی

## (پێشکەشە بە چلەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی ڕادیۆی دەنگی کوردستان)*


قادر وریا



که کوردستانی ڕاپەڕیو ،
چنگوڕکی شەڕ کەوتە گیانی ،
لە زەوی و لە ئاسمانەوە
هاتن بۆ گەمارۆدانی ،
لە خەباتمان یاخی دەبوون
لەشکری ڕەشی و نەزانی ،
یەکەم ئامانجی دوژمن بووین
بۆ قەلاچۆ ، بۆ وێرانی ،

خۆزیای ڕادیۆ ، خۆزیای گشت بوو
ئاواتی ورد و درشت بوو.
***

دەبوو دەنگی خەباتی کورد
لە کەوشەنی ماد تێپەڕێ ،
چیرۆکی خاپوور بوونەکەی
کوردستانمان بۆ دوور بەرێ ،
دەبوو بانگەوازێک بدا
بۆ پاراستنی سەنگەرێ
کە مەتەرێزی شەڕەفە و
سووک تێک ناشکێ لە هیچ شەڕێ.
لە کاتێکدا خۆری خەبات
دەبوو لە تەم بێتە دەرێ:

خۆزیای ڕادیۆ ، خۆزیای گشت بوو
ئاواتی ورد و درشت بوو...
***

٤٠ ساڵ لەمەوبەر لەمڕۆدا
لە کوردستانی بەشکۆدا
دەنگی کوردستانی ئێران ،
دەنگی ئازایان ، بوێران ،
دەنگی گەلێکی خەباتگێڕ ،
نرکەی پێشمەرگەی شۆڕشگێڕ ،
دەنگی ڕێبوارانی قازی ،
دەنگی شەرەف و شانازی ،
شەقەی باڵی هەڵۆی چیا ،
بوو بە ڕەمزێکی دڵنیا ،
بۆ سەربەرزیی کوردستانێک ،
بۆ خوێنمژان ، گۆڕستانێک!
***

دەنگی حیزبێکی شۆڕشگێڕ
بە خەبات و نەسرەوتن فێر ،
دەنگی پێشەنگی خەبات و
ڕێکخەری کرێکار ، جووتێر ،
دەنگی ڕۆشنبیری ئازای
ڕاهاتوو بە ڕژد و هەڵدێر ،
دەنگی ژنانی ڕاپەڕیو
زنجیرپسێن ، بوێر ، دلێر ،
دەنگی دەیان هێز پێشمەرگەی
گیانباز و نەترس و جوامێر ،

بوو بە تیشکی مانگی شەوی
لێڵتر لە گشت شەوی زەوی.
***

دەنگێک دەنگی چەوساوەکان ،
هاواری بەشخوراوەکان ،
گیانێکی تازەی نایە بەر ،
شێلگیرە تێکنەشکاوەکان ،
بوو بە ئێعجازی مەسیحای
هەژارە لێقەوماوەکان ،
بوو بە هاندەری میللەتێک ،
ورد و درشت و لاوەکان ،
ئەی ئاوێنەی تەواونوێنی
حەماسەکان! ڕووداوەکان!

بۆ حیزب و گەل جێی شانازی!
بژی دەنگی حیزبی قازی!
***

* (جۆزەردانی ١٣٦٥نووسراوە ، چەند ساڵێک دواتر کۆڕی هونەریی حیزب کردی بە سروود و لە ئەرشیڤی ڕادیۆ ئەو سرووده هەیە).